# ئاواته مەزنەکان

چارڵز دیکنز

# ئاواتە مەزنەکان

وەرگێڕانی

شەهرام فاتحی

٢٠١٤

**خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە**

# ● ئاواتە مەزنەکان

● **چارلز دیکنز**

● **وەرگێڕانی لە فارسییەوە: شەهرام فاتحی**

● **نەخشەسازیی ناوەوە: ڕێدار جەعفەر**

● **بەرگ: ڕێمان**

● **نرخ:** (٣٠٠٠) دینار

● **چاپی یەکەم:** ٢٠١٤

● **تیراژ:** ٥٠٠ دانە

● **چاپخانەی: موکریانی (هەولێر)**

● **لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانەکان ژمارەی سپاردنی (٢٩٦) ساڵی (٢٠١٤)ی پێ دراوە.**

MUKIRYANI

**زنجیرەی کتێب (٨٦٢)**

ESTABLISHMENT FOR RESEARCH & PUBLICATION

**هەموو مافێکی بۆ خانەی موکریانی پارێزراوە**

ماڵپەڕ: www.mukiryani.com

ئیمەیل: info@mukiryani.com

# ناوەڕۆك


دەستپێکی وەرگێڕ ........................ ٧
پێشنیاری دزی ........................ ١١
دزی لە ماڵی خانمی جۆ ........................ ١٤
دوو پیاو لەنێو زەلکاودا ........................ ١٧
بەڕێز پامبێڵ قەتران دەخواتەوە ........................ ٢١
وەدووکەوتنی تاوانبارەکان ........................ ٢٦
یاریکردن لە ماڵی خاتوو هاویشام ........................ ٣٢
بینینی خاتوو هاویشام و ناسینی ئێستێلا ........................ ٣٧
هەولم دا لە خەلکی ڕەشۆکی نەبم ........................ ٤٦
شەڕی دەستەویەخە لەگەڵ نەجیب زادەی ڕەنگپەڕیو ........................ ٤٩
جۆ لە ماڵی خاتوو هاویشام ........................ ٥٥
باوکە ئۆرلیك ........................ ٦٢
دەردی دڵ کردن لەلای بیدی ........................ ٦٧
ئاواتە گەورەکانی من ........................ ٧١
لەنێو لەندەن ........................ ٧٩
دیداری جۆ لە میوانخانەی بێرنارد ........................ ٨٩
ئێستێلا دڵی نییە ........................ ٩٣
دەردی دڵ کردن لە لای هێربێرت ........................ ١٠٠
هاوڕێیەتی ئێستێلا تا ڕیچمۆند ........................ ١٠٤
شپرزەیی ئیشەکان ........................ ١٠٨

گەورە بووم................................ ١١٣
جیاوازی بیرو بۆچوون لەنێوان خاتوو هاویشام و ئێستێلا................ ١١٦١
میوانە نەناسراوەکەی من ................................ ١٢٣
پراویس و کۆمپی سێن................................ ١٢٩
تۆڵەی خاتوو هاویشام................................ ١٣٦
جێبەجێ کردنی ئیشی پراویس................................ ١٤١
دایکی ئێستێلا................................ ١٤٥
بەدەستهێنانی زانیاری زیاتر سەبارەت بە پراویس................................ ١٥٠
فریوم خوارد................................ ١٥٣
پلانی ڕزگار کردن................................ ١٥٨
مردنی پراویس................................ ١٦٣
باشترین برادەر ................................ ١٦٦
بۆ ئێستێلا................................ ١٧٠

## (١)

### دەستپێکی وەرگێڕی فارسی:

چارلز دیکنز، نووسەری پایەبەرزی ئینگلیزی، لە ساڵی١٨١٢ز لە بنەماڵەیەکی هەژار هاتۆتە دنیا. چارلز دووەمین منداڵی بنەماڵەکەی بوو و حەوت برای دیکەشی هەبوو، باوکی جان دیکنز فەرمانبەری بەشی نووسینگەی هێزی دەریایی بەریتانیا بوو کە بەهۆی شکایەتی قەرزدارەکان کەوتە بەندیخانەوە.

چارلز بە هۆی هەژاری بنەماڵکەیەوە خوێندنێکی ڕێکوپێکی نەبوو. هەربۆیە ناچار بوو لەسەر دەمی منداڵیدا بۆ دابینکردنی بژێوی خۆی و بنەماڵەکەی لە کارگەیەکی بۆیاخی پێڵاو ئیش بکات.

بیرەوەریی سەردەمی پرکارەساتی منداڵی و بەتایبەت ئەو ڕۆژانەی کە لە ژووره شێدار و تاریکەکانی کارگەی بۆیاخ سازییەکە، بە دەستە ناسك و لەرزۆکەکانی قتووی بۆیاخی پڕ دەکردەوە و بەردەوام دەستەکانی دەسووتانەوە، هەروەها ئەو ڕۆژانەی کە بە سکی برسییەوە بە کۆڵانە پڕتەم و مژاوییەکانی شاری لەندەندا تێدەپەڕی و بە باشی تامی نەداری و هەژاری چێشتبوو، قەت لەبیری نەدەچۆوە، بەشێوەیەك دوای ئەوەی بوو بە نووسەر، لە زۆربەی بەرهەمەکانیدا بەزەییێکی زۆر سەبارەت بە منداڵە هەتیو و فەقیرەکان بەرچاو دەکەوێت و چارلز دیکنز لە شیکردنەوەی جیهانی منداڵان و حاڵەتی دەروونیی منداڵان

لێهاتوویییەکی تایبەتی هەیە. زۆرکەس بلیمەتیی دیکنز لە وەسف و وێناکردنی حاڵاتی دەروونیی منداڵاندا دەبینن.

یەکەمین ئیشی دیکنز کارکردن لە نووسینگەی پارێزەرێك بوو، بەڵام بەپێی ئەوەی کە تینووی سەرکەوتن و پێشکەوتن بوو و ئیرادەیەکی بەهێزیشی هەبوو ئەم ئیشە بەلایەوە بچووك بوو و پاش ماوەیەك مانەوە لە کتێبخانەکان و فێربوونی شێوازی کورتنووسینی ئینگلیزی، توانی وەك پەیامنێرێکی پارلەمانی ڕێگەی بکەوێتە جیهانی چاپەمەنییەوە.

لە ساڵی ١٨٣٢دا، لە تەمەنی ٢٠ ساڵیدا یەکەمین بەرهەمی خۆی لە گۆڤارێکی مانگانەدا بڵاو کردەوە.

زۆر زوو لە لایەن جەماوەرەوە سەرنجی پێ درا و، لە چەند ڕۆژنامەدا خەریکی بابەتنووسین بوو. لەم سەردەمەی ژیانیدا بوو، کە زنجیرە نووسراوەکانی خۆی، بە ناوی کاغەزەکانی پیکویك (Pikwick Papers)ی بڵاو کردەوە و هەر ئەم نامیلکانە، شانازی و خۆشەویستییەکی زۆری بۆ بە دیاری هێنا. دە ساڵ دواتر، لە لایەن خەڵکی ئەمریکاوە بانگهێشت کرا، دوای گەڕانەوەی بۆ بەریتانیا کتێبێکی بە ناوی نووسراوەکانی سەفەری ئەمریکا نووسی و بڵاوی کردەوە.

چارلز دیکنز، وێڕای ئەمریکا سەردانی وڵاتانی ئیتاڵیا و سویسراشی کرد، لە ساڵانی کۆتایی ژیانی خۆیدا سەردانێکی ئەمریکای کردەوە، کە لە لایەن ئەمەریکییەکانەوە پێشوازییەکی بێ وێنە و سەرسووڕهێنەری لێ کرا.

لە کۆتاییدا لە ٩ی ژوئەنی ١٨٧٠ ز-دا و دوای درەوشانەوەیەکی بێ وێنە کۆچی دوایی کرد. جەماوەری بەریتانیا بە داخ و کەسەرێکی زۆرەوە تەرمەکەیان لەژێر تاقی کلێسەی وێست مینیستێر (west minister) لەنێوان شێکسپیر و فیلانێك تەسلیم بە خاك کرد.

دیکنز، لە ژیانی خۆیدا بێ مرادی و تاڵییەکی زۆری چێشت و ئەگەرچی لە گەڵ هاوسەرەکەیدا چەندین منداڵیان هەبوو، بەڵام هیچ خۆشەویستیەك لەنێوانیاندا نەبوو.

دیکنز، لە ڕیزی نووسەرە چالاك و پڕکارەکانە و بەرهەمگەلێکی زۆر و پڕبایەخی بە یادگاری جێ هێشتووە.

ئۆلیڤێرتویست (١٨٣٨)، نیکۆلاز نیکێڵبی (١٨٣٨)، سروودەکانی جەژنی لەدایکبوون (١٨٤٣)،

دەیڤید کاپررفیلد کە گرینگترین و سەرنجڕاکێشترین بەرهەمیەتی (١٨٤٩)،

چیرۆکی دوو شار(١٨٥٩)، ئاواتە مەزنەکان (١٨٦٠) کە کورتکراوەکەی لێرەدا خراوەتە ڕوو، ئەمانە لە بەرهەمەکانی دیکنزن.

نووسراوەکان و کۆکراوەکانی دیکنز، هەریەکە و چەندین جار لە وڵاتە ئینگلیزی زمانەکاندا چاپ و بڵاو کراونەتەوە. دیکنز هاوڵاتییەکانی خۆش دەویستن و بەلایەوە بەرێز بوون و بەتەواوی پابەندی داب و نەریتە نەتەوەییەکانی وەڵاتەکەی بوو. قارەمانەکانی بەرهەمەکانی و بە زۆری لەنێو خەڵکی ئاساییدا هەڵدەبژارد، چونکە بۆخۆشی هەر لەنێو ئەو خەڵکەوە پێگەیشتبوو.

دیکنز، خولیای شتی ئاسایی و بێ قەدر و قیمەت بوو، هەروەها هۆگری خەڵکی بێ ناونیشان بوو، ئەم شت و کەسایەتییانە بە وردبینیەکی تایبەت بە خۆی کۆ دەکاتەوە و، تەپووتۆزیان لێ دەتەکێنێت و، بە جوانی دەیان ڕازێنێتەوە و دەیان خاتە نێو بەرهەمەکانییەوە و پێشکەش بە خوێنەرانی دەکات.

دیکنز، لە شیکردنەوە و وەسفکردنی هەموو شتێکدا وردبین و بەتوانایە و، وەها بە وردی لە ڕووداوەکان و بەسەرهاتەکان و دیمەنەکان دەدوێت کە دەبێتە هۆی سەرسووڕمان.

شێوەی دروستکردنی بینایەك و دانانی خشتەکانی و سەنگفەڕشی حەوشەکان و ئەو وردە ڕووەکانەی کە لەنێوانیان هاتۆتەدەر، وەها بۆ خوێنەرانی وەسف دە-کات، کە خوێنەر، بە خوێندنەوەی بەرهەمەکانی بەباشی کەسایەتی و ئەو دنیا دەروونییە مۆدێڕنەی کە تێیدا ژیاوە بۆی دەر دەکەوێت. بەرهەمەکانی وەك ئاوێنە بچووکترین جووڵانەوە پیشان دەدەنەوە.

شتێکی سەرەکی و گرینگ لە هەموو بەرهەمەکانی دیکنزدا، ئەوەیە کە خراپکاران بە سزای خۆیان دەگەن و چاکەکارانیش پاداشتی خۆیان وەردەگرنەوە. وێڕای ئەمانە کاریگەریی ئاکاری و چاکەسازیی بەرهەمەکانیشی جێگەی سەرنجن، بە شێوەیەك کە دوای بڵاوبوونەوەی بەرهەمەکانی، سەرنجی ڕای گشتی و، بەتایبەت دەوڵەمەندەکانی بەریتانیای بۆ لای منداڵە هەتیوو و، بێ سەرپەرشتەکان ڕاکێشا و کاری زۆریان بۆ کرا.

# (٢)

## پێشنیاری دزیکردن

ناوی من (فلیپ)ە و نازناوەکەشم (پریپ)ە. بەڵام لە سەردەمی منداڵیمدا لە سەرجەمی ئەم دوو ناوە تەنیا (پیپ)م بۆ دەهات. بەم شێوەیە، من ناوی پیپم لە سەرخۆم دانا و هەر بەم ناوەش بانگ دەکرام.

بەهۆی ئەوەی لە سەردەمی منداڵیمدا دایك و باوکم لەدەست دابوون، لەژێر سەرپەرشتیی خوشکە گەورەکەمدا، کە ناوی گارجێری بوو، گەورە بووم.

ئەو گوندەی کە ئێمە تێیدا دەژیاین، گوندێکی زەلکاوی بوو، کە لە پێنج فەرسەخیی دەریا هەڵکەوتبوو و ڕووبارێکیش بە پەنایدا تێدەپەڕی.

یەکەمین بیرۆکەی من دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆژێکی تەماوی و سارد.

ڕۆژ بەرەو ئاوابوون دەچوو، کە بۆ یەکەم جار، کلێسەم بینی و ناسیم، سەرنجم دا و زانیم کە ئەو شوێنەی وا لەسەر بڵێندایيەك هەڵکەوتووە و هەموو دەوروبەرەکەی بە ڕووەکی هەرز داپۆشراوە، گۆرستانەکەی بەر کلێسەیە، ئەو شوێنەی کە دایك و باوك و هەر پێنج براکانم لەوێ نێژراون.

لەپشت کلێسەکە، زەڵکاوێکی پانوبەرین هەڵکەوتبوو، کە دەگەیشتە ڕووبارە-کە و لە لای زەڵکاوەکە و دەریاوە ڕەشەبایەکی بەهێز ڕوو لە کلێسەکە هەڵی کردبوو، ئەو کوڕە بچکۆڵەی کە لەو ڕۆژە سارد و تەماوییەدا لە هەمووی ئەو شتانە ترسابوو و دەگریا، من بووم.

کاتی ئێوارە بوو، من لە گۆڕەپانی کلێسەکە، کە گۆرستانی گشتیش بوو، ڕا-وەستابووم. لەپڕ زەلامێك لەنێو گۆرستانەکە هاتەدەرەوە و بە دەنگێکی ترسناك گوتی: "بێدەنگ بە، هەی بەچکە شەیتان، هاوار نەکەی، ئەگینا سەرت دەبڕم."

پیاوە ترسناکەکە، جلوبەرگێکی خۆڵەمێشی لەبەردا و زنجیرێکیش بە قاچەکانیەوە بوو.

کڵاوی لەسەر نەبوو، پێڵاوەکانی دڕابوون، قوماشێکی کۆنیشی لەنێوچاوانی بەستبوو، لە کاتی ڕۆیشتندا کەمێك دەشەلی. لە کاتێکدا کە لە سەرمان هەڵدەلەرزی و جیڕەجیڕی ددانەکانی دەهات، دەستی بۆ ژێرچەناگەی من برد و چاوە ترسناکەکانی لە چاوم بڕی.

بە پاڕانەوەوە پێم گوت: "تکایە سەرم مەبڕە، توخوا سەرم مەبڕە."

پیاوەکە گوتی: زوو پێم بڵێ، ناوت چییە؟

-- ناوم، پیپە.

تێم ڕاما و گوتی: قسە بکە و ماڵەکەتم نیشان بدە.

ئاماژەم بەو گوندە کرد، کە تێدا دەژیاین و نیو فەرسەخ لە کلێسەکە دووربوو. دوای ئەوەی بەباشی هەڵی سەنگاندم هەردووك قاچەکانمی گرت و سەراوبن ڕایگرتم و گیرفانەکانمی خاڵی کرد. بێجگە لە تیکەنانێك هیچی تریان تێدا نەبوو. هەڵی گرتەوە و بە پەلە قووتی دا، لەپاشان لەکاتێکدا لێوەکانی دەلێستەوە، گوتی: ئەی بەچکەسەگ ئەو کولمانەت بوا قەڵەون، لەبیرمە منیش بە منداڵی گوپەکانم قەڵەو بوون، بەڵام بەگشتی لەڕ و لاواز بووم.

پرسیاری لێ کردم: دایك و باوکت لە کوێن؟"کاتێك لە وەڵامدا ئاماژەم بە گۆڕەکانیان کرد، پرسیاری کردەوە: کەواتە لەگەڵ کێ دەژیت؟"

وەڵامم دایەوە: "لەگەڵ خوشکم، کە خێزانی جۆگارجێری ئاسنگەرە". تا گوێی لە وشەی ئاسنگەر بوو، چاوێکی لە لاقەکانی خۆی کرد و پاشان ڕووی لە

من کرد، دەستی خستە سەرشانم و ئەمری پێ کردم، بەیانی زوو هەندێك خواردن و بڕمەندێکی بۆ بێنم بۆ بێتری، ئەگینا سکم هەڵدەدرێت، هێزی وەڵامدانەوەم نەبوو. ئەوجار گوتی: وامەزانە من لێرە تەنیام، زەلامێکی دیکەشم لەگەڵە کە لەمن خراپترە و گوێی لە قسەکانمانە. ئەم زەلامە لەگرتنی منداڵان و دەرهێنانی دڵ و جگەریان وەستایە و، ئەگەر منداڵێك بیهەوێت خۆی لێ حەشار بدات، ئەوا هەوڵدانەکەی بێ فایدە دەبێ.

خواحافیزیم لێ کرد و بەڵێنم پێ دا، برمەندەکە و هەر خواردنێك دەستم بکەوێت بۆی ببەم. ئەویش بە شەلەشەل بەرەو دیواری کلێسەکە وەرێ کەوت و دواتر ئاوڕێکی دایەوە، لێی ڕوانیم، منیش لە ترسان تا هیزم تێدا بوو، بەرەو ماڵەوە هەلاتم.

## (٣)

## دزی لەماڵی خانمی جۆ

خوشکم کە هاوسەری جۆ بوو، ٢٠ ساڵ لە من بە تەمەنتر بوو. باڵای بەرز، لاواز و ڕەنگ و ڕووشی زەرد هەڵگەڕاو بوو. لەنێو دەرودراوسێشدا، گوتبووی، ئەو منی گەورە کردووە.

ئەوکات لەبەر ئەوەی دەم دیت خوشکەکەم زۆر جار بۆ بچووکترین بیانوو، بە دەستە قورسەکانی بەسەری من و مێردەکەیدا دەدا، نە تەنیا خۆم، بەڵکو وام دەزانی مێردەکەشی هەر ئەو گەورەی کردووە!

جۆ، پیاوێکی قژکاڵ و چاوشین بوو، ڕووخۆش و دڵپاك و سادە و ساویلکە و، بە گشتی مرۆڤێکی باش بوو.

کاتێك بە هەڵاتن لە کلێسە گەڕامەوە، کارگە ئاسنگەرییەکەی جۆ، کە لە پەنای ماڵەکەمان بوو، داخرابوو و بۆخۆشی لە مەتبەخی ماڵەوە دانیشتبوو، من و جۆ هاودەرد بووین، هەر چاوی بە من کەوت، گوتی: "خوشکت بۆ دەیان جار بەدوای تۆدا هاتۆتە دەرەوە و دارێکیشی بەدەستەوە بوو." هاوکات جۆ، زانی کە خوشکم خەریکە دەگەڕێتەوە و پێی گوتم، زوو خۆم لە پشت دەرکەکە بشارمەوە، منیش بە زووترین کات ئەمرەکەیم بەجێ گەیاند. کاتێك خوشکم دەرکەکەی بە توندی کردەوە و هەر کە هەستی بە بوونی شتێك لە پشت دەرکەکە کرد، زانی

منم، فرێی دام بۆ لای جۆ، جۆ، کە لایەنی من بوو، نەیهێشت بکەومە سەرعەرز و خستمیە پشت کوورەکەوە و لاقی کردە بەربەست.

خوشکم لە کاتێکدا پێی لە عەرز دەکوتا، دەیگوت:" زووبە هەی مەیموون، پێم بڵێ لە کوێ بووی، بۆ منت نیگەران کرد؟ پێم بڵێ، ئەگینا ئەگەر خۆت ببی بە پەنجا کەس و گارجێریش ببێت بە پێنجسەد کەس، دیسان هەر لەو گۆشە دەرت دەکێشم". منیش لەگەڵ ئەوەی دەگریام، بە هەردوو دەستم چاوەکانم هەڵدەگلۆفی و گوتم:"لە قەبرستانەکەی پەنا کلێسە بووم."

خوشکم وتەکەی منی دووپات کردەوە و گوتی:" گۆرستانی کلێسە؟ ئەگەر من نەدەبووم، تۆ دەمێك بوو، بۆ هەمیشە لە وێ دەبووی."

دواتر، خوشکم دەستی کرد بە ئامادەکردنی چا، پاشان کەرەی لە تیکە نانێکی ئەستوور هەڵسوو و کردی بە دوولەت و لەتێکی دا بە من و لەتێکیش بە جۆ.

لەگەڵ ئەوەی زۆرم برسی بوو، نەم دەوێرا بە تەواوی نانەکەم بخۆم، ئاخر لانیکەم دەبوو شتێك بۆ ناسیاوە ترسناکەکەم و برادەرەکەی هەڵبگرم. لەیەك چرکەدا کە جۆ و خوشکم هۆشیان لەسەر من نەبوو، نان و کەرەکەم شاردەوە، جۆ سەری سوورمابوو کە چۆن وا بەخێرایی نان و کەرەکەم ون بوو، لای وا بوو بە یەکجاری قووتم داوە. خوشکیشم هەر وای دەزانی، هەربۆیە زۆری لێ دەکردم لەو دەرمانە بێ تام و ناخۆشەی کە ناوی قەتران بوو تۆزێك بخۆمەوە، دواجاریش دەرخواردی دام.

ئەو ترسەی لە بیرکردنەوە لە دزی لە ماڵی خوشکم هەم بوو و لەگەڵ ئەو هەوڵەی کە دەبووایە بۆ شاردنەوەی نان و کەرەکە بم دابایە، مێشکمی تێکدا بوو. بەخۆشییەوە توانیم بە هێواشی خۆم لەو ژوورە دەرباز بکەم و نانەکە لە ژووری نووستنەکەم بشارمەوە.

لەناکاو تەقەی تفەنگێك هات و پرسیارم لە جۆ کرد: ئەوە دەنگی چی بوو؟ گوتی: "لەوانەیە دیسان تاوانبارێك لەنێو کەشتییەکە ڕای کردبێت. یەکێکی دیکەش، دوێنێ شەو هەڵاتبوو، ئێستاش ڕاسپێردراوەکان بۆ ڕاگەیاندنی ئەو هەواڵە تەقە دەکەن." ئەوەندە درێژەم بە پرسیارەکانی خۆم سەبارەت بە تاوانبارانی بەندیخانەی کەشتیی زیندانییەکان دا تا خوشکم تەحەموولی تەواو بوو، گوتی: "ئەوانەی دەچنە نێو بەندیخانەوە یان پیاویان کووشتووە یان دزییان کردووە یان سنووری خویان بەزاندووە"، هەروەها لە درێژەدا گوتی:" هەموو تاوانبارێکیش سەرەتا لە قسەی زۆر و پرسیاری زۆرەوە دەستی پێکردووە."

ئەو شەوە کاتێك لەتاریکیدا لە قاڵدرمەکانەوە سەردەکەوتم تا بچمە ژوورەکەی خۆم بەردەوام وتەکانی خوشکم بیر دەکەوتنەوە و ترسێکی زۆریش کەوتبووە نێو دڵمەوە. لە لای خۆم دەم گوت، کەواتە من دەکەومە بەندیخانەوە لە بەر ئەوەی من زۆر پرسیار دەکەم هەروەها دەشمهەوێت لە ماڵی خوشکم دزی بکەم.

شەوێکی دژوارم لەگەڵ خەونگەلێکی ترسناك بە ڕۆژ گەیاند. کاتێك ڕووناکی ڕۆژ دەرکەوت بە هێواشی سەرێکم لە مەتبەخی ماڵەوە هەڵێنا کە بە هۆی هاتنی جەژنی کریسمس بە جوانی ڕازابۆوە و پڕ لە خواردنی جۆراوجۆر بوو.

تۆزێك نان، لەتکێك پەنیر، پلە گۆشتێکی قیمەکراو و نیوبتڵ شەراب لە جیاتی ئەو شەرابەی هەڵمگرتبوو، ستڵەکەم لە کووزەیەکی دیکە کە لە خوارەوەی مەتبەخەکە بوو پر کردەوە، کە دەمزانی بەم زووانە ناخورێت و سەرنجی کەس بۆ لای خۆی ڕاناکێشێت، ئێسکێك کە کەمێك گوشتی پێوە مابوو و شیرنەمەنییەکم هەڵگرت، لەنێو شتومەکەکانی کارگەی ئاسنگەری جۆیش برِمەندێکم هەڵگرت و بەرەو زەڵکاوەکە کە بە هۆی مژەوە لە چاوان ون ببوو، بە هەڕاکردن وەڕێ کەوتم.

## (٤)

### دوو پیاو لەنێو زەڵکاوەکەدا

بەیانییێکی تەماوی و سارد بوو و زەوییە زەڵکاوییەکە ئەوەندە تەم و مژ دایگرتبوو کە وام هەست دەکرد هەموو شتێك بۆ لای من دێت. بەرەو ڕووبارەکە دەرۆیشتم، بەڵام هەرچەند خێراتر دەڕۆیشتم لاقەکانم گەرم نەدەبوونەوە، بێترینم پێدەزانی بەڵام بەهۆی تەمومژی زۆرەوە لەناکاو تێکەیشتم لە شەقامی سەرەکی لام داوە و ناچارم بەرەو قەراغی چۆمەکە بگەڕێمەوە. هەر کە لە چۆمی ڕووبەرووم تێپەڕیم، زەلامێکم دیت کە پشت لەمن لەسەر ڕێگەکە دانیشتبوو دەستەکانی بەسینگیەوە چەسپاندبوو و لە کاتی وەنەوزداندا جارجارە بە بێ ئیرادە بەرەو پێشەوە دەچەمایەوە، لای خۆم بیرم کردەوە ئەگەر لەناکاو بە خواردنی بەیانییەوە بچمە سەر سەری زۆر خۆشحاڵ دەبێت. کەوابوو بەهێواشی دەستم خستە سەرشانی، ئەویش بەخێرایی هەڵستایە سەرپێ. بەڵام... بەڵام ئەوە ئەو پیاوە نەبوو کە دوێنێ من دیتبووم. جل و بەرگەکەی وەك ئەوی تر زل و ڕەنگی خۆڵەمێشی بوو و وەك ئەویش زنجیرێکی ئاسنی بە لاقەکانییەوە بوو وهەر وەکوو ئەو دەلەرزی و تۆزێکیش دەشەلی. بە گشتی بێجگە لە دەمووچاوی هەموو نیشانەکانی لە پیاوەکەی دوێنێ دەچوو. جنوێکی پێدام و کۆڵەمستێکی داوە-شاندە من کە زۆر بەختەوەر بووم بەرم نەکەوت. لە پاشان بە خێرایی هەڵات و لەنێو تەمومژەکەدا بزر بوو. لای خۆم گوتم لەوانەیە ئەوە پیاوە خراپەکە بێت. لە

ترسان دڵم داکەوت گەر بمزانیبا جگەرم کەوتۆتە کوێی لەشمەوە بێ گومان هەستم بە ئازار دەکرد.

وەڕێ کەوتم و دوای چەندخولەك گەیشتمە تێبری کە، پیاوەکەی دوێنی لەوێ چاوەڕێی دەکردم. وا دەهاتە بەر چاو کە خەریکە لە سەرمان ڕەق هەڵبێ و نیشانەکانی برسیەتی بە چاوەکانییەوە دیار بوون. هێشتا بەستەکەم لە سەر زەوی دانەنابوو و گیرفانەکانم بەتاڵ نەکردبوو کە نەناسیاوەکە بە پەلەپڕووزەیەکی درندانەوە ملی دایە بەر خواردنیان، تەنیا چرکەیێك ڕاوەستا ئەویش بۆ ئەوەی قوومێك شەراب بخواتەوە، کاتێك خەریکی خواردنی قیمەگۆشتەکە و نان و پەنیر و شیرینییەکە بوو، جارجار بە گومانەوە سەیرێکی دەوروبەری دەکرد.

لەناکاو گوتی: هەی شەیتان ناکا بتهەوێ فریوم بدەی؟ خۆ کەست لەگەڵ خۆت نەهێناوە؟

ـــــ نا کاکە، نا

ـــــ بە کەسیشت نەگوتوە بە دوات دا بێت.

ـــــ نەخەیر

زۆر باشە کورە بچکۆلانەکە. من سیقەم پێت هەیە. ئەگەر بتهەوێت لەو تەمەنەدا مرۆڤێکی چارەڕەشی وەك من گرفتار بکەیت ئەوە لە سەگیش کەمتری.

کاتێك پیاوەکە بە بێ ڕاوەستان خەریکی خواردن بوو پێم گوت بەو جۆرەی کە ئەو خەریکی خواردنی خواردنەکانە هیچ بۆ برادەرەکەی نامێنێتەوە. ئەویش بەشێوەیەکی گاڵتەجاڕی وەڵامی دامەوە: "کە برادەرە لاوەکەی پێویستی بە خواردن نییە."

پێمگووت کە پیاو لاوەکە هەمان ڕووخساری هەبوو کە بیرم لێ دەکردەوە و گوتم چەندخولەك لەمەوبەر ئەوم بینی. جل وبەرگی وەك تۆی لەبەر دابوو و وەك تۆش زنجیرێك بە قاچەکانیەوە بوو و دواتر بە پەنجەی دەستم ئاماژەم بەو شوێنە

کرد کە پیاوە لاوەکەم لەویٚ بینیبوو. بە شەوقێکەوە پرسیاری لێکردم:"کە ئایا لەسەر کوولّمی چەپی شوێنی برینێکی پێوە دیار نەبوو ؟ کاتێك وەلاّمەکەم بەلْیٚ بوو، لیّی ویستم تا شوێنەکەی نیشان بدەم. ئەوجار برِمەندەکەی لیٚ وەرگرتم و لە سەر فریزووەکان دانیشت و بە خێرایەکی شێتانە خەریکی برِینەوەی زنجیرەکە بوو. لە ترسی ئەوەی کە ون بوونەکەم لەماڵەوە زۆری خایەندبو خۆم دزیەوە و بە هێواشی بەرەو ماڵەوە وەرِیٚ کەوتم.

## (٥)

### بەرێز پامبێڵ چووك قەتران دەخواتەوە

کاتێك گەیشتمە ماڵەوە چاوەڕوانی ئەوەم دەکرد پۆلیس قۆڵبەستم کات بەڵام نەتەنیا پۆلیس لەوێ نەبوو تەنانەت کەسیش لە دزییەکانم ئاگادار نەببو.

خوشکم بەتەواوی سەرقاڵی ئامادەکردنی ماڵەوە بۆ جەژنی سەری ساڵ و پێشوازی لە میوانەکان بوو. ئەو ڕۆژە بریار بوو خواردنێکی باش و تێر و تەسەلمان هەبێت کە بریتی بوو لە گۆشتی ڕانی حەیوان، سەوزە، دوومریشکی سورۆکراو، کێکێکی زۆر خۆش بەگۆشتەوە کە بەیانی ڕۆژی پێشتر دروستیان کردبوو لە گەڵ پودینگك کە لە سەرئاگرەکە دەکولاَ. خوشکم وێرای ئەوەی پەردەی نوێی بە پەنجەرەکانەوە هەڵدواسی، خەریکی پاك کردنەوە و ڕێکوپێك کردنی هەمووشتێك بوو. خوشکم کابانێکی ماڵدار و و ڕێکوپێك بوو بەڵام ئەوەندە پاك و خاوێنی بەلایەوە گرینگ بوو کە هەمووکەسی لە خۆی بێزاردەکرد !

ئەورۆژە بەڕێز وێپسێڵ، فەرمانبەری کلێسە، هابێڵی عەرەبانەساز و ژنەکەی، مامە پامبێڵ میوانی ئێمە بوون. مامە پامبێڵ لە یەکێك لە شارە نزیکەکاندا خەریکی بازرگانی بوو و پارەیەکی زۆری سەر یەك خستبوو. لەگەڵ ئەوشدا بۆ خۆی عارەبانەکەی لێ دەخوڕی. ئەو مامی جۆ بو و بۆیە خوشکم پێی دەگوت مامە گیان.

کاتی نان خواردن کاتژمێر یەکی نیوەرۆ دیاری کرابوو، کاتێك من وجۆ لە کلێسە گەڕاینەوە، مێزی خواردن بە جوانی ڕازابۆوە. خانمی جۆ جلوبەرگی لە بەر کردبوو ئامادەی خزمەت کردنی میوانەکان بوو، درکەی چوونەدەرەوەشی بۆ میوانەکان ئاوەڵە کردبوو، هەموو شتێك بە باشی دەهاتە بەرچاو و هێشتا باسی هیچ دزیەك نەهاتبووە ئاراوە. وردە وردە کاتی هاتنی میوانەکان گەیشت و من ڕێگەیەکی دەربازبوونم بۆ خۆم پیێ شك نەدەهات.

مامەپامبێڵ چووك زەلامێکی تەمەن مام نێونجی و هێور بوو و دەمی لە دەمی ماسی دەچوو و چاوەکانیشی ڕەش و بێحاڵەت بوون و قژەکانی ڕاست بە سەریەوە ڕاوەستا بوون، تا هاتە ژوورەوە ڕووی کردە خوشکم و گوتی:" خانمی گارجێری بە بۆنەی هاتنی سەری ساڵ بتلێك شەرابی سپی و بتلێکی ڕەشم بۆ هێناوی."

هەمووساڵێك لە ڕۆژی کریسمەسدا مامەپامبێڵ چووك بەم شێوە دوو بتڵ شەراب بەدەستەوە دەهاتە ماڵی ئێمە و خوشکیشم بەم وشانە وەڵامی دەدایەوە: "ئۆۆۆ.. مامەپامبێڵ چووك، بۆ عەزیەتت کێشاوە."

مامە پامبێڵ هەر ساڵە لەوەڵامدا دەیگووت: "شایانی نییە، ئێستا کە ئێوە باشن ئەحواڵی شەش پێنس و نیوی چۆنە؟"

مەبەستی لە شەش پێنس و نیوی من بووم. بەم شێوە چێشتەکەمان خوارد و بۆ خواردنی میوە و دیسێر چووینە ژووری میوانەکان. ئەگەر بەسەرهاتی دزیکردنی ئەورۆژەش نەبایە، من دیسانیش نەمدەتوانی لەنێو ئەو کۆڕەدا هەست بە خۆشی بکەم. لە بەر ئەوەش نەبوو کە ڕاست لە گۆشەی قەدافیەکە دایاننابووم و مێزەکە سینگی ئازار دەدام و دەستی مامە پامبێڵیش بەردەوام وە چاوم دەکەوت، لە بەر ئەوەش نەبوو کە لەو کۆڕەدا ڕێگەی قسەکردنیشیان پیێ نەدەدام(بۆ خۆشم مەیلێکم بۆ قسە کردن هەست پێنەدەکرد) ، تەنانەت لە بەر

ئەوەش نەبوو کە بەشی من لە خواردنەکە تەنیا ئێسکی مریشکەکان و خراپترین تیکە لە گۆشتی حەیوانەکە بوو، نا ئەوانە بەلامەوە گرینگ نەبوون، تەنها دەمویست بە تەنیا بم. بەڵام بە داخەوە ئەوان وایاندەزانی ئەگەر لەکاتی قسەکردندا ئیشیان بەمن نەبێت و ئامۆژگاریم نەکەن ئەوە دەرفەتێکیان لە کیس چووە...

ئاخرییەکەی کاتی خواردنی نانی شەو گەیشت و بۆ خواردن هەمووومان لە دەوری سفرە کۆ بووینەوە. بەرێز وێپسێل دوعایەکی خوێندەوە کە بە ڕستەی "شوکرانە بژێرێن" کۆتایی دەهات. کاتێك گەیشتینە ئەو ڕستەیە خوشکم چاوێکی بڕیە من و گوتی:" شوکرانە بژێر بە دەزانی،" مامەپامبێڵ لە دریژەی قسەکانی خوشکمدا گوتی: شوکرانە بژێر بە، بەتایبەت بۆ ئەو کەسانەی تۆیان بە دەستی خۆیان پەروەردە و گەورە کردووە. کاتێك میوان دەهاتن بۆماڵەوە، جێگەو پێگەی جۆ دادەبەزی ئەگەر بکرێ جێگە و پێگەیەکی بۆ لە بەر چاو بگرین، وێڕای ئەوش جۆ بەردەوام هەوڵی دەدا بەهەر شێوەیەك دڵخۆشی من بداتەوە. دڵخۆشیدانەوەکەشی بەم شێوە بوو کەئەگەر بتوانێ تۆزێك شلەی زیاترم بۆ تیکات. ئەو ڕۆژەش شلە زۆر بوو کەوچکێکی بۆ ڕۆکردم.

مامە پامبێڵ بۆ هاودەردیکردن لەگەڵ خوشکم گوتی:" ئەرێ بەڕاست دیارە ئەم کوڕە عەزیەتێکی زۆری داوی، خوشکم لەوەڵام دا گوتی:" عەزیەت، عەزیەت" ...ئینجا دەستی پێ کرد بە گێڕانەوەی هەموو ئەو نەخۆشیانەی تووشی بووم(ئەو منی بە بەرپرسی هەموویان دەزانی)، ئەو گوناحانەی بە زراندنی خەوی، کردوومن، ئەو بەرزاییانەی لێیان کەوتوومە خوارەوە و ئەو چاڵانەی کە تێیان کەوتووم و ئەو جارانەی کە ئاواتی خواستبوو من بمرم و بە گیان سەختی لەمردن خۆم بوارد بوو...

لە پاشان فەرمووی مامە پامبێڵی کرد تۆزێك شەراب بخواتەوە.

ـــــ ئەی خوایە، ئاخرییەکەی کاتە ترسناکەکە گەیشت، بێگومان دەزانێ شەرابەکە زۆرتری ئاوە و پێیان دەڵێ و ئەو کاتەیە ژیانم پێ تاڵ کەن.

خوشکم چوو دەفری شەرابەکە بێنێ و زۆری پێنەچوو هێنای و تۆزێکی بۆ مامە پامبێڵ تێ کرد. خۆشبەختانە کەسی تر نەیویست، ئەو پیاوە بێچارە پێکەکەی بەرز کردەوە و سەیرێکی کرد و داینایەوە. دەتگوت دەی هەوێ ئازاری من زیاتر بکات. لە هەموو ئەو کاتەدا جۆ و خوشکیشم سرقاڵی پاك کردنەوە و ڕێکوپێك کردنی سفرەکە بوون تا کێك و محەلەبی بێنن.

هێزی ئەوەم نەبوو چاوم لە سەر مامە پامبێڵ هەڵگرم، سات بە سات بە دەستم کورسیەکەم توندتر دەگرت، ئاخری دیتم کە ئەو بوونەوەرە بەدبەختە پێکەکەی بەرز کردەوە و بە بزەوە ڕاست هەڵی دا، تۆزێکی پێنەچوو کە ترسێك هەموومانی داگرت، لەبەر ئەوەی مامە پامبێڵ لەناکاو هەڵستایەوە و دەستی کرد بە کۆخین بەرەو دەرکەکە هەڕای کرد لە ژوورەکە دەرچووە دەرەوە. لە ساتێك ڕوخساری بە هۆی توندی کۆخینەکەوە حاڵەتێکی تۆقێنەری پەیدا کردبوو، لە پشت پەنجەرەکەوە دیار کەوت کە بە دەمووچاوی خۆی وەك ئەوەی شێت بووبێت شکڵی جۆراوجۆری دەردەهێنا، ڕابەڕا دەستم توندتر بە پایەکانی مێزەکەوە دەگرت، خوشکم و جۆ بەهەڵاتن خۆیان گەیاندە سەرسەری. هەرچەند نەمدەزانی چۆنم وا کردووە، بەڵام دڵنیا بووم کە کوشتوومە. کاتێك هاتە ژوورەوە نەفەسێکی ڕاحەتم کێشا. چاوێکی لەمیوانەکانی تر کە بە گومانەوە لێیان دەروانی کرد و لە کاتێکدا لە سەر کورسییەکە دەخزا بە هێواشی گوتی: قەتران.

ئەوجار زانیم کە کاتێك شەرابم دزیوە لەجیاتی ئاو، قەترانم تێ کردۆتەوە و دەشم زانی کە چرکە بە چرکە حاڵی خراپتر دەبێت.

خوشکم بە سەرسووڕمانەوە هاواری کرد:

قەتران! چۆن شتی وا دەبێت، قەتران لەنێو دەفری شەرابدا چی دەکات !

مامە پامبیڵ تکای کرد تۆزێك ئاوی گەرم و ئاو میوەی بۆ بێنن.

خوشکم کە زۆر ترسابوو و لە بیر کردنەوە ڕۆ چوو بوو خێرا بۆ دابینکردنی ئاوی گەرم و پێستی لیمۆترش و شەکر وەخۆ کەوت و تێکەڵی کردن و بەمەش، بۆ ماوەییێك ڕزگارم بوو.

لەم کاتەدا خوشکم ڕووی کردە میوانەکان و بەگەرمی پێی گوتن: ئێستا لەو شەرابە خۆشە کە مامە پامبیڵ بۆی هیناوین بخۆنەوە. دوای ئەوەش گوتی: "نۆبەی کێکێکی زۆر بەتامە کە بەگۆشت دروست کراوە. میوانەکان خۆیان ئامادەکرد بۆ خواردنی کێك و فەرمووی یەکتریان دەکرد خوشکم چوو کێکەکە بهێنێت ئاگام لە دەنگی هەنگاوەکانی لە دالآنەکە و دواتر لە چێشتخانەکە بوو و مامە پامبیڵیش چەقۆکەی دەرهێنا بۆ برینی کێکەکە، منیش هەستم کرد کە هێزی دانیشتنم تێدا نەماوە و دەبێ دەرباز بم و گیانم ڕزگارکەم، هەربۆیە هەڵاتم بۆ دەرەوە. هێشتا نەگەیشتبوومە بەر درکەی دەرەوە کە چەندسەربازێکم بینی کە بەرەو ڕووم دەهاتن، یەکێك لەوان کەلەبچەیەکی بەدەستەوە بوو و ئاماژەی بە لای من کرد و گوتی: "ئەوەتا ئێرەیە بچنە ژوورەوە."

# (٦)

## بەدواداچوونی تاوانبارەکان

میوانەکان لەگەڵ دیتنی سەربازەکان بە سەرلێشێواوی لە جێگەکەی خۆیان هەڵستان . خوشکم کە لەبەر خۆیەوە دەی گوت: ئەی خوایە کێکەکە چی لێهاتووە؟ بۆدیار نییە؟بە دەستی بەتاڵ گەڕایەوە ژوورەکە.
بەرپرسی سەربازەکان ڕووی کردە ئامادەبووان و گوتی: "بەڕێزان داوای لێ بووردنتان لێ دەکەم. بە ناوی پادشا بەشوێن تاوانبارێکدا دەگەڕێن و ئیستاش پێویستیمان بە ئاسنگەرێك هەیە ."
لەپاشان بۆی ڕوون کردینەوە کە قفڵی یەکێك لە کەلەبچەکان خراپ بووە و لەبەر ئەوەی ئیشی بە پەلەیان هەیە داوای لە ئاسنگەر کرد سەیرێکیان بکات.
جۆ گوتی: چاککردنەوەی کەلەبچەکان دووکاتژمێر دەخایەنێت، ئەویش داوای لێکرد:"زوو دەست بەکار بێت و لەپاشان ئەمری بە سەربازەکان کرد ئەگەر پێویست بوو یارمەتی بدەن.
سەرەتا لەترسان ڕۆحم چووبوو، بەڵام کاتێك زانیم کەلەبچەکان بۆ قۆڵبەستکردنی من نین و لە لایەکی تریشەوە هاتنی لە ناکاوی سەربازەکان بۆ ماوەیەك مەسەلەی کێکەکەی لەبیر خوشکم بردەوە تۆزێك ئەهوەن بوومەوە. بەڕێز وێپسێڵ بۆ ئەوەی قسەیەکی کردبێت گوتی: "ئایا ئێوە بە شوێن تاوانبارێکدا دەگەڕێن؟" ئەفسەرەکە گوتی: "بەڵێ بە شوێن دوو تاوانباردا

دەگەڕێین و بە باشیش دەزانین کە لە دەوروبەری ئەو زەلکاوەدا خۆیان حەشار داوە و تا دنیا تاریك نەبێت هیچ هەولێك بۆ دوورکەوتنەوە نادەن.

لەپاشان ڕووی کردە جەماعەت و پرسی:" ئێوە کەستان لەم نزیکانە نەبینیوە؟"

بێجگە لەمن، هەموویان بەو پەڕی دڵنیاییەوە وەڵامی ڕەتیان دایەوە. خۆشبەختانە کەس بە بیری دانەهات لەمن پرسیار بکات. جۆ چاکەتەکەی دانا و پێشبەندە(بەرهەڵبێنە)کەی بەست و ڕۆیشت بۆ کارگەکە.

یەکێك لە سەربازەکان ئاگری کردەوە و ئەوی تریش باوەشێنی دەکرد و ئێمەش هەموومان لە دەوری ئاگرەکە کە بە زوویی بڵێسەدار بوو کۆ بووینەوە، جۆش سەرقاڵی ئیش کردن بوو.

دواجار ئیشی جۆ تەواو بوو و کۆتەکەی لەبەر کردەوە و پرسی:" دەکرێ یەکێك لە ئێمە دوانە بۆ بینینی ئاکامی کارەکە لە گەڵتان بێت ؟

بەڕێز ویپسێڵ گوتی: ئەگەر جۆ بێت منیش دێم، خوشکیشم لەبەر ئەوەی پێی خۆش بوو بزانێت ئاکامی ئەم مەسەلەیە چی لێ دێت ئیزنی من و جۆی دا لە گەڵیان بڕۆین.

کەسی دیکە لە دانیشتووانی گوندەکە لە گەڵمان نەهات لەبەر ئەوەی هەو ا-ساردو بوو و کرێوەی دەکرد ڕێگە ناخۆش بوو شەویش نزییك بوو. دیارە هەر کەسێك دانیشتن و مانەوەی ماڵەوە لە تەنیشت ئاگر لە چوونە دەر لە ماڵەوە بە باشتر دەزانی.

گۆرستانەکەمان جێ هێشتوو بەرەو زەلکاوەکە وەڕێ کەوتین، باران بە لێزمە دەباری و دەیدا لە دەمو چاومان. جۆ منی لە کۆڵ کردبوو و سەربازەکان بەرەو بێتری دەڕۆیشتن و ئێمەش بە دوایانەوە بووین. لەپڕ هەموو لە جێگەی خۆمان وەستاین لە بەر ئەوەی لەنێو با و بۆران هاوارێکمان گوی ٘لێ بوو. جارێکی دیکەش

هاوارەکە دووپات بۆوە، دەت گوت چەند هاواری لێك هالاّو بە گوێ دەگەیشت. کاتێك لە دەنگەکە نزیك بووینەوە یەکێك هاواری دەکرد "پیاو کووژ" ئەوی دیکە هاواری دەکرد"تاوانباری هەلاّتوو"! ئەگەر بۆ قۆڵبەست کردنی هەلاّتووێك هاتوون وەرنە ئێرە، لە پاشان دەنگەکان تێکەڵ بوون و بوو بە شەڕی دوو کەس، سەربازەکان بە بیستنی ئەم دەنگانە وەك ئاسکەکێوی کەوتنە هەڕا کردن و جۆیش بەدوایاندا هەلاّت. ئەفسەرەکەش لەگەڵ ئەوەی هەوڵی دەدا لە سەراوژێریەك برواتە خوارەوە هاواری دەکرد: "هەردووکیان لێرەن دەورەیان بگرن!"

هەر قوڕ بوو بۆ ئاسمان دەڕۆیشت و جنێویان بە یەکتر دەدا و یەکتریان بە کۆڵەمست و پیلاقە داگرتبوو. لەم کاتەدا چەند سەرباز بۆ یارمەتی دانی ئەفسە-رەکە هاتن و بەزووترین کات دوو تاوان بارەکە کە یەکێکیان ناسیاوەکەی من بوو، لەنێو ئاوەکە دەرهێنا، هەر دووکیان خوێناوی بوو، هێشتا دەستیان لە یەکتری هەڵنەدەگرت، من لە یەکەم چرکەساتدا هەردووکیانم ناسیەوە.

تاوانبارە ناسیاوەکەی من لە کاتێکدا بەکراسەکەی ئەو خوێنانەی دەم وچاوی پیس کردبوو، پاکی دەکردەوە و ئەو تاڵە قژانەی هەڵیکەندبوون و لەنێو ناخونیدا مابوونەوە، دەریدەکێشا، گوتی: "سەرنج بدەن من ئەوەم گرتووە، من ئەوم تەسلیمی ئێوە کردووە".

ئەفسەرەکە وەلاّمی دایەوە: "تۆ بۆ خۆشت ڕات کردووە و ئەوەش گرینگ نییە و هیچ یارمەتییێکت نادات، کەلەبچەکان بێنن."

تاوانبارەکەی دیکەش کە هەموو ئەندامانی لەشی بریندار و خوێناوی بوو، چەندوشەیەکی گوت: "خۆ چاوتان لێ بوو، ئەو پیاوە دەی هەویست من بکووژێت."

ناسیاوەکەی من بە گاڵتە پێکردنەوە گوتی: "من ویستوومە تۆ بکووژم؟" هەوڵێشم داوە و بەلاّم نەم کوشتووی؟

"نا وانییە، من ئەوم گرتووە و تەسلیمی ئێوەم کردووە، ئیتر تەواو. من تەنیا ڕێگای هەڵاتنی ئەوم گرتووە و بە ڕەکێش ڕەکێش هێناومە بۆ ئێرە. ئەم شەڕاشۆیە ئاغایە و بەیارمەتی منیش بەندیخانە بە زووترین کات ئاغاکەی خۆی وەر دەگرێتەوە. کەواتە من بۆچی بیکووژم، خۆ ئەو شایانی کوشتن نییە، بەتایبەت کە ئێستائەوم گەڕاندۆتەوە بەندیخانە و ئەوەش بۆ ئەو لە کوشتن ناخۆشترە."

"تاوانبارەکەی دیکەش بەردەوام بۆڵەبۆڵی بوو: ئەو دەیهەویست من بکووژێت، شایەت بن، شایەتی بدەن."

تاوانبارە ناسیاوەکەی من ڕووی کردە ئەفسەرەکە و گوتی:"چاو لێبکە من تەنیا و بە بێ یارمەتی

هیچ کەسێك هەوڵمدا لە کەشتییەکە هەڵێم و سەرکەوتووش بووم، چاو لە لاقەکانم بکە زنجیریشیان پێوە نییە و ئەگەر من لە بەر گرتنی ئەو نەبایە تائێستا خۆم دەرباز کردبوو، بەڵام چۆن دەهێڵم ئەو دەربازببێت؟

چۆن دەهێڵم ئەو هەڵێت و لەو شتانەی من ئامادەم کردوون کەڵك وەربگرێت؟

بهێڵم جارێکی دیکە کڵاوم لە سەر کات ؟

نا، نا ، نا ئەگەر لەم زەڵکاوە دا بشمردمایە، وەهام دەگرت کە ئێوە بە دڵنیاییەوە ئەوەتان لە چەنگی مندا دەستبەسەر دەکرد".

ئەفسەرەکە گوتی: "باشە ئەو قسانە تەواوکەن، چلۆسکەکان (مەشخەڵەکان) داگیرسێنن.


تاوانبارە ناسیاوەکەی من بۆ یەکەم جار چاوێکی بە دەوروبەری خۆی دا خشاند و چاوی بە من کەوت. من تازە لە کۆڵی جۆ دابەزیبووم و لە سەرجێگەی خۆم ڕاوەستابووم. کاتێك چاوی بە من کەوت بە خۆشحاڵییەوە وەڵامم دایەوە و بە هێواشی دەستێکم بۆ جووڵاندەوە و ئەویش سەری جووڵاندەوە.

ماوەیەك بوو چاوەڕێ بووم چاوم لێ بکات تا تێی گەیێنم کە لە قۆڵبەست کردنی دا بێ تاوانم. کاتی ڕۆیشتن چاوێکی لێ کردم کە لە مانایەکەی تێ نەگەیشتم، چاولێکردنەکەی تەنیا چرکەیەکی خایاند.

دوای داگیرساندنی مەشخەڵەکان ئەفسەرەکە ئەمری ڕۆیشتنی دا. یەك کاتژمێر ڕێگەمان کوتا تا گەیشتینە کۆخێك کە لە سەر لێواری ڕووبارەکە لە تەنیشت لەنگەرگایەك هەڵکەوتبوو. نیگابانێك لە کۆخەکە دا بوو و چەند پرسیارێکی لە سەربازەکان پرسی و لەنێو دەفتەرێکدا نووسینی، ئینجا تاوان بارە دووهەمیەکەیان دایە دەست سەربازەکان تا بیبەن بۆ نێو کەشتییەکە.

لەناکاو ئەو تاوانبارەی ناسیاوی من بوو ڕووی کردە ئەفسەرەکە و لەنێو واقوڕمانی هەمووان دانی بەوە دانا لە ماڵی ئاسنگەر هەندیك نان و شەراب و کێکی دزیوە.

بەلەمەکە لە گەڵ نیگابانەکەی بۆ بردنی تاوانبارەکەی دیکە گەڕایەوە ئەومان تا قەراخی ئاوەکە بەڕێ کرد و بینیمان سواری بەلەمیان کرد کە ژمارەیەك زیندانی وەك ئەو سەوڵیان لێدەدا. دەنگێکی ناخۆش کە لە دەنگی سەگ دەچوو ئەمری پێکردن: "وەڕێ کەون." لەنێو ڕۆشنایی مەشخەڵەکان دا کەشتی زیندانییەکان کە لە کەشتی نووح دەچوو دبیندرا کە تۆزێك لەولاوەتر لەنگەری گرتووە.



# (٧)

## یاریکردن لەماڵی خاتوو هاویشام

بریار بوو کاتێك من گەورە بووم، ببم بە شاگردی جۆ. بەڵام پێش ئەوەی ئەم کارەم پێ بسپێردرێ هەم بەردەستی جۆ بووم هەم بۆ خەڵکی تریش کارم دەکرد، بۆ وێنە ئەگەر یەکێك لە جیرانەکان پێویستی بە کەسێك ببا کە باڵندەکان لە حەسارەکەی هە ڵفڕێنێ یان وردە بەردەکان کۆ بکاتەوە یان کارگەلێکی هاوشێوە، ئەوا ڕوویان لە من دەخست.

لەم دەورانەدا من دەچوومە قوتابخانەیەکی شەوانە کە لەلایەن مامی گەورەی بەڕێز وێپسێڵ بەڕێوە دەچوو. ئەو شێوەیەکی تایبەتی لە وانە گوتن دا هەبوو. هەموو ڕۆژێك کاتژمێر ٦بۆ٧ی ئێوارە دەخەوت. کاری بە سەر قوتابییەکانەوە نەبوو مامە وێپسێڵ وێڕای وانەگوتنەوە، دووکانێکیشی لەنێو ژووری وانە گوتنەوەدا دانابوو بەڵام بۆخۆشی نەی دەزانی چ دەفرۆشێت و نرخەکانیان چەندن. تەنیا دەفتەرێکی چەوری پیسی هەبوو کە کچێکی خزمیان بە ناوی بیدی لە ڕووی ئەوەوە حسێب و کتێبی دووکانەکەی تێدا دەنووسی.

بیدیش وەك من منداڵێکی هەتیوو بوو کە لەژێر سەرپەرشتی و چاودێری خەڵکی دیکەدا گەورە و پەروەردە ببوو. شایانی باسە کە بەشی بیدی لە فێرکردنی ئەلف وبێ بە من، لەمامە وێپسێڵ زۆرتر بوو. دواجار بە هەر زەحمەتێك بوو تا ڕادەیەك فێری خوێندن و نووسین بووم.

جۆ لە کاتی منداڵیدا نەچووبووە قوتابخانە. ڕۆژێکیان کە پێکەوە لە پەنا ئاگرەکەدا دانیشتبووین چەند دێڕێکم لە پارچە کاغەزێکدا بۆ نووسی و دامە دەستی. جۆ تەنیا توانی ناوی خۆی بخوێنێتەوە بەڵام کاتێك نووسراوەکەی منی دیت لای وابوو من بیرمەندێکم ئەوندەی بەلاوە گرینگ بوو و ستایشی هەوڵەکانم بۆ خوێندنی کرد. لە پاشان هێندێك لە مێژووی ژیانی خۆی بۆگێڕامەوە گوتی کە باوکی بەردەوام سەرخۆش بووە کە جارجاریش لە دایکی داوە. دایك و کوڕ زۆرجار لەماڵەوە ڕایان کردووە و بۆخۆیان بۆ وەدەست هێنانی بژێوی ژیان ئیشیان کردووە ، بەڵام دوای ماوەیەك باوکی بەدوایاندا چووە و گەڕاندوونیەتەوە بۆماڵە-وە، بەم شێوەجۆ بە هۆی مەشروب خواردنەوە و تەنبەڵی باوکی ناچار بووە لە جیاتی دەرس خوێندن شان بداتە ئاسنگەری و خەرجی باوکی تاکاتی مردن بدات.

دوای مردنی باوکی دایکیشی بە مەودایەکی زەمەنی کەم کۆچی دوایی دەکات، دوای ماوەیەك جۆ لەگەڵ خوشکم ئاشنا دەبێت و خوازبێنی لێ دەکات و خوشکم داوای لێ دەکات کە منیش لەگەڵ خۆی بهێنێت .

جۆ درێژەی پێدا چاوت لێیە پیپ، بەم شێوە تۆ هاتی بۆ لای ئێمە و گەورە بووی و منیش زۆر خۆشحاڵم کە خوێندنم فێردەکەی.

بەڵام ئەوە بزانە کە نابێت خوشکت لە خوێندنی من ئاگاداربێت و دەبێ خویندنی منی لێ وەشاری لەبەر ئەوەی ئەو حەزناکا لە ماڵەوە قوتابی لێ بێت، بەتایبەت ئەگەر ئەو قوتابییە من بم لەبەر ئەوەی دەترسێت ڕۆژێك لێی ڕاپەرم، بەڵام بە گشتی خوشکت بیری بە هێزی هەیە لە کاتێکدا من وەها بیرێکم نییە.

پیپ، من لە ژیانی خۆمدا بەردەوام دایکە بێچارەکەم لەبیرە، لەبەر ئەوەی قەت ڕووی خۆشی و ئاشتی نەدیت، ئەو ژنێکی دڵشکاو و زەحمەتکێش بوو. لە بەر ئەوە بەردەوام هەوڵم داوە ناخۆشیەکان بە شان وکۆڵی خۆم هەڵگرم بەڵام کارێك نەکەم بە نیسبەت ژنەکەم نادادپەروەرانە بێت. ئاواتی من ئەوە بوو

بەردەوام کەسە ناڕەحەت و بێبەشەکە، من بم. بەڵام تۆ کە گەنجی لەم ناڕەحەتیانەت نەبێت. بەڵێ پیپ ئەمەیە بارودۆخی من و هیوادارم ئەگەر قسوورێکم هەیە لێم ببوری. گەنج بووم بەڕاستی لەو شەوەوە هەستێکی باش لە گەڵ ڕێزێکی زۆر لەنێو دڵمدا سەبارەت بە جۆ دروست بوو و ئافەرینم پێ گوت.

***

خوشکم نێوەبەنێوە بۆ یارمەتیدانی بەڕێز پامبێڵ، کە دەیویست لە زەوقی ژنێك بۆ کڕینی شتومەکی ژنانەی دووکانەکەی کەڵك وەر بگرێت دەچوو بۆ شار.

ئەو ڕۆژە یەکێك لە ڕۆژەکانی بازاری گشتی بوو، خوشکم کە بۆ کڕین چووبووە دەرەوە، تازە گەرابووەوە، بە قەیافەیەکی تووڕە و تەوسن لەکاتێکدا چاکەتەکەی لە سەر شانی دانابوو، گوتی: "ئەگەر ئەم کوڕە ئەم شەو ئەمەکناس نەبێت، قەت بەئەمەك نابێت."

پێم وایە لەو کاتەدا هەرکەس لەجیاتی من بووایە، تا نەیزانیبایە بۆچی دەبێ ئەمەکناس بێت، سوپاسی لێ نەدەکرد!

لە پاشان خوشکم درێژەی بەقسەکانی دا و گوتی: بەڵام خوا بکا ئەم کوڕەم لێ خراپ نەبێ، تەنیا لەوە نیگەرانم.

بەڕێز پامبێڵ چووك گوتی:" ئەو خاتوونە نایهەوێت کوڕەکەت لێ خراپ بکات، ئەوخۆی دەزانێ چی دەکات.

من بە سەرسووڕمانەوە لە کاتێکدا سەیری جۆم دەکرد بە سەر و چاوەکانم ئاماژەم پێ دا و گوتم:"ئەم خاتوونە؟"

جۆیش، بە سەرسووڕمان و جووڵانەوەی چاو و برۆی پرسیارەکەی منی دووپات کردەوە.

خوشکم بە تووڕەییەوە گوتی: دەڵێی چی جۆ! بۆچی واق و وڕ ماوی؟ خۆ ماڵەکە ئاگری تێ بەرنەبووە؟

جۆ، بەوپەڕی ڕێز و ئەدەبەوە گوتی، پیم وایە باسی خاتوونێکتان کرد.

خوشکم گوتی: "بەڵێ خاتوون، مەگەر تۆ خانمی هاویشام بە پیاو بزانی، کە ئەوەش لە تۆ بەدوور نییە.

جۆ گوتی: "باشە مەبەستتان لە خانمی هاویشام، ئەو خاتوونە نییە کە لەشار دەژیێ؟!"

خوشکم گوتی: "ئەی خۆ لێرە خانمی هاویشامی لێ نییە؟"

ئەو خاتوونە دەیهەوێت پیپ بۆ یاریکردن بچێتە ماڵەکەی، هەڵبەت دەچێت، لەبەر ئەوەی یاریکردن لەنێو ئەو ماڵە بۆ پیپ باشترە، لەکاتیکدا سەری بە نیشانەی بێ هیوایی دەجووڵاندەوە گوتی:"ئەگینا بۆخۆم بە زۆر دەینێرم بۆ ئیشکردن."

من پێشتر سەبارەت بە خاتوو هاویشام کە لە شار دەژیا، هەندێك شتم بیستبوو. هەروەها بیستبووشم، ژنێکی دەوڵەمەند و تووڕە و تەوسنە و لە ماڵێکی گەورە و سیحراوی خۆی لە پەڕاوێزدا دەژیێ.

جۆ بە سەرسووڕمانەوە گوتی: "باشە، من نازانم ئەم خاتوونە لە کوێوە پیپ دەناسێت؟"

خوشکم دەنگی هەڵێنا و گوتی:"هەی گێلە پیاو، کێ دەڵێ، پیپ دەناسێت؟"

جۆ دیسان بە ئەدەبەوە گوتی: "پێم وایە یەکێك گوتی، ئەو دەیهەوێت پیپ بڕوات و لە ماڵەکەی یاری بکات."

ـــ ئەها، ناکرێ ئەم خاتوونە لە بەڕێز پامبێڵی ویستبێت تا کوڕێکی بۆ وەدۆزێت بۆ ئەم مەبەستە؟ ناشێ بەڕێز پامبێڵ، کە بەردەوام لەیادی ئێمەدایە، ناوی ئەم کوڕەی وا لە هەموو ژیانمدا گرفتاری بووم، لەلای هێنابێت.

بەڕێز پامبێڵ چووك، بە خۆشحاڵییەوە گوتی:"زۆر باشە، بۆت ڕوون کردنەوە، لەوە باشتر نابێت. جۆ، ئێستا زانیت مەسەلەکە چۆنە؟"

نا جۆزێف، تۆ هێشتا نەت زانیوە مەسەلەکە چییە، چونکە تۆ نازانی مامە پامبێل چووك، چۆن بیر دەکاتەوە ئەگەر ئەم کوڕە بچێتە ماڵی میس هاویشام، ئەوا بەختی دەکرێتەوە، دەیهەوێ هەر ئەم شەو بە عارەبانەکەی خۆی بیبات بۆ شار و، کە ڕۆژ بۆوە، بە خاتوو هاویشامی بناسێنێت.

لەدوای ئەوە خوشکم بە خێرایی سەرمی گرت و، لەژێر بەرلۆحەکە سەری بۆ شوردم و وا بەخێرایی و بەهێز بە خاولییکە بۆی وشك کردمەوە، کە دوای وشکبوونەوە، ماوەیەك هۆشم لە خۆم نەمابوو. پاشان قاتێکی نوێی لە بەرکردم و، دایانمە دەست بەڕێز پامبێڵ و، ئەویش ئەم دێڕە هەمیشەییەی خۆی پێ گوتمەوە: "کوڕە، بەردەوام سپاسگوزاری ئەوکەسانە بە، کە تۆیان گەورە کردووە" باشە.

ـــــ خوات لەگەڵ جۆ.

ـــــ خوات لەگەڵ پیپ، خوا پشت و پەنات بێ.

من، تا ئەو ڕۆژە لە پیپ جیا نەببوومەوە، کاتێك سواری عارەبانەکە بووم، ئەوەندە خەمبار بووم، کە بۆ چەند خولەك هیچ شوێنێکم نەدەدی.

بۆخۆشم نەم دەزانی، ئەم حاڵەتە لەبەر جیابوونەوە لە جۆ ڕووی داوە، یان لەبەر کەفی سابوونەکە.

دوای ماوەیەك ڕێگەبڕین ئەستێرەکان یەك لەدوای یەك دەرکەوتن، بەبێ ئەوەی ڕووناکایی ئەوانیش بتوانێ وەڵامی ئە م پرسیارەم بداتەوە:

"کەوا لەبەر چی و، بۆ چ یارییەك دەچمە ماڵی خاتوو هاویشام؟"

# (٨)

## بینینی خانمی هاویشام و ناسینی ئێستێلا

کاتژمێر هەشتی سەرلەبەیانی لە دووکانەکەی بەڕێز پامبێڵ نانی بەیانیمان خوارد. کاتژمێر ١٠ بەرەو ماڵی خاتوو هاویشام وەڕێ کەوتین و دوای چارەگێك گەیشتیینە ئەوێ.

ماڵەکەی بە خشتی ڕەشی قەدیمی دروست کرابوو، هەرچواردەوروبەریشی بە میلەی ئاسن گیرا بوو، کە دیمەنێکی خەماوی هەبوو، بەردەمی هێندێ لە پەنجەرەکان دیوار کرابوو، ئەوانەی دیکەش بە میلی ئاسن، وەك بەندیخانە پێشەکەیان گیرابوو. لەپێش ماڵەکە حەوشەیەکی لێبوو، بە ئاسن پەرژین کرابوو، بۆیە ناچار بووین چاوەڕی بین، تا یەکێك بێت و دەرکە بکاتەوە، لەگەڵ ئەوەی چاوەڕێ بووین، من چاوێکم بەدەوروبەردا خشاند و، بۆم دەرکەوت کارخانەیەکی بیرەسازیی گەورە لە تەنیشت ماڵەکەوە بوو. لەو کاتەدا، یەکێك لە پەنجەرەکان کرایەوە و دەنگێکی ناسك پرسی:"کێیە؟"

وەڵامی دایەوە:"منم پامبێڵ چووك". دەنگەکە دووبارە گوتی:"زۆرباشە". پەنجەرەکە داخرایەوە و دوای ماوەیەکی کەم کچێکی گەنج کە چەند کلیلێکی بە دەستەوە بوو بەرەو پیلمانەوە هات.

پامبێڵ چووك، ئاماژەیەکی بە من کرد و گوتی، ئەمە پیپە.

کچە لاوەکە، جوان و لووت بەرز دەهاتە بەرچاو، گوتی: "پیپ وەرە ژوورەوە."

من چوومە ژوورەوە، بەڵام ڕێگای بەڕێز پامبێڵی نەدا، دەرکەکەی داخست و پێی گوت:"تۆش دەت هەوێت خاتوو هاویشام ببینی؟"

ـــــ ئەگەر خۆی بیهەوێت.

ـــــ بەڵام ئەو نایهەوێت.

کچەکە وا بە پێداگرییەوە وەڵامی دایەوە، جێگەی بۆ هیچ قسەیەکی پامبێل چووك نەهێشتەوە، بەڵام نیگایەکی وا توندی لە من کرد، هەر دەتگوت خەتایەکم کردووە!

پاشان پامبێڵ چووك، لەژێر لێویەوە گوتی:"کوڕە، هەوڵ بدە کردەوەی تۆ ببێتە هۆی سەربڵێندیی ئەو کەسانەی تۆیان گەورە کردووە، ئینجا دوور کەوتەوە.

کچە جوانەکە دەرکەکەی داخستەوە، بەنێو حەوشەکەدا تێپەڕین، حەوشەکە خاوین بوو، بە بەرد فەرش کرابوو و، لەنێوان درزی بەردەکانەوە گیا و ڕووەکی خۆڕسك سەریان دەرهێنابوو.

بینای بیرەسازییەکە چۆڵ بوو، کاتێك کچەکە هەستی پێ کرد هۆشم لەسەر ئەوێیە گوتی: "تۆ دەتوانی بەبێ ئەوەی هیچ زیانێکی بۆت هەبێت، تێر بە دڵت لە بیرەکانی ئەم کارخانەیە بخۆیتەوە.

بە شەرمەوە گوتم:"بەڵێ خانم، لەوانەیە بتوانم".

ـــــ بەڵام، هەر ئەوە باشترە، کە ئیتر لەم کارخانەیەدا بیرە دروست ناکرێ، ئەگینا هەمووی دەترشا، وانییە؟

ـــــ لەوە دەچێ وابێت، خاتوون.

ـــــ کەسیش بەتەما نییە وەگەڕی بخاتەوە، چونکە ئەم کارخانەیە لەکار کەوتووە و، ئەم بینایە تا ئەو ڕۆژەی کە دەڕووخێت و لەنێو دەچێت، هەروا بە

چۆڵی دەمێنێتەوە، ئێستا خەڵك ئەوەندەیان بیرە لەنێو زەڵکاوەکاندا داناوە، "ماڵی ئاغا"نوقم دەکات.

ـــــ بۆ ناوی ئەم ماڵە، عەمارەتی ئاغایە.

ـــــ یەکێك لە ناوەکانیەتی.

ـــــ بۆ ئەم ماڵە چەند ناوی هەیە؟

ـــــ ناوێکی دیەکەشی هەیە، ئەویش "ستیس"ە، کە دەبێ ناوێکی یۆنانی یان لاتینی بێت، بە مانای"بەس".

ـــــ ماڵی بەس ! ناوێکی سەیرە.

ـــــ بەڵێ بەڵام ئەم وشەیە مانایەکی بەربڵاوی هەیە، مەبەستی خاوەنەکانی پێشووی ئەم ماڵە، هەرکەسێك بووبن، ئەوە بووە کە خاوەنی ئەم ماڵە ئیتر پێویستی بە هیچی دیکە نییە و، من وای بۆ دەچم کە خاوەنەکانی ئەم خانووە لەو سەردەمە لە ژیانیاندا بە تەواوی ڕازی بوون و هیچ کەم و کووڕییەکیان نەبووە. دەی ، با بڕۆین.

سەرەڕای ئەوەی ئەو کچە بەردەوام بە منی دەگوت، "کوڕەکە"، بە لام شایانی باسە کە خۆشی هاوتەمەنی من بوو. کچێکی جوان بوو کە هەڵسوکەوتەکەی نیشاندەری خۆبەزلزانیی ئەو بوو، هەروەها واشی بەرامبەر بە من هەڵسوکەوت دەکرد، دەتگوت شاژنێکە تەمەنی لە ٢١ ساڵ زیاترە.

لە دەرکەی دواوەی بینایەکە چووینە ژوورەوە، دالانەکە بە تەواوی تاریك بوو، تەنیا مۆمێك لە گۆشەیەك داگیرسا بوو، کچەکە مۆمەکەی هەڵگرت بە دالانەکەدا تێپەرین و بەقالدرمەکاندا سەر کەوتین، لە پێش دەرکەیەك ڕاوەستاین، پێی گوتم:

"بچۆ ژوورەوە." خۆشی لە کاتێکدا مومەکەی دەبرد دوور کەوتەوە. زۆر عاجز بووم و تۆزێکیش دەترسام. بەدەست لە دەرکەکەم دا. دەنگێك لە ژوورەوەڕا

گوتی:"وەرە ژوورەوە."چوومە ژوورەوە و خۆم لەنێو هۆدەیەکی گەورە و ڕازاوەدا دیتەوە، کە بە کۆمەڵە مۆمێك ڕووناك ببوو. بێجگە لە ڕووناکی مۆمەکان هیچ ڕووناکییەکی دیکە نەدەهاتە ژوورەوە. لە پەنا مێزێکی توالێتی جوان، خاتوونێك کە من هیچکات لە ژیانمدا نەم دیتبوو، لەسەر کورسییەکی دەسکدار دانیشتبوو، سەری خستبووە سەر دەستەکانی، جلوبەرگێکی سپی لەبەردا بوو، دیار بوو لە قوماشی باش و گران دروست کرابوون. تۆڕێکی سپی و تاجەگوڵینەیەکش بە سەرییەوە بوو، بەڵام پرچەکانی سپی ببوون، چەند تیکە زێر و زیوی درەوشاوە بە سەر و سینگییەوە هەڵواسرابوو، چەند تیکەش لەسەر مێزەکە دەبیندران.

دیار بوو هیشتا بە تەواوی جلەکانی لەبەر نەکردبوو، چونکە تەنیا تایەك پێڵاوی لە پێدا بوو، تایەکەی دیکەی لەسەر مێزەکە بوو، کاتژمێر و زنجیرەکەشی، هێشتا نەی بەستبوون. هەموو شتەکانی دەوروبەری کە دەم دیتن ڕۆژگارێك سپی بوون، بەڵام بە تێپەربوونی زەمان ڕەنگیان بەرەو زەردی ڕۆیشتبوو. بووکەکەش لەنێو جلوبەرگی خۆیدا وەك شتەکانی دەوروبەری چرچ و ژاکاو ببوو، هیچ شتێکی درەوشاوە، بێجگە لە چاوەکانی، بەدی نەدەکرا و، وەك پەیکەرێك، بێ ڕۆح بوو.

چاوێکی لێ کردم، ئەگەر بم توانیبا، دەم قیژاند، پرسی:"تۆ کێیت؟"

ــــ ناوم "پیپ"ە خانمەکەم.

ــــ پیپ؟

ــــ من ئەو کوڕەم کە بەڕێز پامبێڵ چووك، ناردوومی بۆ ئێرە بۆ یاری هاتووم.

ــــ وەرە پێشەوە با بت بینم.

لەکاتێکدا هەوڵم دەدا، چاوم بە چاوەکانی نەکەوێت چوومە پێشەوە، لەو کاتەدا چاوێکم خشاند بە شتەکانی دەوروبەریدا و، لێم ڕوون بۆوە، کاتژمێری سەر مێزەکە و کاتژمێری دیوارەکەش لە سەر ٨:٤٥ وەستاون.

خاتوو هاویشام گوتی:"چاوم لێ بکە، لە ژنێك کە لەوەتای تۆ لە دایك بوویت، تا ئێستا تیشکی خۆری نەدیتووە، ناترسی؟"
وەڵامم دایەوە:"نا"، بەڵام درۆم دەکرد.
ئینجا دەستەکانی خستە سەر سینگی و گوتی:"دەزانی من دەستم لەسەر کوێ داناوە".
ـــ بەڵێ خانم.
ـــ "لەسەر کوێ؟"
ـــ "لە سەر دڵت".
ـــ بەڵێ لەسەر دڵە شکاوەکەم!
ئەم دێڕەی وەها بە هێواشی و لەسەرخۆیی و پتەوی گوت و، وەها نیگایەکی شەوقاوی و زەردەخەنەیەکی لە کاتی گوتنی ئەم دێڕەدا هەبوو، کە دەتگوت فەخر و شانازی بە گوتەکەی خۆی دەکات. ئینجا گوتی: "من ماندووم و شتێکم دەوێت کە بم خافڵێنێت (سەرگەرمم بکات.)
من، خۆم لە خەڵك بەدوور دەکەم، بەڵام هەست دەکەم ئەگەر دانیشم و یاریکردنی ئەم و ئەو چاو لێ بکەم چێژ وەردەگرم، پاشان بە پەنجە لەرزۆکەکانی ئاماژەی بە سووچێك کرد و گوتی:
"هۆڵەوێ یاری بکە".
هەر لەوێ ڕاوەستام و وەهام چاو لە خاتوو هاویشام بڕیبوو، پێی وابوو بەربە-رەکانێی لەگەڵ دەکەم.
خاتوو هاویشام گوتی:
"لەوە دەچێ کوڕێکی لاسار و سەرسەری بیت؟"
ـــ نا خانمەکەم، من بۆ تۆ داخدارم. بەڵام بەداخەوە ئێستا ناتوانم یاری بکەم. دەشزانم ئەگەر لای خوشکم شکایەتم لێ بکەی، گرفتم بۆ ساز دەبێت، کەواتە،

لەبەر ئەویش بووایە، ئەگەر بم توانیبا یاریم دەکرد، بەڵام ئەم ماڵە ئەوەندە بەلامەوە نویٚ و غەریب و خەیاڵاوییە کە...

خاتوو هاویشام ماوەیەك بیری کردەوە و ئینجا لە ژێر لێوییەوە گوتی: "ئەوەندەی بۆ ئەو نوێیە، ئەوەندەش بۆ من کۆنە، ئەوەندەی بۆ ئەو غەریبە، ئەوەندەش بۆ من ئاشنایە و .... ئەوەندەش خەیاڵاوییە بۆ هەردووکمان !"

ئینجا ئەمری پیٚ کردم ئێستێلا بانگ بکەم. فەرمانەکەم بەجیٚ گەیاند. کاتێك ئێستێلا هات، خاتوو هاویشام ئاماژەی پیٚ کرد، بچێتە لای. ئەم جار خشڵێکی هەڵگرت و لەسەر سینگی ئێستێلا و دواتر لەسەر قژە جوانە قاوەییەکانی تاقی کردەوە و گوتی: "خۆشەویستەکەم، ڕۆژێك لە ڕۆژان تۆ دەبییە خاوەنی ئەمانە و دەتوانی بە ئارەزووی خۆت بەکاریان بێنی. ئێستاش لەگەڵ ئەو کوڕە یاریی پەڕێن (پاستۆر) بکەن، با من سەیرتان بکەم."

پێشەکی بە سەرسووڕمانەوە گوتی: "لەگەڵ ئەم کوڕە؟ ئاخر ئەو کوڕە کریکارە و لە چینی ئێمە نییە."

خاتوو هاویشام بە دەنگێکی کز شتێکی بە ئێستێلا گوت، بەحاڵ و دووبەڵا گوێم لێبوو، لە وەڵامی ئێستێلادا گوتی: "زۆر باشە، لانیکەم دەتوانی دڵی بشکێنی...!" ئاخرییەکەی بە ئەمری خاتوو هاویشام دانیشتین و سەرقاڵی یاریکردن بووین. کاتێك ئێستێلا پەڕەکانی بەش دەکردن، جارێکی دیکە سەرنجم دایە مێزی توالێتەکە، ئەو تاکە پێڵاوەی خانمی هاویشام، کە قەت لە پیٚ نەکرابوو، لەسەر مێزەکە بوو. سەرەتا ڕەنگەکەی سپی بووە، بەڵام بە تێپەڕبوونی ڕۆژگار بەرەو زەردی ڕۆیشتبوو، چاوم لە خوارەوە کرد، بۆ ئەوەی لاقی خاوەنی ئەم تاکە پێڵاوە ببینم، ئەو گۆرەویە ئاوریشمییەی کە داپۆشیبوو زەرد و کون کون ببوو.

پێش ئەوەی یەکەم دەستی یارییەکە کۆتایی بێت، ئێستێلا بە شێوەیەك، کە بۆنی سووکایەتی لێ دەهات، گوتی:

"ئەم کوڕە بە جەنگاوەر دەڵێت جەك! سەیری دەستەکانی بکە چەند درشتن، پێڵاوەکانیشی قەپە و ناشیرینن!"

تا ئەو ڕۆژە، قەت بیرم لەوە نەکردبووەوە، شەرم لە دەستەکانم بکەم، کەچی لەوێ زانیم دەستەکانم چەندە زلە و زبرن. ئەو کچە هێندە بە سووکایەتییەوە قسەی کرد، ژان بە بەندی دڵم گەیشت.

یەکەم دەستی یارییەکەی بردەوە، جاری دووەم، من پەڕەکانم دابەش دەکردن، شتێکی سروشتی بوو، کە ناشارەزایانە پەڕەکانم پێ دەدا، هەروەها دەشم زانی، ئێستێلا لە خودای دەوێ هەڵەیەکم بکەم و، وەبەر قسەی ناخۆشەکانیم بدا و، بە وشەگەلی وەك، کەر، گێل، کرێکار... ناوم بێنێت. خاتوو هاویشام دانیشتبوو، سەیری دەکردین. ڕووی کردە من و، گوتی: "دەتۆش شتێك بڵێ! ئەو، ئەو هەموو قسە ناخۆشانەی پێ گوتی، ئەی تۆ بۆچی هیچی پێ ناڵێی؟ سەبارەت بەو چۆن بیر دەکەیتەوە؟"

لە کاتێکدا زمانم تەتەڵەی دەکرد، گوتم:"من حەز ناکەم هیچی پێ بڵێم."

خاتوو هاویشام، سەری هێنایە خوارەوە و بە هێواشی گوتی:"بە سرتە پێم بڵێ."

منیش بە هێواشی وەڵامم دایەوە:"لەوە دەچێت زۆر خۆبەزلزان بێت."

ـــــ ئیتر چی؟

ـــــ وا بزانم ڕەوشت و ئاکارێکی سووکی هەیە.

ـــــ چی دیکەش؟

ـــــ پێم خۆشە بگەڕێمەوە بۆ ماڵی خۆمان.

ـــــ هیچ کاتێکیش نەیبینیەوە؟ با زۆریش جوان بێت؟

ـــــ دڵنیا نیم، کە دڵم بیهەوێ قەت نەی بینمەوە، بەڵام جارێ حەز دەکەم بڕۆمەوە بۆ ماڵەوە.

ـــــ زۆر باشە، بە زووترین کات دەڕۆیتە ماڵەوە، بەڵام جارێ یارییەکە تەواو بکە.

یارییەکەم لەگەڵ ئێستێلا تەواو کرد، دووبارە من دۆڕاندم. کاتێك ئێستێلا هەموو پەڕەکانی پاستۆڕەکەی هەڵگرتن، فڕێی دانە سەر مێزەکە، فەخری بەسەر ئەوانیشدا دەکرد.

خاتوو هاویشام لێی پرسیم:"کەی دێیتەوە بۆ ئێرە؟ با بزانم، گوتی شەش ڕۆژی دیکە وەرەوە بۆ ئێرە، ئێستێلا بیبەرە خوارەوە و شتێکی بدەیە بیخوات. بڕۆ پیپ."

ئێستێلا بە مۆمێك منی ڕێنوێنی کرد بۆ خوارەوە، ڕۆشنایی دەرەوە چاوەکانی ئازار دەدام،

ڕووی کردە من و گوتی:"لێرە چاوە ڕێ بە." ئینجا دوور کەوتەوە.

کاتێك لە حەوشەی ماڵەکە بە تەنیا بووم چاوێکم لە دەستە درشتەکانم و پێڵاوە ناشیرینەکانم کرد، ئەوان تا ئێستا هیچ کات منیان نارەحەت نەکردبوو، بەڵام ئەو ڕۆژە منیان پەشێو کرد، لەو کاتەدا پڕ بەدڵ ئاواتم خواست کە:"بریا جۆ دۆخێکی ئابروودارانەتری هەبایە، تا من لە شوێنێکی باشتر گەورە ببوومایە.

کاتێك ئێستێلا گەڕایەوە، لەتکێك نان و هەندێك گۆشت و پەرداخێك بیرەی بەدەستەوە بوو، پەرداخە بیرەکەی لەسەر عەرز دانا و نان و گۆشتەکەشی بە بێ ئەوەی چاوم لێ بکات بۆ ڕاداشتم. بەم کردەوەیەی وای سووکایەتی پێ کردم، دەتگوت سەگێکی لەکن ڕاوەستاوە، ئەویش سەگێکی دزێو.

ئەوەندە بە سووکی و بیٚ قیمەتانە هەڵسوکەوتی لە گەڵ کردم، بیٚ ئیختیار ئەسرین بەسەر ڕوومەتەکانمدا ڕژایە خوارەوە. بە بینینی فرمێسکەکانم تیشکی خۆشحاڵی لەنێوچاوانییەوە دیاربوو، سەیرێکی کردم و ڕۆیشت.

کاتێك دوورکەوتەوە، سەیری دەوروبەرم کرد تا شوێنێك بدۆزمەوە و ڕوخسارمی تێدا حەشار بدەم. چوومە پشت یەکێك لە دەرکەکانی بیرەسازییەکە پڕ بە دڵم گریام و لە کۆتایدا بە قۆڵی کراسەکەم چاوەکانم سڕییەوە و لە پشت دەرکەکە هاتمە دەرەوە نان و گۆشتەکە بەچێژ و بیرەکە گەرمابەخش بوو. لەو کاتەدا ئێستێلا بۆ بەڕێکردنی من بە دەستەکلیلێکەوە پەیدا بوو و دەرکەکەی کردەوە و منیش بەبیٚ ئەوەی چاوی لیٚ بکەم، بە پێشیدا تێپەڕیم، دەستێکی خستە سەر شانم و گوتی: "ئەی بۆ ناگری؟"

ـــــ لە بەر ئەوەی نامهەویٚ بگریم.

ـــــ نا ، وانییە، دەتهەویٚ بگریت، دیارە ئەوندە گریاوی خەریکە کوێر دەبی، ئێستاش سەرلەنویٚ خەریکە گریانت دێتەوە.

لە پاشان بە جووڵانەوەیەکی خۆپەسندانە و بە دەنگێکی بەرز دەستی بە پێکەنین کرد و منی دەر کرد و دەرکەکەی داخست.

بە حاڵەتێکی خەماوی بەرەو ماڵەوە گەڕامەوە، بیرم لە ڕووداوەکانی ئەو ڕۆژە دەکردنەوە، تازە تێگەیشتبووم کە من کوڕە کرێکارێکی سادەم.

## (٩)

## هەوڵم دا لە خەڵکی ڕەشۆکی نەبم

کاتێك گەیشتمە ماڵەوە، خوشکم زۆرخوازیاری ئەوە بوو، زانیاری وردی سەبارەت بە ماڵی خاتوو هاویشام دەست کەوێت. بەبێ وچان پرسیاری لێ دەکردم، لەناکاو هەستم بە زەبرێکی قورس کرد، کە لە پشتم دارا، هێزی زەبرەکە ئەوەندە بوو، کە فڕێی دام و دەموچاوم بە دیوارەکەدا درا، هۆکارەکەشی ئەوە بوو، کە پرسیارەکانی خوشکم وەك پێویست و بەو جۆرەی ئەو حەزی لێ بوو، بە وردی وەڵامم نەدابووەوە.

لە هەمووشی خراپتر ئەوە بوو کە بۆ چاخواردنەوەی ئێوارە، بەڕێز پامبێڵ چووك هات بۆ ماڵی ئێمە تا وردەکاریی ڕووداوەکان ببیستێت، لە گەڵ هاتنی دەستی کرد بە پرسیارکردن:

خاتوو هاویشام قەیافەی چۆنە؟

ــــ درێژ و ڕەشتاڵ بوو.

خوشکم ڕووی کردە پامبێڵ چووك و گوتی:"وا یە مامە گیان؟"

ئەویش بە ئاماژەی چاوەکانی قسەکانی منی پەسەند کرد، کە لەوەڕا من بۆم دەرکەوت، پامبێڵ بۆ خۆی قەت خاتوو هاویشامی نەدیتووە، لەبەر ئەوەی قسەکانی من هەمووی درۆ بوون.

پامبێڵ چووك پرسیاری لێ کردمەوە:" کاتێك ئەمڕۆ بەیانی چوویتە ژوورەوە، خاتوو هاویشام چی دەکرد؟"

ــــ لەنێو عەرەبانەیەکی قەدیفەییدا دانیشتبوو.

خوشکم و پامبێڵ بە سەرسووڕمانەوە سەیری یەکتریان کرد و بە پێکەوە گوتیان: عەرەبانەی قەدیفەیی؟!

ـــ بەڵێ، هەروەها خاتوو ئێستێلا لە پەنجەرەی عارەبانەکەوە لە سەر دەورییەکی ئاڵتوونی کێك و شەرابی دەدایە.

پامبێڵ پرسی:"کەسی دیکەشی لێ بوو؟"

ـــ بەلێ، چوار سەگ.

ـــ گەورە، یان بچووك؟

ـــ زۆر گەورە، ئەوان بۆ خۆیان خواردنەکەیان کە شفتە بوو لەنێو سە-وەتەیەکی زیویندا دەردەهێنا و دەیان خوارد.

خوشکم و پامبێڵ سەرلەنوێ بە سەرسووڕمانەوە سەیری یەکتریان کرد، لە پاشان خوشکم لێی پرسیم:"باشە ئەم عەرەبانە لە کوێ وەستابوو؟"

ـــ لەنێو ژوورەکەی خاتوو هاویشام، بەڵام ئەسپیان پێوە نەبەستبوو.

پامبێڵ پرسی:"چ یارییەکتان کرد؟"

ـــ بە ئاڵا یارییمان دەکرد، ئێستێلا ئاڵایەکی شینی دەجووڵاندەوە، منیش ئاڵایەکی سوورم پێ بوو و خاتوو هاویشامیش ئاڵایەکی پێ بوو، ئەستێرەی ئاڵتوونیی پێوە بوون، ئینجا هەرسێکمان شمشێرەکانمان دەردەهێنان و هاوارمان دەکرد بژی، بژی...

خوشکم گوتی:"شمشێر؟ لە کوێتان هێنابوون؟"

گوتم:"لەنێو سندووقێکی بچووکدا. کە دەمانچەیەك و مرەبا و حەبیشی تێدا بوو. ژوورەکەی خاتوو هاویشام تیشکی خۆری ناگاتێ، بەڵام بە مۆم وەك ڕۆژ ڕووناکیان کردبووەوە.

سەرلەنوێ هەردووکیان لێك ڕامان و، وەها سەرقاڵی گفتوگۆ سەبارەت بە قسەکانی من بوون کە مەجالێکی کورتم دەست کەوت و خۆم لە پرسیارە یەك لەدوای یەکی ئەوان ڕزگارکرد.

هیشتا ئەو دووانە خەریکی وتووێژ بوون کە جۆ بۆ خواردنەوەی چا هاتە ژوورەوە و خوشکم هەموو درۆیەکانی منی بە تام و چێژێکی تایبەت بۆ گێڕایەوە.

کاتێك بینیم کە جۆ لە بەر سەرسووڕمان چاوە زل و شینەکانی بەملاوبەولادا دەسووڕێنێت پەشیمان بوومەوە کە بۆچی ئەوەندە درۆم کرد و دوای ڕۆیشتنی بەرێز پامبێلّ بە هێواشی سەردانی کارگەکەی جۆم کرد و پێم گوت: ئەرێ ئەو قسانەی سەبارەت بە خاتوو هاویشام کران لەبیرت ماون ؟

ـــــ لە بیرم ماون و سیقەشم بە قسەکانی تۆ هەیە، باشە بەڕاست دەزانی بەلامەوە زۆر سەیر بوون؟

ـــــ"گوێ بگرە جۆ، ئاخر ئەو قسانە هەموویان درۆ بوون، هەموویان."

لە پاشان بۆم ڕوون کردەوە، کە کاتێك هاتمەوە بۆ ماڵەوە زۆر عاجز و ناڕەحەت بووم و نەم دەتوانی وەسفی ئەو ڕۆژە بۆ خوشکم و پامبێلّ بکەم. هەروەها بۆم گێڕایەوە کە لە ماڵی خاتوو هاویشام کچێکی جوانی و لووتبەرزی لێ بوو و بە منی دەگوت، تۆ نەجیب زادە نیت و لە ڕێزەی خەڵکی ڕەشۆکی دێیتە ژمار، لەوانەیە درۆکانم تا ڕادەیەك کردارێك بن، لە بەرامبەر قسەکانی ئەو کچە.

جۆ دوای تۆزێك بیرکردنەوە گوتی: "پیپ دەبێ هەمیشە شتێکت لەبیر نەچێت کە درۆ بە هەر شێوەیەك بێت درۆیە، پیویست ناکات هیچی دیکە سەبارەت بەوان بڵێی. هەروەها سەبارەت بە ڕەشۆکی و ئاساییبوونت، تۆ ناتوانی بە درۆکردن خۆت لەم چینە ڕزگار بکەی."

کاتێك ئەو شەوە بۆ پشوودان چوومە ژوورەکەی خۆم درێژ بوومەوە و ماوەیەك بیرم لە وتەکانی جۆ کردەوە، بەڵام ئەو بیرەش لە مێشکم دەرنەدەچوو کە خاتوو هاویشام و ئێستێلا جۆ ببینن، دەبێ بەلایانەوە چەندە سادە و ڕەشۆکی بێت؟

# (١٠)

## شەڕی دەستەویەخە لەگەڵ نەجیبزادەیەکی ڕەنگپەڕیوو

کاتژمێری دیاری کراودا چوومەوە ماڵی خاتوو هاویشام. بە زەنگلێدانی من. ئێستێلا هاتە دەر و منی بەرەو دالآنەکە ئەو شوێنەی مۆمەکەی لێ بوو ڕێنوێنی کرد، لەپاشان مۆمەکەی هەڵگرت و منی بە ڕێگەیەکی ڕێك پێچەوانەی جاری پێشوودا برد.

کاتێك بە دالآنەکەدا تێدەپەڕین، لەناکاو ئێستێلا ڕاوەستا و ئاوڕی دایەوە، ڕاوەستانەکەی ئەوەندە لەناکاو بوو، خەریك بوو بەسەریدا بکەوم.

گوتی:"باشە..."

وەڵامم دایەوە:"باشە، خانم."

چاوەکانی لە چاوی من بڕیبوو، دیارە منیش هەرچاوم لە ئەو دەکرد.

پرسی:"من جوانم؟"

ــــ بەڵێ، وادەردەکەوێ کە زۆر جوانی.

ــــ "کردەوەکانم زۆر سووکن ؟"

ــــ ئەوەندەی جاری پێشوو نا.

ــــ نا.

لەگەڵ وتنی ئەم قسەیە، بریقەیەك لە چاوەکانی درەوشا و کاتێك دواین وەڵامم دایەوە، بە هەموو هێزی خۆی زللەیەکی لێ دام و گوتی: " هەی مەمیموونی بچکۆڵە، ئێستا بڵێ چۆن سەبارەت بە من دادوەری دەکەی؟"

ـــــ هیچت پێ ناڵێم.

ـــــ "لەوانەیە بتهەوێت لەسەرەوە وەڵامم بدەیتەوە."

ـــــ نا، مەبەستم ئەوە نییە.

ـــــ "ئەی بۆ ئیتر ناگری، هەی بێچارە؟"

ـــــ من لەوە بەدوا لەدەست تۆ ناگریم.

دیارە درۆم دەکرد، لەبەر ئەوەی هەر ئەو کاتە لەنێو دڵمدا دەگریام و بۆشم ڕوون بوو، ئەم کچە لە داهاتووشدا دەبێتە هۆی گریانم .

لە قاڵدرمەکان سەرکەوتین و گەیشتینە ژوورەکەی خاتوو هاویشام، ئێستێلا لە نزیك دەرکەکە منی جێ هێشت و ڕۆیشت، ماوەیەك ڕاوەستام تا خاتوو هاویشام سەری بەرز کردەوە و منی بینی و بە بێ ئەوەی بچووکترین نیشانەی سەرسووڕمان بە دەموچاوییەوە دیاربێت گوتی:" کەواتە بەم شێوەیە ڕۆژەکان تێ پەڕین؟"

ـــــ بەڵێ خاتوون ئەمڕۆ...

بەتووڕەییەوە گوتی:"قسە مەکەأ من نام هەوێت بزانم ئەمڕۆ چ ڕۆژێکە، ئامادەی بۆ یاریکردن ؟"

ـــــ بەڵێ خاتوون.

بە بێ سەبرانە گوتی:" لەوە دەچێت ئەم ماڵە تۆشی پیر و خەمبار کردووە و تۆیش حەزێکت لە یاریکردن نییە، باشە دەتهەوێت ئیشێك بکەیت؟"

ـــــ بەڵێ بەوپەڕی خۆشحاڵییەوە.

ـــــ کەواتە بڕۆ بۆ ئەو ژوورەی ڕووبەرووی ئێرە و چاوەڕێ بە، تا من دێم.

فەرمانەکەم بەجێ گەیاند، ئەم ژوورەش لە ڕووناکی خۆری پارێزراو بوو و تەنیا تیشکی چەند مۆمێك تۆزێکیان ڕووناکی پێ دەبەخشی.

هەموو ئەشیاکانی نێو ژوورەکە توێ توێ تۆز و خوڵیان لەسەر کەوتبوو، زۆربەی شتەکانیش بە تێپەڕبوونی زەمان دڕابوون. لەنێوەڕاستی ژوورەکە مێزێکی گەورەی لێ داندرابوو کە بە قوماش داپۆشرابوو.

دەتگوت لە کاتێکدا کە خەریکی میوانداربیەکی گەورە بوون، ماڵەکە و کاتژمێرەکانی لەناکاو ڕاوەستاون. جاڵجاڵۆکە نێوەڕاستی مێزەکەی تەنیبوو و دەنگی ئەو مشکانەی کە لە گۆشە و کەناری ژوورەکە هاتوچۆیان دەکرد. هەروەها خشەخشی قالۆچە (قالۆنچە) لەنێو سۆبە کۆنەکەدا بە گوێ دەگەیشت.

خەریکی سەیرکردنی ئەم جڕ و جانەوەرانە بووم، کە خاتوو هاویشام دەستی خستە سەر شانم. گۆچانەکەیشی بە دەستەکەی دیکەی گرت بوو و خۆی بە سەریدا دابوو، ئاماژەی بە مێزەکە کرد و گوتی:"ئێرە ئەو شوێنەیە کە دوای مردنم لەسەر ئەوێم دادەنێن و خەڵکیش دین بۆ سەیرکردنم." لە پاشان کۆمەڵێك جاڵجاڵۆکەی نیشان دام و گوتی:"پێت وایە ئەوانە چیین؟

گوتم:" بیرم بۆ هیچ ناچێت، نازانم."

ـــــ کێکێکی گەورەیە، کێکی زەماوەند، زەماوەندی من.

لە پاشان چاوێکی بە دەوروبەری ژوورەکەدا خشاند و لە کاتێدا پاڵی بە شانی منەوە دابوو، گوتی:" تۆزێك لەنێو ژوورەکەدا بم گێڕە"، ئیتر زانیم لەمەودوا ئیشی من ئەوەیە کە لەنێو ژوورەکەدا پیاسە بە خاتوو هاویشام بکەم. پاڵی بە منەوە دا و کەمێك ڕۆیشتین، دوای ماوەیەك گەڕان لە ژوورەکەدا گوتی:" بڕۆ ئێستێلام بۆ بانگ بکە"، چوومە دەرەوە و ئیستێلام ئاگادارکرد و گەڕامەوە، دوای تۆزێك ئێستێلا لەگەڵ چوار کەس لە خزمەکانی خاتوو هاویشام هاتە ژوورەوە.

سێ کەسیان ژن و یەکێکیشیان پیاو بوو، هەریەك لەوان هەوڵی دەدا لە ڕێزدانان و دەربڕینی خۆشەویستی بۆ خاتوو هاویشام لەوانی دیکە پێش بکەوێت،

بەڵام هیچکامیان نەیدەتوانی بیفریوێنێ لەبەر ئەوەی ئەو دەیزانی دەربڕینی هەستی هەموویان درۆیە و هەموویان بێ سەبرانە چاوەڕێی مردنی دەکەن، بۆ ئەوەی میراتیان دەست کەوێت. لە بەرامبەردا خاتوو هاویشام سووکایەتی بە هەموویان دەکرد و تەنانەت کەسێکیشیان نەیوێرا هیچ بڵێت. دوای ماوەیەك ئەمری پێ کردن بڕۆن.

کاتێك ئێستێلا مۆمێکی هەڵگرت و لە گەڵیان ڕۆیشتە دەرەوە، خاتوو هاویشام ڕووی کردە من و گوتی: " پیپ ئەمڕۆ ساڵڕۆژی لەدایکبوونمە، بەڵام من نە ئیزنی ئەوان و نە ئیزنی هیچ کەسێکی دیکەم نەداوە ناوی ئەم ڕۆژە بهێنن ئەوانەش کە لێرەت بینین بەم هۆیەوە هاتبوون سەرەڕای ئەوەش تەنانەت نەیان وێرا ناویشی بێنن."لەو قسانەدا بووین، کە ئێستێلا گەڕایەوە، خاتوو هاویشام ئەمری پێ کردین بچینە ژوورەکەی و یاری بکەین.

هەرسێکمان گەڕاینەوە ژوورەکەی ئەو و هەروەك ڕۆژی پێش سەرقاڵی یاریکردن بووین. خاتوو هاویشام بە وردبینییەوە سەیری ئێمەی دەکرد و خشڵ و ئاڵتوونی لەسەر قژ و سینگی ئێستێلا دادەنا و هەوڵی دەدا سەرنجی من زۆرتر بۆ لای جوانییەکەی ئەو ڕاکێشێت.

پاش چەند کاتژمێر یاریکردن وەك جاری پێشوو کاتێك بۆ گەڕانەوەی من د-یاری کرا و هەر وەك جاری پێش بەرەو حەوشەیماڵەکە ڕێنوێنی کرام تا خواردنێکم بۆ بێنن. ئەم جارەش بۆ ماوەیەك منیان بە تەنیا هێشتەوە تا بۆخۆم کەمێك لەنێو حەوشەکەدا پیاسە بکەم.

لە کاتێکدا سەیری کونج و قوژبنەکانم دەکرد، بە هەڵکەوت لە پشت پەنجەرەیەکەوە چاوم لە ژوورێك کرد و بەوپەڕی سەرسوورمانەوە چاوم بە گەنجێکی ڕەنگپەڕیو کەوت کە قژی تەنك و مژۆڵی سووری هەبوو، لەگەڵ ئەوەی منی دیت،

خۆی شاردەوە، بەڵام دوای ماوەیەکی کەم گەڕایەوە و گوتی:" سڵاو کوڕە گەنجەکە".

ــــ سڵاو

ــــ کێ تۆی هێناوە بۆ ئێرە؟

ــــ ئێستێلا

ــــ کێ ئەم مۆڵەتەی پێ داوی لەنێو حەوشەکەدا بگەڕێت؟

ــــ ئێستێلا

ــــ وەرە با شەڕ بکەین.

بێجگە لە ملدان بە پێشنیارەکەی ئەو هیچ وەڵامێکم پێ نەبوو، لەبەر ئەوەی بە شێوەیەکی توند و پێداگرانە پێی گوتم. من هەروا واق و وڕ مابووم، کە بێ ئەوەی خۆم بزانم وەك ئەوەی هێزێکی نامۆ ڕام کێشێت، بەدوایدا ڕۆیشتم. ئینجا گوتی:"ڕاوەستە، خۆ لانیکەم هۆکارێکم پێویستە بۆ شەڕکردن لە گەڵ تۆ." قژی ڕاکیشام و سەریشی بە توندی لە زگم دا، منیش تێم سرەواند و دەمهەویست بۆ دووەم جاریش لێی بدەم کە گوتی: "وەرە با بڕۆینە ئەو بەشە کە سافترە" منیش بەدوایدا ڕۆیشتم، تا گەیشتینە ئاخری باخەکە، چاکەت و کۆت و تەنانەت کراسەکەیشی داکەند. لەگەڵ ئەوەی دیار بوو کە زۆر بەهێز و شەڕانی نییە، بەڵام ئەو جووڵانەوەی کە لە دەستپێکی شەڕەکەدا لەخۆی نواند، منی ترساند.

بەوپەڕی سەرسووڕمانەوە بینیم کە بە یەکەمین کۆڵەمستی من کەوتە سەر عەرز و بە پاڕانەوە سەیری دەکردم. هەستایەوە و خۆی تەکاند و دیسان هاتە پێشەوە، سەرلەنوێ کەوتە سەر عەرز و بە دوو چاوی ڕەش لە منی ڕوانی.

گەنجێکی پاك و نەترسی دەنواند. هەرچەندە من پێشنیاری شەڕم نەدابوو، بەڵام لەم سەرکەوتنەم هەستم بە خۆشحاڵی دەکرد. جلەکانی خۆم لەبەر کردنەوە و

لە ئەویشم پرسی پێویستت بە یارمەتی هەیە یان نا؟ گوتی:" نا، سپاس." ماڵ ئاواییم کرد و ڕۆیشتم.

کاتێك گەڕامەوە بۆ حەوشەکە، ئێستێلا بە دەستە کلیلەکانەوە چاوەڕێی دەکردم. بریقەیەکی خۆشحاڵی لەنێو چاوەکانییەوە دەدرەوشایەوە. وەك ئەوەی شتێك ڕووی دابوو کە ئەوی خۆشحاڵ کردبێت.

گوتی: "وەرە پێشەوە، ئەگەر پێت خۆشە دەتوانی ماچم بکەیت."

کوڵمەکانی هێنایە پێشەوە و منیش ماچم کرد، بەڵام هەستم کرد، ئەوە پاداشتێکە، دراوە بە کوڕێکی ڕەشۆکی و نرخەکەشی بەرامبەرە لەگەڵ پارەیەك کە دەدرێت بە سواڵکەرێك.



## (١١)

## جۆ لە ماڵی خاتوو هاویشام

خەیاڵم لە مەسەلەی شەڕکردن لە گەڵ کوڕە ڕەنگپەریوەکە زۆر ئاڵۆز بوو. هەرچی زیاتر بیرم لە بابەتەکە دەکردەوە، مێرمنداڵە ڕەنگپەریوەکەم وێنان دەکرد زۆرتر دڵنیا دەبووم کە ڕووداوێکی ناخۆش دەقەومێت. تەنانەت چەند ڕۆژێك لە ماڵەوە نەدەهاتمە دەرەوە و بە خۆپارێزییەوە لە پەنجەرەی چێشتخانەکەوە سەیری دەرەوەم دەکرد و چاوەڕێی ئەوە بووم، پاسەوانێك بێت بەدوامدا.

ئەو ڕۆژەی کە بڕیار بوو بۆ ماڵی خاتوو هاویشام، واتە شوێنی کردەوە دڕندانەکەم، بچم، ترسەکەم بێ وێنە بوو، بەڵام بەهەر حاڵ دەبوو بچم.

بەڵام نە ئەو گەنجەم بینیەوە و نە ئەو ڕۆژە و ڕۆژانی تریش باسێك لەو شەڕە هاتە پێش.

کاتێك گەیشتمە ماڵی خاتوو هاویشام لە دەرەوەی ژوورەکە کورسییەکی تایەدارم بینی. لەو ڕۆژەوە ئەرکی من ئەوە بوو کە کاتێك خاتوو هاویشام لە پیاسەکردنی بە یارمەتی من ماندوو دەبێت، لە سەر کورسییەکە داینێم و لەنێو ژوورەکەی خۆی و ژوورەکەی تەنیشتی پیاسەی پێ بکەم.

کاتێك زۆرتر لە گەڵ یەکتر ئاشنا بووین لێی پرسیم چ فێر بووم و دەم هەوێت ببمە چ کارە؟ گوتم، من بەم زووانە لە کارگەی ئاسنگەریی جۆدا فێری کار دەبم. پێم گوت، هیچ نازانم، بەڵام دەمەوێ هەموو شتەیەك فێر بم، هیوادار بووم کە بە

بینینی تامەزرۆیی من بۆ فێر بوون، بۆ گەیشتن بە ئامانجەکەم یارمەتیم بدات، بەڵام نەتەنیا هیچ هەنگاوێکی بۆ هەڵنەهێنامەوە ، بێجگە لە تۆزێك خواردن، دینارێکیشی نەدامێ.

ئێستێلا بەردەوام لەو ماڵەدا بوو، هەرکات دەچووم بۆ ماڵی هاویشام منی دەبردە ژوورەوە و لەکاتی ڕۆیشتنیشدا لەگەڵم دەهاتە خوارەوە، بەڵام ئیتر نەیگوت ماچی بکەم، جاری وابوو وەك ئاشنایەك هەڵسوکەوتی لە گەڵ دەکردم و جاری واش بوو هەوڵی دەدا پێم بسەلمێنێت کە بەتەواوی لێم بێزارە.

زۆر جار خاتوو هاویشام بە هێواشی یان کاتێك پێکەوە تەنیا دەبووین پێی دەگوتم:" پیپ، ئەرێ ئێستێلا هەر ڕۆژ جوانتر نابێت؟"

کاتێك وەڵامەکەم "بەڵێ" دەبوو، زۆر خوشحاڵ دەبوو. زۆرجار هەڵسوکەوتی ئێستێلا ئەوەندە ناڕوون و دژە یەك دەهاتنە بەرچاو کە نەم دەزانی چ بکەم و چ بڵێم. لەم کاتانەدا خاتوو هاویشام ئێستێلای لە باوەش دەگرت و بە بەگوێچکەیدا دەیچرپاند:" دڵیان بشکێنە ئەی هیوای من، ئەی مایەی شانازی من، دڵیان بشکێنە و هیچ کات ڕەحمیان پێ مەکە."

لەلایەکی دیکەشەوە هەموو جارێك خوشکم و پامبێڵی نەزان لە چێشتخانەی ماڵی ئێمە دادەنیشتن و بە قسە لەسەر خاتوو هاویشام و پرسیارکردن لە من درێژەیان دەدا. جاری وا بوو کە پامبێڵ چووك یەخەی کراسەکەی دەگرتم و دەیبردم بۆ نزیك ئاگرەکە لەوە دەچوو بیهەوێت بم برژێنێت، ئینجا دەستی پێ دەکرد:"خانم، ئەوەیە ئەو کوڕەی کە تۆ گەورەت کردووە "و، درێژەی پێ دەدا " کوڕە سەرت بەرز کە و بەردەوام سپاسگوزار بە لەوانەی تۆیان گەورە کردووە."

لە پاشان دووبەدوو سەبارەت بە خاتوو هاویشام و ئەو ئیشانەی لەگەڵ من و بۆ منیان دەکات، ئەوەندە قسەی قۆریان دەکرد کە زۆر جار خەریك دەبوو بگریم، پێم خۆش بوو بەگژ پامبێڵدا بچم و دایگرم بە شەق و پێلاقە.

جۆ هێچکات لەم گفتوگۆیانەدا بەشداری نەدەکرد و خوشکیشم کە دەیبینی جۆ هیچ حەزێکی بە چوونی من بۆ ئەو ماڵە لە خۆی نیشان نادات، لە هەر دووکمان تووڕە دەبوو.

ماوەیەکی زۆر بەم شێوە تێپەری، ڕۆژێك خاتوو هاویشام پێی گوتم:" پیپ وردە وردە خەریکە درێژ دەبیت،" ئەو ڕۆژە ئیتر هیچی نەگوت. بەڵام ڕۆژێکی دیکە کە چوومە ماڵەکەیان گوتی:"پیپ، گوتت ئەو ئاسنگەرەی خزمت ناوی چی بوو؟"

ـــ "جۆ گاڕجیێری"خاتوون.

ـــ ئەو کەسە هەر ئەو وەستایەیە، کە دەت هەوێت ببیتە شاگردی؟

ـــ بەڵێ خاتوون.

ـــ کەواتە باشترە بە زووترین کات فێربوونەکەت دەست پێ بکەی، دەکرێ ڕۆژێك گاڕجیێری لە گەڵ تۆ بێت بۆ ئێرە و بەڵگە پێویستەکانیش بهێنێ؟

ـــ پێم گوت، جۆ هاتن بۆ ئێرە بەشانازییەکی گەورە دەژمێرێت.

ـــ کەواتە پێی بڵێ با بەزووترین کات بێت، تۆش لەگەڵی وەرە.

دوو ڕۆژ دوای ئەم قسە، جۆ جلوبەرگی ڕۆژانی یەکشەممەی خۆی لەبەر کرد و هاوڕێ لەگەڵ من هات بۆ ماڵی خاتوو هاویشام. خوشکم حەزی خۆی نواند لەگەڵ ئێمە بێت بۆ شار و تا گەڕانەوەمان لە لای ئافرەتە جوانەکانی ماڵی پامبێل چووك بمێنێتەوە.

ئەورۆژە کارگەکەمان داخست و بەرەو شار وەڕێ کەوتین. من و جۆ یەکسەر چووینە ماڵی هاویشام. ئێستێلا بۆ کردنەوەی دەرکەکە هات و جۆ تا ئەوی بینی کڵاوەکەی لەسەر سەری هەڵگرت و چاوەڕێ بوو.

ئێستێلا پێی گوتم، هەردووکتان دەتوانن بچنە ژوورەوە. قۆڵی جۆم گرت و بردم بۆ لای خاتوو هاویشام. وەك هەمیشە لە تەنیشت مێزی توالێتەکە دانیشتبوو. بە چوونە ژوورەوەی ئێمە سەری بەرز کرد، ڕووی کردە جۆ و

گوتی:"ئۆۆۆۆ...، ئێوە مێردی خوشکی ئەم کوڕەن؟ ئێوە ئەم کوڕەتان گەورە کردووە تا فێری کاری بکەن، وایە بەڕێز گارجێڕی؟"

لە هەموو کاتی دیدارەکەماندا جۆ سوور بوو لەسەر ئەوەی لە جیاتی خاتوو هاویشام لە گەڵ من قسە بکات.

لەم کاتەدا گوتی:"پیپ، تۆ دەزانی من و تۆ بەردەوام وەك برادەر بووین پێشم خۆشە لە داهاتوودا لە کارگەی ئاسنگەریەکە لەلای خۆم ئیش بکەی و یارمەتی من بدەی، بەڵام تکایە ئەگەر لەم ئیشە ڕازی نیت پێم بڵێ، دڵنیا بە من بە دڵخوازی تۆ دەکەم."

ـــــ"ئایا ئەم کوڕە، تا ئێستا بە نیسبەت ئەم ئیشە ناڕزایەتی دەربڕیوە؟ ئەم ئیشەی خۆش دەوێت؟"

جۆ سەرلەنوێ ڕووی کردە من و گوتی:" پیپ، پێم وایە ئەم ئیشە بەردوام ئارەزووی دڵی خۆت بووە و تا ئێستا ناڕەزایەتیت دەرنەبڕیوە؟"

هەوڵی من بۆ ئەوەی جۆ تێبگەیەنم لە کاتی قسەکردن لە جیاتی من ڕوو بکاتە خاتوو هاویشام بەخۆڕایی بوو. هەرچی من بە جووڵانەوەی سەر و دەستم تێم دەگەیاند کە لایەنی قسەکردنی جۆ خاتوو هاویشامە و من نیم، زیاتر هەوڵی دەدا ڕوو بکاتە من. لەوە دەچوو کە وا بیر دەکاتەوە ئەوە شەرتی ئەدەبە کە لە کاتی قسەکردن دا ڕوو نەکاتە ئەو.

خاتوو هاویشام لە جۆی پرسی:" بەڵگە پێویستەکانت هێناون؟"

جۆ بە شێوەیەك کە دەتگوت پرسیارەکەی بە دڵ نەبووە بە منی گوت:"پیپ، تۆ دەزانی لەگەڵ خۆم هیناومن و ئێستاش لەنێو کڵاوەکەم دان."ئینجا لەنێو کڵاوەکەی دەریهێنان و لە جیاتی خاتوو هاویشام دانی بە دەستی من، کاتێك ئێستێلام بینی کە لە پشت خاتوو هاویشامەوە ڕاوەستاوە و بە بزەوە سەیری هەڵسوکەوتی جۆ دەکات، زۆرم هەست بە شەرمەزاری دەکرد.

بەهەرحاڵ، ناسنامەکانم لێ وەرگرتن و دامن بە دەستی خاتوو هاویشام، ئەویش خوێندنیەوە و بە جۆی گوت:"تۆ کە لە فێر کردنی کار بەم کوڕە خوازیاری پاداشت و هەقدەست نیت؟"

کاتێك جۆ بێدەنگ بوو و وەڵامی ئەم پرسیارەی نەدایەوە، من وەدەنگ هاتم و گوتم:" جۆ بۆ وەڵام نادەیتەوە."

ـــــ پیپ، لەبەر ئەوەی ئەم پرسیارانە لەنێوان من و تۆ بی مانایە و تۆ خۆت باش دەزانی وەڵامی پرسیارەکەش، نەخێرە."

خاتوو هاویشام لە مێزەکەی تەنیشت خۆی توورەکەیەکی بچووکی هێنایە دەرەوە و گوتی: "پیپ لە بەرامبەر ئەو کارانەی لێرە کردوونی، هەقدەستی لای منە و ئەوەش هەقدەستەکەیەتی، ئەم پارەیە ٢٥ "گێنی"ە (هەر گێنی بەرامبەرە لەگەڵ یەك لیرە و یەك شیلینگ)، ها پیپ، ئەم پارەیە وەرگرە و بیدە بە دەست وەستایەکەت.

لەوەدەچوو کە قەیافەی سەرسوورهێنەری خاتوو هاویشام و قسەکانی لەگەڵ دیمەنی ژوورەکە بە یەك جاری حاڵی جۆی تێك دابوو، لەبەر ئەوەی لەو کاتەشدا هەر لە گەڵ من قسەی دەکرد.

ـــــ زۆرسپاس پیپ، لە قووڵایی دڵەوە ئەم پارەیەت لێ وەردەگرم، بەڵام هەڵبەت خۆم هیچکات داوام نەدەکرد.

خاتوو هاویشام گوتی: "خواتان لەگەڵ پیپ، ئێستێلا ئەمانە بۆ دەرەوە ڕێنوێنی بکە."

پرسیارم کرد: "خاتوون من پێویستە بێمەوە ئێرە؟"

ـــــ "نا لەمەوبەدوا گارجێری وەستای تۆیە."

من لە ژوورەکە دەچوومە دەرەوە، کە ئەو جۆی بانگ کرد و گوتی: "گارجێری کەمێك بوەستە دەبێ شتێکت پێ بڵێم."

گوێم لێ بوو کە خاتوو هاویشام پێی دەگوت:"ئەم کوڕە لێرە کوڕێکی باش بووە و ئەم بڕە پارەیەیەش کرێی ئەوە. بە دڵنیاییەوە کە تۆ پیاوێکی بە ویژدانی و لەوەش زیاتر هیچی دیکەت ناوێت. نە پاداشتێکی دیکە و نە پارەیەکی دیکە."

کەی و چۆن جۆ هاتە دەرەوە، نازانم. تەنیا ئەوەم بینی کە لەجیاتی هاتنە خوارەوە، بە قالدرمەکاندا سەر کەوت، بەدوایدا ڕۆیشتم و دەستم گرت و هێنامە خوارەوە. خولەکێك دواتر لە دەرکەی حەوشەکە هاتینە دەرەوە و دەرگاکە داخرا و ئێستێلا لەبەرچاو ون بوو.

کاتێك گەیشتینە ماڵی پامبێڵ، خوشکم هاواری کرد:"چیت بەم کوڕە دا".

جۆ گوتی:" هەڵێنە چییان داوەتێ؟"

گوتی ٢٠ لیرە پاداشتێکی باشە. جۆ بە خۆشحاڵییەوە توورەکە بچووکەکەی بۆ ڕاگرت و گوتی:

"٢٥گێنی"ە. پامبێڵ چووك دەستی بۆ لای خوشکم درێژکرد و گوتی:" ٢٥ گێنی، بەڕاستی خاتوونەکەم ئێوە شایانی ئەم پاداشتە بوون. هیوادارم بە باشی ئەم پارەیە بەکار بهێنن."لە پاشان لە کاتێکدا بەتوندی دەستی منی گرتبوو، گوتی:" خۆبینیتان ئیشێك من دەستی پێ بکەم بەردەوام دروستە؟"

هەمان کات چووینە نووسینگەیەك بۆ ئەوەی دانانی من وەك شاگردی جۆ تۆمار بکەین. بەڵگەکان تۆمار و پەنجە مۆر کران و، من بەشێوەی ڕەسمی بووم بە شاگردی جۆ. کاتێك گەڕاینەوە ماڵی پامبێڵ، خوشکم لە خۆشیی ئەو ٢٥ گێنییە لە پێستی خۆیدا جێگەی نەدەبۆوە و زۆری لێ دەکردین کە نانی نیوەڕۆ لەگەڵ ماڵی بەڕێز هابێڵ و ماڵی بەڕێز ویپسێڵ لە چێشتخانەی "ورچی شین" بخۆین.

ئەو ڕۆژەم بە خەیاڵاتێکی ئاڵۆزەوە بردە سەر. نەیان دەهێشت بڕۆم، بخەوم و هەرکاتێك دەیان دیت خەوم لێ کەوتووە و سەرم بەسەر شانەکانمدا شۆڕ بۆتەوە، هەڵیان دەستاندم و دەیان گوت ئەمڕۆ خۆش بە و چێژ وەربگرە.

دواجار گەڕاینەوە ماڵەوە. کاتێك گەڕامەوە نێو ژوورە بچکۆلەکەی خۆم هەستم کرد، بەڕاستی نارەحەتم. بەباشی دەم زانی هیچ حەزێکم لە پیشەکەی جۆ نییە. هەڵبەت وەختێك پیشەکەی جۆم پێ باش بوو، بەڵام ئەو ڕۆژە ئیتر حەزێکم سەبارەت بە ئاسنگەری هەست پێ نەدەکرد. یەکەمین ڕۆژی فێرکاریم لەلای جۆ، زۆر دڵشکاو و بێ هیوا بووم، بەڵام تەنیا شتێك خۆشحاڵی دەکردم ئەوەیە کە لە هەموو ماوەی فێرکارییەکەم، هیچ شتێکم لەو بابەتە پێ نەگوت. تەنانەت بۆ خۆشم نەم دەزانی چم دەویست و ئیستاش ناتوانم شرۆڤەی بکەم.

ئەو شتەی زۆری لێ دەترسام، ئەوە بوو کە ڕۆژێك سەر هەڵێنم و ببینم ئێستێلا لە پەنجەرەی

کارگەکەوە سەیری نێوەوە بکات. دەترسام کە درەنگ یان زوو بەو دەموچاوە پیسە و دەستە ڕەشانەمەوە لە کاتێکدا خەریکی پیسترین کارەکانم بم بینێت و سووکایەتیم پێ بکات.

## (١٢)

### باوکە ئۆرلیك

لە کارگەکەی جۆ، کریکارێکی لێ بوو بە ناوی ئۆرلیك، شانەکانی پان و ڕەش پێسیش بوو و زەلامێکی زۆر بەهێز بوو. ئەو پیاوە نێوانی لەگەڵ من زۆر خۆش نەبوو، بەتایبەت لەو کاتەڕا کە بە ڕەسمی ببوومە شاگردی جۆ، وای هەست دەکرد کە دەم هەوێ لە داهاتوویەکی نزیکدا جێگەی ئەوی بگرمەوە. ڕۆژێك کە حەزم لێ بوو خاتوو هاویشام و ئێستێلا ببینم، لەبەر ئەم مەبەستە تکام لە جۆ کرد کە نیو ڕۆژێك مۆڵەتم بداتێ. کاتێك داوایەکەم بە جۆ گوت، ئۆرلیك وە دەنگ هات و گوتی: "جۆ هیوادارم دووچاوەکی نەکەی، ئەگەر پیپ نیو ڕۆژی مۆڵەتی هەیە، باوکە ئۆرلیکیش دەبێ هەی بێت." (هەرچەند تەمەنی لە ٢٥ ساڵ تێ نەدەپەڕی، بەڵام حەزی دەکرد پێی بڵێن باوکە ئۆرلیك).

ـــــ ئۆرلیك تۆ نیو ڕۆژت ئیجازە بۆ چییە؟

ـــــ بۆ چیمە؟ ئەی پیپ بۆ چییەتی؟

ـــــ پیپ دەیهەوێت بڕوات بۆ شار.

ـــــ زۆر باشە، باوکەئۆرلیکیش دەچێت بۆشار، بۆ دوو کەس ناتوانن بچن بۆ شار.

ـــــ جەوی خۆت خەراپ مەکە ئۆرلیك.

ئۆرلیك لە ژێر خۆیەوە هەر بۆڵەبۆڵی بوو و دەی گوت: ئەگەر دەت هەوێت جەوم خراپ نەبێت

پیاو بە وەستاجۆ ، لەم کارگەیە نابێ جیاوازی لەنێوانماندا هەبێت.

ــــ ئۆرلیك تۆش وەك کرێکارێکی ئاسایی خەریکی ئیشەکەی خۆت بە. زۆر باشە هەردووکتان لە هەفتەدا نیو ڕۆژتان ئیجازە هەیە.

خوشکم کە لە حەوشە ڕاوەستا بوو و هەمووی ئەم قسانی گوێ لێ ببوو، کاتێك قسەکانمان گەیشتنە ئێرە سەری لە یەکێك لە پەنجەرەکانەوە هێنایە ژوورەوە و ڕووی کردە جۆ و گوتی: تۆ زۆر گێلی کە دەت هەوێت ئیجازەی ئەم تەنبەڵانە بدەی. کار و کاسبیەکەت ئەوەندە خۆش بووە کە بەو کرێکارانە کە ئیشیش ناکەن کرێیان بدەیتێ ، خۆزگا من لەجیاتی تۆ وەستای ئەو بام.

ئۆرلیك بە تووڕەییەوە وەڵامی دایەوە و گوتی: "تۆ ئەگەر بت وێرابا دەبووی بە وەستای هەموو خەڵك."

جۆ ڕووی کردە ئۆرلیك و گوتی: لێی گەڕێ با بڕوات .

خوشکم کە زۆر تووڕە ببوو، گوتی بەخوا باش دەبوو ئەگەر بم توانیبا ببمە یاریدەری هەموو گێلەپیاوەکانی دنیا.

ئۆرلیك لە ژێر خۆیەوە گوتی:" ژنی گەمژە".

دووبارە جۆ هاتە نێوانیانەوە و گوتی: "نەم گوت کارت بەسەرییەوە نەبێت."

خوشکم هەڵچوو و بە قیژە و هەرا گوتی:"چیت گوت؟ ئەو باوکە ئۆرلیکە چی بە من گوت؟ پیپ، ئۆرلیك لە بەرچاوی مێردەکەم چ نازناوێکی بۆ من دانا؟ لە حزووری پیاوێك کە سوێندی خواردووە تا کۆتایی ژیان پارێزگاریم لێ بکات چی گوت؟ ئاە...ئاە... بم گرن."

ئینجا بەرەو دەرکەکە هەڵات بۆ ئەوەی بێتە نێو کارگاکەوە، بەڵام خۆشبەختانە پێشتر دەرکەکەم داخستبوو.

بەم حاڵەوە جۆی بێچارە هیچ ڕێگەیەکی نەمابوو جیا لەوەی لەبەر ئەو سووکایەتییەی بە ژنەکەی کرابوو شەڕ لەگەڵ کرێکارەکەی خۆی بکات. وەك دوو

دێو خۆیان بە یەکتریدا دا، جۆ زەلامێکی بەهێز بوو، لە هەموو دەڤەرەکەی خۆمان نەم بینیبوو کەس پێی بوێرێت، ئۆرلیکیش دەتگوت هێزی لە کوڕە ڕەنگ پەڕیوەکەی ماڵی خاتوو هاویشام زۆرتر نەبوو لەبەر ئەوەی زوو کەوتە نێو خۆڵە مێشەکە. لە پاشان جۆ دەرکەکەی کردەوە و خوشکم کە بێهۆش کەوتبووە سەر عەرز ، هەڵی گرتەوە و بردییەوە نێو ماڵەکە و لەسەر تەختەکە ڕایکشاند.

چوومە ژوورەکەی خۆم تا جلوبەرگی ڕۆژانی پشووم لەبەر بکەم. کاتێك هاتمە دەرەوە بینیم کە جۆ و ئۆرلیك دانیشتوون و خەریکن بیرە دەخۆنەوە..

لەشاردا کاتێك گەیشتمە ماڵی خاتوو هاویشام پێش ئەوەی بتوانم بریار بدەم کە لە دەرکە بدەم، چەند جار بە بەر دەرکەی ماڵەکەدا تێپەڕیم. هەموو شتێك وەك پێشوو بوو بێجگە لە خاتوو هاویشام کە بەتەنیایی دانیشتبوو. تا منی بینی گوتی:"بۆچی هاتووی؟ هیوادارم چاوەڕوانی هیچ شتێك لە من نەکەی؟"

ـــــ "نا خاتوون، من هاتووم پێت بڵێم کە لە ئیشە نوێیەکەمدا بە باشی پێش کەوتووم و بەردەوام سپاسگوزاری پیاوەتییەکانی ئێوەم."قامکە چرچ و لەرزۆکەکانی هەڵێنا و گوتی:"وەرە، جارجار وەرە بۆ ئێرە، ڕۆژی لەدایکبوونیشت وەرە." ئینجا لەناکاو کورسییەکەی بۆ لای من سووڕاند و گوتی: "بەدوای ئێستێلادا دەگەڕێی، وا نییە؟"

لە ڕاستیدا چاوەکانم لە گۆشە و کەناری ماڵەکە بەدوای ئێستێلادا دەگەڕان. کاتێك ئەحواڵی ئێستێلام پرسی گوتی:"بۆ شارێکی دیکە کە مەکتەبێکی باشی لێیە و زۆر لێرە دوورە ڕۆیشتووە، لە هەموو کاتێك جوانتر بووە و هەموو دەیپەرەستن، پێت وایە بۆی بێتاقەت بووی؟"

تێ مابووم کە چ وەڵامێکی بدەمەوە، کە خاتوو هاویشام بە مەرەخەسکردنم لەم ناڕەحەتییە ڕزگاری کردم. کاتێك ڕۆیشتمە دەرەوە و دەرکەکە لە پشت سەرم

داخرا لە هەموو کاتێك زیاتر لە ماڵەکەمان و لە ئیشەکەم ناڕازیتر بووم و ئەوەش تەنیا شتێك بوو کە لە چوون بۆ ماڵی هاویشام دەستم کەوت.

لە شاردا چوومە لالی بەڕێز وێپسێل و سەردانێکی بەڕێز پامبێلْمان کرد. کاتی گەڕانەوە دنیا تاریك ببوو، لە دەرەوەی شار تەمومژێکی خەست هەموو وەڵاتی داگرتبوو. لەسەر ڕێگا لەنێو دڵی تاریکیدا زەلامێکمان بینی، لەوە دەچوو چاوەڕوانی ئێمە بێت. ئۆرلیك بوو، پێی گوتین، دەنگی تەقەی تفەنگێکی گوێ لێ بووە و هەست دەکا کە دیسان تاوانبارێك لە کەشتیەکە هەڵاتووە. لەسەر ڕێگا گەیشتینە مەیخانەکەی تیری، لە وێ هەواڵیان داینێ کە کاتێك جۆ لە ماڵەوە نەبووە، هێرشیان کردۆتە سەر ماڵی ئێمە.

بە پەلەپەلێکی زۆرەوە بەرەو ماڵەوە هەڵاتین، مەتبەخی ماڵەکەمان پڕ لە خەڵك بوو. ئەفسەرێك و جۆ و چەند ژنێك لە وێ بوون کە بەرەو عەرز چەما بوونەوە، کاتێك منیان دیت کشانە دواوە. بینیم کە خوشکم بەهۆی زەربەیەك لەلایەن نەناسراوێك کە وە پشتەسەری کەوتووە و لەسەر عەرزی چێشتخانەکە بە بێ جووڵە ڕاکشاوە، بەڵام لەنێو مەتبەخەکە دەست لە هیچ شتێك نەدرابوو و هەمووی لەسەر جێگەی خۆیان بوون، بەڵام بەڵگەیەکی ئاشکرا لە پەناخوشکم کەوتبوو، کە ئەویش ئاسنی لاقی بەندکراوێك بوو کە بە بڕمەند بڕابۆوە. لەوە دەچوو ئاسنی لاقی تاوانبارە ئاشنایەکەی من بێت، بەڵام لە قووڵایی دڵمەوە شکم لەسەر ئۆرلیك بوو. بیرکردنەوە لەوەی کە بەیارمەتیدانی تاوانبارێك گوناهێکی گەورەم کردووە، زۆر ترسناك بوو بۆم. بەڵام نەم دەتوانی بیرێکی دیکە بکەمەوە.

زۆر نارەحەت بووم، نەم دەزانی نهێنییەکەی سەردەمی منداڵیم بۆ جۆ بگێڕمەوە یان نا؟ ئایا دەم توانی بە ڕێکوپێکی بۆی شی بکەمەوە؟ ئاخرییەکەی بڕیارم دا کە ئەگەر بەسەرهاتەکەی سەردەمی منالیم، بتوانێ بچووکترین یارمەتییەك بە دۆزینەوەی هێرشبەرەکە بکات، ئەوە دان بە هەموو شتێکدا بنێم .

بۆ ماوەی یەك دوو حەوتوو پۆلیس چاودێرییان لە دەوروبەری ماڵی ئێمە دەکرد و چەند گومان لێکراوێکیش دەستگیر کران، بەڵام هیچیان تاوانەکەیان بە ئەستۆ نەگرت.

بۆ ماوەیەکی زۆر خوشکم لە جێگەدا کەوت، ڕووناکی چاوەکانی کەم ببوو، گوێچکەکانی قورس ببون و هیچیشی لەبیر نەمابوو، هەر قسەی تێکەل دەکردن. دوای ماوەیەکی زۆر توانی بە یارمەتیدانی ئێمە لە قاڵدرمەکان بێتە خوارەوە، دەبوو بەردەوام کاغەزی لەکن بێت بۆ ئەوەی ئەگەر پێویستییەکی هەبوو، بینووسێت.

بەم حاڵەوە ئەخلاق و کردەوی باشتر و لە سەرخۆتر ببوو، ماوەیەك بوو بە دوای یەکێکدا دەگەڕاین کە بێت بۆ ماڵی ئێمە و ئاگاداری لە خوشکم بکات، تا بەڕێز وێپسێل مرد و بیدی هات بۆ ماڵی ئێمە تا لەگەڵمان بژیت.

بوونی بیدی بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری ماڵەوە و هەروەها بۆ جۆ بەرەکەت بوو. وەها بە دڵسۆزییەوە ئاگاداری لە خوشکم دەکرد دەتگوت لە منداڵییەوە بۆ خۆی گەورەی کردووە. بە هاتنی بیدی ژیانی جۆش ئارامتر ببوو، هەروەها ئەو دەرفەتەشی بۆ دەرەخسا کە جارجار بچێتە مەیخانەی "سێ بەلەموانی خۆشحاڵ" کە بە ڕاستی بۆی باش بوو.

# (١٣)

## دەردی دڵکردن لەلای بیدی

وردە وردە هەستم بە ئاڵوگۆڕێك لە سیمای بیدیدا دەکرد، قژەکانی کاڵ و جوان ببوون و دەستەکانیشی بەردەوام خاوێن بوون. زۆر جوان نەبوو. کچێکی ڕەشۆکی بوو و نەیدەتوانی وەك ئێستێلا بێت، بەڵام تا بڵێی کچێکی باش و سەرنج ڕاکێش و ڕووخۆش بوو.

هەموو ئیشەکانی ماڵی ئێمەی بەڕێوە دەبرد. وێڕای ئەوەش هەرچی من فێری دەبووم ئەویش فێری دەبوو و پێ بە پێی من دەهاتە پێشەوە.

دوانیوەڕۆی ڕۆژێکی یەك شەممە، بە یەکەوە هاتینە دەرەوە بۆ پیاسەکردن چووینە تەنیشت ڕووبارەکە و لەوێ دانیشتین، ئاوی ڕووبارەکە لاقەکانمانی فێنك دەکردەوە، بەدەرفەتم زانی تا لەگەڵ بیدی هەندێك دەردی دڵ بکەم. دوای ئەوەی بەڵێنم لێ وەرگرت نهێنی پارێز بێت، گوتم:" من دەمهەوێت وەك خەڵکی نەجیبزادە و دەوڵەمەند بژیم."

بە بەرزی گوتی: "ئۆۆۆ، نا پیپ، دەوڵەمەندبوون هیچ سوودێکی نییە. بیر ناکەیتەوە بەم جۆرە کە هەی، خۆشتر بیت؟"

بەبێ ڕاوەستان پێم گوت: "بیدی من لەم حاڵەی ئێستامدا بە هیچ شێوەیەك هەست بە خۆشحاڵی ناکەم، ڕقم لە ئیشەکەمە و هەرگیزاوهەرگیز ڕووی خۆشی

لێ نابینم، مەگەر بە شێوەیەك بژیم کە لەگەڵ ژیانی ئێستام بەتەواوەتی جیاواز بێت.

بیدی لەکاتێکدا سەری دەجووڵاند بە شێوازێکی خەماوییەوە گوتی:"زۆر جێگەی داخە، پیپ."

لە پاشان تۆزێکم باسی ئێستێلا بۆ کرد و گوتم، ئەو، من بە کوڕێکی ڕەشۆکی دادەنێت و هەروەها دانیشم بەوە دانا کە بە لامەوە لە هەموو کچێك جوانترە، من لە ناخی دڵەوە ستایشی دەکەم و لەبەر ئەویش بووبێت حەز دەکەم دەوڵە-مەند بم."

لە وەڵامدا گوتی:" ئەرێ پیپ تۆ دەتهەوێت دەوڵەمەند ببیت لەبەر ئەوەی تۆڵەی لێ وەکەی یان بەدەستی بهێنی؟ لەبەر ئەوەی ئەگەر بتهەوێت ئازاری بدەی باشترین ڕێگە ئەوەیە گوێی نەدەیتێ و هیچ گرینگییەك بۆ قسەکانی دانەنێی، بەڵام ئەگەر دەتهەوێت بەم شێوە دڵی بەدەست بهێنی، پێم وایە کچێك کە بەم شێوە سووکایەتی بەخەڵك بکات شایانی بەدەستهێنان نییە..."

ـــــ بیدی لەوانەیە قسەکانی تۆ ڕاست بێت، بەڵام من ئەو کچە دەپەرەستم. بیدی کچێکی زۆر ژیر بوو و هەر بۆیەش چیتر هەوڵی نەدا بە قسەکانی، من بە قەناعەت بگەیەنێت. بە نەرمی دەستی خستە سەرشانەکانم و گوتی:"پیپ، خۆشحاڵم کە تۆ متمانەت بە منە و نهێنییەکانت لای من باس دەکەی."

هەستامە سەرپێ و گوتم:" بیدی من بەردەوام هەمووشتێك لای تۆ باس دەکەم."

بە هێواشی گوتی:" هەڵبەت تا ئەو کاتەی بە ئامانج نەگەیشتووی". تۆزێکی دیکە پیاسەمان کرد و لای خۆم گوتم، ئەرێ باشتر نییە لەجیاتی چوون بۆ ئەو ماڵە تاریکەی هاویشام و یاریکردن لەوێ و هەڵگرتنی سووکایەتی لەلایەن ئێستێلاوە لێرە لە لای بیدی وەمێنم؟" بە خۆمم گوت:" چەند گەمژەم.

"ڕێگایەکی زۆرمان پێوا. قسەکانی بیدی بە بۆچوونم ڕاست بوون و کردەوەکانیشی سووك و لە ڕووی هەوەسەوە نەبوون و بەردەوامیش هەوڵی دەدا لە خەمەکانی من کەم بکاتەوە. هەموو ناخۆشییەکی بە گیان و دڵ دەکرییەوە و بە هیچ شێوەیەك ئامادە نەبوو من ئازار بدات و دڵم بشکێنێت. بۆخۆشم نەم دەزانی بۆچی لەنێوان ئەم دووکچانەدا ناتوانم بیدی هەڵبژێرم. کاتێك دەگەڕاینەوە بە بیدیم گوت: "خۆزگە بت وانیبا ڕێنوێنیم بکەی بۆ ڕێگەی ڕاست.

ـــ خۆزگە بم توانیبا؟

ـــ بیدی، لێم ببوورە کە بەم شێوە قسەت لەگەڵ دەکەم. بەڵام ئەگەر بم توانیبا تۆم خۆش بوێت..."

ـــ ئۆۆۆ، خۆشەویستەکەم بۆ من نارەحەت مەبە.

ـــ ئەگەر بم توانیبا ئەم ئەوینەم لەنێو دڵمدا جێ کردبایەوە، بۆ من باشترین کار دەبوو.

ـــ بەڵام دەبینی کە ناتوانی.

لە نزیك سالۆنی کلێسە ئۆرلیکمان بینی، سلاوی کرد و پرسی، بۆ کوێ دەچین. گوتمان دەچینە ماڵەوە، ویستی لەگەڵمان بێت، بەڵام بیدی بە جدی لەگەڵ هاتنی ئەو دژایەتی کرد و بە هێواشی بە منی گوت: "مەهێڵە لە گەڵمان بێت من خۆشم لەو نایەت."

لەبەر ئەوەی منیش خۆشم لێی نەدەهات سپاسم لێ کرد و گوتم: "تۆ برۆ ئێمە ناچینە ماڵەوە." وتەکانی منی بە و گاڵتەجاڕانە وەڵام دایەوە و گەڕایەوە دواوە و بە مەودایەکی کەم لە ئێمە بەدووماندا دەهات.

لە بیدیم پرسی: "بۆ ڕقت لێیەتی؟" لە وەڵامدا گوتی: "لەبەر ئەوەی پێم وایە، منی خۆش دەوێت."

بە تووڕەییەوە لێم پرسی:"هیچ کات لەم بارەوە قسەشی لەگەڵ کردووی؟"

بیدی سەیرێکی پشت سەری خۆی کرد و گوتی: "نا، ئەو هیچکات هیچی بەمن نەگوتوە، بەڵام هەرکات دەم بینێت زۆر بە بێشەرمانە لێم دەڕوانێت."

زۆر لەوە ناڕەحەت بووم، کە ئۆرلیك ئەم ئیجازەیەی بە خۆی داوە بیدی خۆش بوێـت. ئەوەندە ناڕەحەت بووم دەتگوت سووکایەتی پیێ کردووم. لەو شەوەڕا بەردەوام ئاگام لێی بوو.

# (١٤)

## ئاواتە مەزنەکانی من

شەوی شەممە کۆتایی چوارەمینساڵی شاگردیی من لای جۆ بوو. هەموومان لە مەیخانەی "سێبەلەموانی خۆشحاڵ" لەدەوری ئاگرەکە کۆ ببووینەوە و گوێمان لە بەڕێز وێپسێڵ ڕاگرتبوو کە بە دەنگی بەرز ڕۆژنامەی بۆ دەخوێندینەوە. تا کۆتایی ڕۆژنامە خوێندنەوەکە هیچکامێکمان سەرنجمان نەدابوو کە نەناسراوێك لەسەر کورسیەك بەرامبەر بەمن دانیشتووە و سەیری من دەکات.

کاتێك خوێندنەوەی ڕۆژنامەکە کۆتایی پێ هات، غەریبەکە سەیرێکی دەورووبەری خۆی کرد و هاتە پێشەوە و گوتی: "وابزانم لەنێو ئێوەدا ئاسنگەرێکی تێدایە ناوی جۆزیف یان گارجێری بێت؟"

جۆ وەڵامی دایەوە: "ئەو کەسەی دەتهەوێت منم."

پیاوە غەریبەکە دریژەی پێدا و گوتی: "باشە ئێوە شاگردێکتان هەیە ناوی پیپ بێت؟ ئایا ئەویش لێرەیە؟"

هاوارم کرد:"لێرەم."

غەریبەکە کە سەرێکی گەورە و پێستێکی ڕەش و چاوەکانیشی قووڵ و برۆکانی پڕ و چڕ بوون گوتی: "من قسەی نهێنی و خۆمانەم لە گەڵ ئێوە هەیە، پێم وایە ئەگەر بڕۆینە ماڵەوە باشترە."

لەنێو سەرسووڕمانی ئامادەبوواندا سێ بە سێ بەرەو ماڵەوە وەڕێ کەوتین. لە ماڵەوە یەکسەر چووینە ژووری میوانەکان. پیاوەکە لە تەنیشت کورسییەك دانیشت و مۆمێکی بۆ لای خۆی ڕاکێشا لەنێو جانتایەکەیدا لە شتێك دەگەڕا، پاشان گوتی: "ناوم جاگێرزە لە لەندەن پیشەی پارێزگاریم هەیە. هاتوومە ئێرەش تا مەسەلەیەکی گرینگتان بە گوێ ڕاگەیەنم. بەڕێز گارجێری من هەڵگری پێشنیارێکم کە ئێوە لەدەست بیرکردنەوە لەم کوڕە لاوە ڕزگار دەکات. خۆ ئێوە لە گەڵ ڕۆیشتنی ئەم کوڕە ئەگەر بۆ خۆی پێی خۆش بێت و بۆ داهاتووی سوودی هەبێت، دژایەتیت نییە؟ هەروەها لە بەرامبەر قبووڵکردنی ئەم ویستە هیچتان ناوێت؟"

جۆ وەڵامی دایەوە گوتی: "من هیچکات نەم ویستوە ببمە ڕێگر لەبەردەم پیپدا و لە بەرامبەر ڕۆیشتنی ئەویشدا هیچم ناوێت."

بەڕێز جاگێرز لە دریژەدا گوتی: "زۆر باشە، تەنیا ئەو شتەی دەمهەوێت بە ئێوەی بڵێم ئەوەیە کە داهاتووپکی ڕوون چاوەڕوانی پیپ دەکات."

هەناسە لەنێو سینگماندا ڕاوەستابوو و سەیری یەکترمان کرد. بەدوای قسەکەی خۆیدا گوتی: "من ڕاسپێردراوم تا بە پیپ بڵێم، بەم زووانە سەروەت و سامانێکی زۆری پێ دەگات. خاوەنی ئێستای ئەو سەروەت و سامانە دەیهەوێت کە پیپ لێرە بڕوات و لە شار وەك نەجیبزادەیەك گەورە ببێت."

خەونە خۆشەکەی من وەدی هات! خەیاڵە خاوەکەی من زیاتر لەوەی لەنێو مێشکدا دەگونجا، وەڕاست گەڕا. خاتوو هاویشام پارە بە من دەبەخشێت...!

پارێزەرەکە درێژەی پێدا:"بەڕێز پیپ، ئێستا باقی شتەکانت بۆ ڕوون دەکەمەوە. دەبێ بزانی کە ئەوکەسەی من بەڕێوەبەری فەرمانەکەی ئەوم، تکای لێ کردووم کە بەردەوام ناوی پیپ بۆ خۆتان ڕاگرن. دووهەم ئەوەیە کە ناوی ئەو خێرخوازە تا ئەو کاتەی بۆ خۆی پێی خۆشە، نهێنی بێت.

هەروەها بۆ تۆش قەدەغەیە سەبارەت بەم قسانەش لە گەڵ کەس قسە بکەی. ئەگەر لەم دوو مەرجە ناڕازین، ئێستا نارەزایەتیی خۆتان دەربڕن، من گوێتان لێ دەگرم."

بە هێواشی گوتم: "ناڕازی نیم." بەڕێز جاگێرز درێژەی پێدا: "ناشبێت ناڕازی بیت، ئێستاش سەبارەت بە وردەکارییەکان و گرێبەستەکانمان قسە دەکەین. جارێ بەقەدرا خەرجییە سەرەتاییەکان و خوێندنی تۆ پارەم لایە، لەمڕۆ بەدواوە تۆ من وەك سەرپەرشتی خۆت دەزانی و ئێمەش هەوڵ دەدەین تۆ بەباشی پەروەردە بکرێیت."

پێم گوت، بەردەوام ئارەزووی فێربوون و پەروەردەکردنی باشترم هەبووە. ئێنجا بەڕێز جاگێرز پێشنیاری کرد کە بەڕێز "ماتیۆ پاکێت" ببیتە مامۆستای من. پێشتر ناویم لە خاتوو هاویشام بیستبوو، دەم زانی خزمی ئەوانە، خۆشحاڵیی خۆم لە هەڵبژاردنی بەڕێز پاکێت بۆ ئەم کارە دەربڕی و ویستم کە پێشتر چاو پێکەوتنێکی لەگەڵ بکەم.

ـــــ زۆرباشە، چاوپێکەوتنی لەگەڵ بکە، بەڵام باشتر ئەوەیە کە چاوپێکەوتنەکە لە مالی خۆی بێت، من ئەو دەرفەتەت بۆ دەڕەخسێنم و تۆ دەتوانی سەرەتا لەگەڵ کوڕەکەی کە لە لەندەن دەژیت چاوپێکەوتن بکەی، کەی وەڕێ دەکەوی؟

سەیرێکی جۆم کرد کە بەبێ هەست و خوستی ڕاوەستابوو، گوێی لە قسەکانی ئێمە ڕاگرتبوو،

ئینجا گوتم: "بە زووترین کات ."

بەڕێز جاگێرز گوتی: "سەرەتا بۆ هاتنت بۆ شاری لەندەن دەبێ بۆ خۆت جلوبەرگی نوێ دابین بکەیت، کەوابوو حەوتووی داهاتوو لەم ڕۆژەدا وەرە بۆ لەندەن، پێم وایە بۆ کڕینی جلوبەرگ پارەشت پێویستە، ٢٠گێنی بەسە؟

دەستی خستە گیرفانیەوە پارەی دەرهێنا ٢٠ گێنی ژمارد و دایە دەست من. لە پاشان لەکاتێکدا جانتایەکەی ڕێکوپێك دەکرد، لەژێرەوە چاوێکی لە جۆ کرد و گوتی: "چییە بەڕێز گارجێری، لەوە دەچێت زۆرتان پێ سەیر بێت؟ "جۆ بە دەنگێکی پتەوەوە وەڵامی دایەوە:" بەڵێ زۆر."

ـــــ ئێوە هیچ داوایەکتان لە من نەکرد، بەڵام ئەگەر لە منیان ویستبێت پاداشتێك بدەم بەتۆ دەڵێی چی؟"

ـــــ پاداشت، بۆچی؟

ـــــ سەبارەت بە لەدەستدانی شاگردەکەت.

جۆ بە هێواشی دەستی خستە سەرشانم و گوتی: "لە گەیشتنی پیپ بە سەروەت و گەورەیی پێشوازیش دەکەم و بۆ ڕۆیشتنیشی لێرە بە تەواوی ئازادە، تۆ وادەزانی پارە دەتوانێت جێگەی پیپ بۆ من بگرێتەوە، کە لە منداڵییەوە بەردەوام هاتۆتە کارگەکەی من و بەردەوام بۆ من وەك برادەرێك بووە؟..."

ئیتر نەیتوانی درێژەی پێ بدات.

بەڕێز جاگێرز گوتی: "بەڕێز گارجێری، من ئاگادارت دەکەمەوە کە ئەمە دوایین جارە پێت، دەڵێم ئەو دیارییەی بۆت ڕەچاو کراوە وەری بگرە ئەگینا...

لەم کاتەجۆ زۆر تووڕە بوو و خەریك بوو لەگەڵ جاگێرز دەستەو یەخە بێت کە جاگێرز کۆتایی بە قسەکانی هێنا.

پارێزەرەکە ڕووی کردە من و گوتی: "زۆر باشە بەڕێز پیپ، بەڕای من لەبەر ئەوەی تۆ دەبێ لەمەو دواوە وەك نەجیبزادەیەك پەروەردە بکرێیت، باشتر ئەوەیە زووتر لێرە بڕۆی، حەوتووی داهاتوو لەم ڕۆژەدا وەرێ کەوە، لەگەڵ چوونەوەم ناونیشانەکەمت بۆ دەنێرم، کاتێك گەیشتیتە لەندەن، عەرەبانەیەك بە کرێ بگرە یەکسەر دەتهێنێت بۆلای من.

کاتێك ڕۆیشت، جۆ دەرکەکەی حەوشەی داخست و گەڕایەوە و هەردووکمان لەتەنیشت ئاگرەکە دانیشتین و نزیك بە یەك کاتژمێر چاومان لە ئاگرەکە بڕی، بەبێ ئەوەی هیچکام لە ئێمە قسە بکات.

خوشکم لەسەر کورسییە دەسکدارەکەی خۆی دانیشتبوو، بیدی لە لایەکی ترەوە خەریکی کاری چنین بوو و منیش لەلایەکی دیکە دانیشتبووم. ئاخری گوتم: "جۆ، بیدی دەزانێت؟"

ـــــ نا پیپ، بڕۆ بۆ خۆت پێی بڵێ.

ـــــ جۆ، پێم خۆشە تۆ پێ بڵێی.

جۆ ڕووی کردە بیدی و گوتی: "پیپ لەمڕۆ بەدواوە پیاوێکی دەوڵەمەندە، هیوادارم خوا بەرەکەتی پێ ببەخشێت."

بیدی شتەکانی لەدەست کەوتنە خوارەوە و چاوی تێ بڕیم، جۆش دەستەوئەژنۆ لە سووچێك دانیشتبوو و سەیری منی دەکرد، منیش لە هەردووکیانم دەڕوانی. دوای ماوەیەك بێدەنگییەکەیان شکاند و پیرۆزباییان پێ گوتم. بەڵام لە قووڵایی دەنگیاندا هەستم بە خەمێکی زۆر دەکرد. بیدی زۆری هەوڵ دا خوشکم تێگەیەنێت، بەڵام هەوڵدانەکەی بێهوودە بوو. دوو ڕۆژ دواتر، من باشترین جلە-کانم لەبەر کردن و بەرەو شار وەڕێ کەوتم، سەرەتا چوومە دووکانی خەیاتێك و ئەندازەی خۆم گرت، لەپاشان سەردانی دووکانەکانی کڵاودروون و پێڵاوفرۆشیم کرد و ئینجا بەرەوماڵی بەڕێز پامبێڵ وەڕێ کەوتم.

ئەو پێشتر هاتبوو بۆ کارگەکەی جۆ و بە مەسەلەکەی دەزانی و ئەو ڕۆژە بۆ پێشوازی لە من، میوانداریيەکی بچووکی بۆ دامەزراندم. دوای چەند خولەك پێ هەڵاگوتن و ستایشکردنی من گوتی: "بیرکردنەوە لەوە کە من دەستێکی بچووکم هەبووە لە گەیشتنی تۆ بەم پلەیە، زۆر خۆشحاڵم دەکات و ئەوەش بۆخۆی پاداشتێکە بۆ من. تکام لێ کرد، کە ئیتر هیچ ئاماژەیەك بەم بابەتە نەکات.

ئینجا پامبێڵ منی بردە مەتبەخەکە و خواردنێکی بەلەزەتی لە زمانی حەیوان دروست کردبوو کە لەگەڵ شەراب خواردمان. زوو زوو تۆقەی لەگەڵ دەکردم، هەرچەند یەکەم جار بوو، بەڵام دەیگوت: "کە من بەردەوام گوتوومە ئەم کوڕە کوڕێکی ئاسایی نییە." ئاخری لێی جیا بوومە و گەڕامەوە بۆ ماڵەوە.

چەند ڕۆژێك بەسەر چوو، ڕۆژی هەینی سەرلەنوێ چوومە ماڵی پامبێڵ تا جلوبەرگە نوێیەکانم لەبەر کەم و سەردانێکی خاتوو هاویشام بکەم. لەماڵی خاتوو هاویشام سارا پاکێت دەرکەکەی لێ کردمەوە و ڕێنوێنی کردم بۆ سەرەوە. خاتوو هاویشام لە ژوورەکەی خۆی خەریکی وەرزشکردن بوو ، گوتم: "خاتوون، من بەیانی بەرەو لەندەن وەڕێ دەکەوم، ئیوەش ئەوەندە دڵۆڤانن، لەوەی کە بەجێتان دەهێڵم ناڕەحەت نەبن."لەکاتێکدا گۆچانەکەی بەدەوری مندا دەگێڕا گوتی:"قەیافەت زۆر ڕێکوپێك بووە پیپ! "ئەم حەرەکەتەی بە شێوەیەك بەڕێوە برد، دەتگوت فریشتەی نەجاتی من دوایین بەرەکەتی خویم پێ دەبەخشێت. لەبەرخۆمەوە گوتم: "خانم، دوایین جارە کە سەردانی تۆم کرد سەروەتێکی زۆرم پێ گەیشتووە و چەندەش بەو هۆیەوە خۆشحاڵم.

لە کاتێکدا بەخۆشحاڵییەوە سەیری سارا پاکێتی دەکرد، گوتی: "بەڵێ، بەڵێ بەڕێز جاگێرز دوێنێ لێرە بوو و شتێکی بۆ گێڕامەوە. کەوابێ بەیانی وەڕێ دەکەوی؟

ـــ بەڵێ خاتوون.

ـــ پیاوێکی دەوڵەمەند تۆی وەك کووڕی خۆی قەبووڵ کردووە، وا نییە؟

ـــ بەڵێ خاتوون.

ـــ تۆ ناوی نازانی؟

ـــ نەخەیر خاتوون.

ـــ بەڕێز جاگێرز سەر پەرەشتیی تۆ دەکات؟

ـــــ بەڵێ خاتوون.

ئینجا درێژەی پێدا: " کەوا بێت تۆ داهاتوویەکی ڕوونت لە پێشدایە، هەوڵ بدە باش بیت و شایانی ئەو پلەیە بیت و فەرمانەکانی سەرپەرشتیارەکەت بەڕێوە ببەیت."

سەیرێکی من و سەیرێکی سارا پاکێتی کرد، بە دیتنی قەیافەی سارا زەردەخەنەیەکی نامۆی کرد و گوتی: "خوات لەگەڵ پیپ، دەزانی کە دەبێ بەردەوام ئەم ناوە بپارێزی؟"

دەستی بۆ لای من درێژ کرد و منیش چۆکم دادا و دەستیم ماچ کرد و هاتمە دەرەوە، لەوێوە چوومە ماڵی پامبێڵ، جلوبەرگە نوێیەکانم لە جلدوورەکە وەرگرتنەوە، بەڵام ئەوانم پێچانەوە و کۆنەکانم لەبەر کردنەوە و گەڕامەوە بۆ ماڵەوە، ڕاستییەکەی من لە جلە کۆنەکانم دا زۆرتر هەستم بە ڕاحەتی دەکرد.

ئاخرییەکەی ئەو شەش ڕۆژە کە لێم درێژ ببوونەوە تێپەڕین و ڕۆژی دیاریکراو هات. بریار بوو کاتژمێر پێنجی سەرلەبەیانی گوندەکەی خۆمان بەجێ بێڵم و بەرەو لەندەن وەرێ کەوم. بە جۆم گوتبوو، حەز دەکەم بەتەنیا بڕۆم.

ئەو شەوە تا بەیانی خەونم بە عەرەبانەوە دەبینی، عەرەبانەگەلێك لەجیاتیی ئەسپ بە پشیلە و سەگ ڕادەکێشران و لە جیاتی لەندەن بەرەو شوێنی دیکە دەڕۆیشتن.

تەواوی ئەو شەوە خەونی جۆراوجۆرم دەبینین تا بەیانی هات و کەڵەشێرەکان دەستیان کرد بە خوێندن. لە جێگەکەم هاتمە دەرەوە و جلەکانم لە بەر کردن، بەڵام دوودڵ بووم بۆ دەرچوون، تا بیدی بانگی کردم و گوتی زووکە درەنگ بووە.

بە پەلە نانی بەیانیم خوارد، بەڵام تامم لێ نەکرد. خوشکم و بیدیم ماچ کرد و جۆم لە باوەش گرت و جانتا بچووکەکەم هەڵگرت و وەڕێ کەوتم. بۆم دەرکەوت

کە ڕۆیشتن زۆر ئاسانترە لەوەی بیرم لێ دەکردەوە، بە هێواشی و فیکەلێدان وەرێ کەوتم.

گوندەکەمان ئارام و بێدەنگ بوو، ئەوەندە لەم گوندە بچووکەدا بە خەمساری و منداڵانە ژیابووم کە بێجگە لە وەی هەموو شوێنێك بۆ من نامۆ و گەورە بوو. لەناکاو دەستم کرد بەگریان و کاتێك گەیشتمە ئاخری گوندەکە دەستم خستە سەر تابلۆی ڕێنیشاندەر و گوتم: "خوات لەگەڵ ئەی برادەری بەڕێزم."



# (١٥)

## لەنێو لەندەن

لە گوندی ئێمەوە تا لەندەن پێنج کاتژمێر ڕێگەبوو، کاتێك گەیشتمە نووسینگەکەی بەڕێز جاگێڕز گوتی، ئەو چۆتە مەحکەمە، بەڵام پەیامی بۆ داناوی کە تا کاتی هاتنەوەی چاوەڕوانی بکەی. ئینجا ڕێنوێنی کردم بۆ ژوورێکی دیکە، ماوەیەکی زۆر چاوەڕوان بووم تا بەڕێز جاگێڕز هاتەوە.

ژمارەیەکی زۆر ژن و پیاو چاوەڕێ بوون، لەگەڵ گەیشتنی جاگێڕز بۆ نووسینگەکەی دەورەیان گرت، جاگێڕز ئاماژەی بە دووکەسیان کرد و گوتی: "جارێ هیچم پێ نییە بە ئێوەی بڵێم، زانیاری تەوایشتان داوە بە من، لەڕاستیدا هاتنی ئێوە بۆ ئێرە تەنیا کاتم دەگرێت، ئەی پارەتان داوە بە وێمیك؟"

دوو پیاوەکە سەیرێکی یەکتریان کرد و گوتیان: بەڵێ.

ـــ زۆر باشە، کەواتە دەتوانن بڕۆن، بڕۆن ئەگینا ئەگەر زۆربڵەیی بکەن ئیشەکەتان بۆ جێبەجێ ناکەم.

یەکێك لەوان کڵاوەکەی لەسەر سەری لابرد و گوتی: "بەڕێز ئێمە وامان زانی..." بەڕێز جاگێرز کەوتە نێو قسەکانیەوە و گوتی: "چم پێ گوتن وا بکەن، پێویست ناکا هیچم پێ بڵێن، ئەگەر ئیشیشم پێتان بوو دەزانم دەبێ لە کوێ بتان دۆزمەوە ئیتر پێویست ناکا ئێوە بێن بۆ ئێرە، بەسە حەز ناکەم گوێم لە یەك

قسەی دیکە بێت. "دوو پیاوەکە سەیرێکی یەکتریان کرد و بەبێ ئەوەی زمان بێننە گۆ کشانە دواوە ڕۆیشتن.

سەرپەرشتەکەی من لەگەڵ ئامادەبووەکانی دیکەش بەم شێوە قسەی کرد و لە پاشان منی بردە ژوورەکەی خۆی و گوتی، تۆ دەبێ بچیتە قاوەخانەی "بێرنارد" بەڕێز پاکێت لەوێیە، پێشتر قەرەوێڵەیەکی نوستنم بۆ ئامادە کردووی و لە ژوورەکەی ئەوم داناوە تا ڕۆژی دووشەممە لەوێ وەمێنە ئینجا ئەو، تۆ دەبات بۆلای باوکی تا تۆ بزانی پێت خۆشە ئەو پەروەردەکردنی تۆ بە ئەستۆ بگرێت یان نا. هەروەها نووسراوەیەکی دامێ کە لەوێدا منی بە تاجرێك ناساندبوو بۆ ئەوەی جلوبەرگ و پێداویستیەکانم لەو بکڕم، ئینجا بە سکرتێرەکەی کە ناوی بەڕێز وێمیك بوو گوت: "ئەم کوڕە بەرە بۆلای کوڕی پاکێت لە قاوەخانەی بێرنارد. بە درێژایی ڕێگا من سەرنجم دابووە بەڕێز وێمیك، زەلامێکی وشك و کورتەبالا بوو، دەموچاوێکی چوارگۆشی هەبوو، لە جلە نارێك و دڕاوەکانی ڕا ئەوەم بۆ دەرکەوت کە هێشتا ژنی نەهێناوە. چاوەکانی بچووك و ڕەش و درەوشاوە بوون، لێوەکانی باریك و زارێکی گەورەشی هەبوو. ڕووی کردە من و گوتی: "کەواتە تا ئێستا لەندەنت نەبینیوە؟"

ـــ نا، ئەرێ لەندەن شوێنێکی خراپە؟

ـــ لەوانەیە لە لەندەن هەڵتفریوێنن و شتەکانت بدزن یان بت کوژن، بەڵام مرۆڤی دەروونخراپ لە هەموو شوێنێکی دنیا زۆرن کە لەوانەیە نارەحەتیت بۆ دروست بکەن. لەو قسانەدا بووین، گەیشتینە قاوەخانەکەی بێرنارد.

بەڕێز وێمیك منی بۆ نهۆمی سەرەوە ڕێنوێنی کرد. لەسەر دەرکەیەك نووسرابوو "هێربێرت پاکێت" و لەسەر سندووقی پۆستەکەش نووسراوەیەکی لێ بوو کە لەوە دەچوو بۆ من بێت، نێوەرۆکەکەشی ئەوە بوو: "بەزووترین کات دەگەڕێمەوە." وێمیك خواحافیزی لێ کردم و ڕۆیشت.

نیوکاتژمێر تێ پەڕی، گوێم لە دەنگی پێی کەسێك بوو کە لە قالدرمەکان سەر دەکەوت، زانیم پاکێتە، دوو جانتا پڕ لە کاغەزی بە بن هەنگڵیەوە بوو و سەوەتە میوەیەکیش بەدەستەوە، بە هەناسە بڕکێ لە قالدرمەکان سەر دەکەوت، لە گەل ئەوەی منی بینی، گوتی: "بەڕێز پیپ." منیش وەڵامم دایەوە و گوتم: "بەڕێز پاکێت! "

ـــــ بەڕاستی بەداخم، من وام زانی تۆ بە عەربانەکەی دوانیوەڕۆ دێیت بۆ ئێرە.

ماوەیەك خەریکی هەوڵدان بوو بۆ کردنەوەی دەرکەکە تا بۆی کرایەوە، چووینە ژوورەوە. پاکێت گوتی: "باوکم وای بیر کردەوە کە ئێوە خوازیاری ئەوەن کاتی پشووەکەتان زیاتر لای من بەسەر بەرن نەك لای ئەو. لەوانەیە پێتان خۆش بێت تۆزێك لەنێو لەندەن بگەڕێن، بە هەرحاڵ خۆشحاڵ دەبم لەندەنتان پێ نیشان بدەم.

لەڕاستیدا ماڵی من جێگەیەکی زۆر باش نییە. ناچارم بۆ خۆم پێداویستییەکانی ژیانم دابین بکەم.

ئەوەش ژووری خەوی ئێوەیە، کەلوپەلەکانی هەمووی بەکرێ گیراون، بەڵام بۆ ماوەیەکی کاتی بەستانە.

ڕووبەڕووی پاکێت دانیشتبووم کە لەناکاو گوتی: "ئەی خوایە گیان! تۆ ئەو کوڕە نیت کە شەڕم لەگەڵ کردی؟"

ـــــ تۆش کوڕە گەنجەکەی؟

ماوەیەك بە بێدەنگی بەرامبەر یەکتر ڕاوەستاین و لەپاشان دەستمان کرد بە پێکەنین. گوتم: "سەیرە، کەواتە تۆ ئەو کوڕە گەنجە ڕەنگپەڕیوەکەی؟"هێربێرت وەڵامی دایەوە:" ئەوکات تۆ ئەم سەروەتەت دەست نەکەوتبوو؟ "گوتم: نا." گوتی: "ڕاستە، بە گوێرەی هەواڵ بەسەرهاتی دەوڵەمەندبوونی ئێوە، تازەیە.

منیش ئەوکات بە دوای سامانێکدا دەگەڕام، خاتوو هاویشام منی بانگ کردبوو بو لای خۆی تا بزانێت منی خۆش دەوێت یان نا. بەڵام دیارە منی پەسەند نەکردبوو. لەوانەیە ئەگەر بم توانیبا سەرنجی بۆلای خۆم ڕاکێشم، ئیستا ئێستێلا دەزگیرانی من دەبوو".

ـــــ باشە چۆن توانیت لەگەڵ ئەم شکستەدا هەڵ بکەی؟

ـــــ مەسەلەکە بەلامەوە زۆر گرینگ نەبوو. ئێستێلا کچێکی تووڕە و تۆسنە، زۆر ڕۆح زل و خۆویستە، خاتوو هاویشام ئەوی پەروەردە کردووە تا تۆڵەی خۆی لە پیاوان بکاتەوە.

ـــــ باشە خزمایەتی ئێستێلا و هاویشام لە کوێڕایە؟

ـــــ هیچ خزمایەتیەکیان نییە، تەنیا هەڵی گرتۆتەوە و بە کچی خۆی قبوولی کردووە.

ـــــ بۆچی خاتوو هاویشام دەیهەوێت تۆڵە لە پیاوان بکاتەوە و چ تۆڵەیەکیش دەستێنێتەوە؟

ـــــ بۆ بەڕێز پیپ، مەگەر ئێوە نازانن؟

ـــــ نا

ـــــ بەسەر هاتێکی دوورودرێژە. کاتی نانی ئێوارە بۆت دەگێڕمەوە.

هێربێرت لە هەڵسوکەوتدا زۆر هاودڵ و ڕووخۆش بوو. هەروەها بۆم دەرکەوت کە ئەم کوڕە نهێنی پارێز نییە و ناتوانی متمانەی پێ بکەی بۆ ڕاگرتنی نهێنیەکان و لەداهاتووشدا قەت لە ژیانیدا سەرکەوتوو نابێت و هیچکاتیش دەوڵەمەند نابێت. چیرۆکی ژیانی خۆم بۆ گێڕایەوە بەتایبەت باسی ئەوەم بۆ کرد کە ئەو کەسەی کەوا ئەم پارەیەی داوە بە من، پێی خۆش نییە جارێ ناوی بزرێ.

لەکاتی نانی شەودا چیرۆکی خاتوو هاویشامی بەم شێوە بۆ گێڕامەوە:

"خاتوو هاویشام لە کاتی منداڵیدا زۆر نازپەروەردە بووە، کاتێك منداڵ بوو دایکی لەدەست دەدات و لە ژێر چاودێریی باوکیدا گەورە دەبێت. باوکی زۆر دەوڵەمەند و وەك خۆی لووتبەرز بووە. خاتوو هاویشام تەنیا منداڵی باوکی نەبووە و زڕبرایەکیشی هەبووە، گوایە باوکی بەدزییەوە لەگەڵ چێشتلێنەرەکەی خۆی زەواجی کردووە و ئەو کوڕەی لێ بووە، دوای ماوەیەك کە ئەم ژنە دەمرێت باوکی ئەم بەسەرهاتە بۆ خاتوو هاویشام دەگێڕێتەوە، لەو کاتەوە ئەو کوڕە هاتۆتە ڕێزەی بنەماڵەی هاویشام و لەو ماڵەدا کە تۆ بە باشی دەیناسی ژیا. بەڵام کاتێ گەورە بوو کوڕێکی شەڕانی و خوێری لێ دەرهات و باوکی لە میرات بێبەری کرد. بەڵام لە دواساتەکانی ژیانیدا لەو کردەوە توندەی بەرامبەر بە کوڕەکەی نواندوویەتی پەشیمان دەبێتەوە و بەشێکی بۆ دادەنێت. ئەگەرچی زۆر لە بەشەکەی خاتوو هاویشام کەمتر بوو، بەڵام شتێکی هەر وەبەر کەوت کە ئەویشی دوای ماوەیەك بەبادا و بڕە پارەیەکی زۆریش قەرزدار بۆوە. لە پاشان پیاوێکی دیکە هاتە گۆڕەپانەوە کە خاتوو هاویشامی زۆرخۆش دەویست، ئەو ماوەیەك دەورەی خاتوو هاویشامی دا تا ئەو کچە بێچارەی لە قووڵایی دڵییەوە عاشق و شەیدای خۆی کرد، ئینجا ئەم پیاوەش ئەوینە جوان و بێ گەردەکەی ئەم کچەی بەدەرفەت زانی و پارەیەکی باشی بە قەرز لێ ستاند، لەنێو خزم و قەومدا تەنیا باوکم بە خاتوو هاویشامی دەگوت، ئەم پیاوە بۆ تۆ نابێت، بەڵام بە قسەی باوکمی نەکردبوو، تەنانەت جارێك لە پێش چاوی ئەو پیاوە باوکمی وەدەر نابوو و باوکیشم لەو کاتەوە تا ئێستا چاوی بە خاتوو هاویشام نەکەوتۆتەوە. کۆتایی ئەوینەکەشیان بەم شێوە بوو، ئەم دووانە تەنانەت ڕۆژی زەماوەندیشیان دیاری کرد و خەڵکێکی زۆریان بانگهێشت کرد. ڕۆژی زەماوەند گەیشت، بەڵام زاوا دیار نەبوو و لە ئاخرین چرکەدا نامەیەك گەیشتە دەستی خاتوو هاویشام ..."

لێرەدا من پەڕیمە نێو قسەکانییەوە و گوتم: "ئەم نامەیە لە کاتژمێر هەشت و چلّ خولەك لە کاتێکدا جلوبەرگی بووکێنی پۆشیبوو و خەریکی جوانکاری بوو، بەدەستی گەیشت، وایە یان نا؟"

هێربێرت سەری جووڵاندەوە و گوتی:"دروستە وایە، ڕاست لەم کاتژمێر و لەم خولەکەدا، ساتێك کە ئەو هەموو کاتژمێرەکانی ماڵەکەی خۆی لەسەری ڕاگرتووە، ئینجا خاتوو هاویشام نەخۆش کەوت و بۆماوەیەکی زۆر لە جێگەدا مایەوە.

کاتێك لە نەخۆشییەکە ڕزگاری بوو. هەمووشتێکی بەم شێوە کە تۆش بینیوتە بەبێ کەڵك هێشتۆتەوە، لەو ڕۆژەشەوە ڕووی خۆری نەبینیوە.

دوای ماوەیەك بیرکردنەوە لێم پرسی:"چیرۆکەکەی ئەوەندە بوو؟"

ـــــ بەڵێ هەمووچیرۆکەکە، یان لانیکەم ئەوەی من دەیزانم ئەوەندە بوو. بەڵام شتێکم لەبیر چوو پێتی بڵێم ئەویش ئەوە بوو، دوای ماوەیەك دەرکەوت کە ئەو پیاوەی خاتوو هاویشامی هەڵفریواندبوو، شەریکە بەشی زڕبراکەی بووە. بەم شێوە ئەو پارەیەی لێیان ستاندبوو لەنێوان خۆیاندا بەشیان کردبوو.

گوتم: "من ئەوەم بەلاوە سەیرە، بۆچی ئەو پیاوە ژیانی هاوبەشی لە گەڵ خاتوو هاویشام پێك نەدەهێنا، تا بە یەکجاری هەموو سامانەکەی بۆ خۆی بێت."

ـــــ لەوانەیە ژنی هەبووبێت.

ـــــ باشە لە کۆتاییدا ئەم دوو پیاوە چیان لێهات؟

ـــــ ئەو دوو پیاوە شەڕانییە دوای ئەم مەسەلە لەنێو بێ ئەخلاقی و گەندەڵیدا نوقم بوون تا تێکشکان و لێ کەوتن.

ـــــ ئیستاش ماون؟

ــــ نازانم، ئێستا زانیارییەکانی تۆ سەبارەت بە خاتوو هاویشام، لەگەڵ من بەرامبەرن.

لەنێو قسەکانماندا لە هێربێرتم پرسی ئیشی چییە. گوتی سەرمایەیەکی لەبەر دەستدایە کە بە هۆیەوە کەشتییە تیجارییەکانی پێ بیمە دەکات، هەرچەند چاویشم لە دەوروبەرم دەکرد نیشانەیەکم لە سەرمایە و کەشتی لێخوڕین لە ژوورەکەدا نەدەبینی. لەدرێژەی قسەکانیدا گوتی: "من بەوەش ڕازی نابم، کە سەرمایەکەم تەنیا بە بیمەکردنی کەشتییەکان وەگەڕ بخەم، هەروەها بەم زووانە دەمەوێ هەندێك بەشی سەرمایەیی بکڕمەوە. هەندێکیش لە سەروەتەکەم بۆ دەرهێنانی کانزا مەعدەنییەکان تەرخان دەکەم و ڕەنگە خەریکی تیجارەتی هاوریشم و خوری و بەهارات و داودەرمانی گیایی و ڕەنگ و دارە بەنرخەکانی هیندستانیش بم. بەڕای تۆ باش نییە؟

گوتم: "قازانجی زۆر دەکەی". وەڵامی دایەوە: "بەڵێ، زۆر" ئینجا لە کاتێکدا دەستی دەخستە گیرفانییەوە و گوتی: "دەشم هەوێت خەریکی تیجارەت لەگەڵ هێندی ڕۆژئاوا (ئەمریکای ئەمرۆ) بم و شەکر و تووتن بهێنم، لەوانەشە لە وەڵاتی سەیلان لە بوواری دانە فیل بازرگانی بکەم.

پێم گوت: "بۆ ئەم تیجارەتە بەربڵاوە کەشتیگەلێکی زۆرت پێویستە."

ــــ بەڵێ، کاروانێکی تەواو.

من کە بەتەواوی کەوتمە ژێر کاریگەری پلانە تیجاریەکانییەوە لێم پرسی: "ئەو کەشتیانەی تا ئەو کاتە بیمەی کردوون لە کام هێڵدا تیجارەت دەکەن ؟"

لە وەڵامدا گوتی: "من هێشتا دەستم بە بیمەکردنی کەشتیەکان نەکردووە. جارێ سەرقاڵی لێکۆڵینەوەم لە سەری، ئیستیاش خەریکی ئیشی ژمێریاریم."

ــــ ئەرێ ژمێریاری ئیشێکی پڕداهاتە؟

ــــــ نا، نا، بۆ من باش نییە. ئەم ئیشە هیچ قازانجێکی نییە و دەبێ لە گیرفانی خۆم بخۆم. بەڵام ئاخرییەکەی کاتی ئەوە دێت ڕێگەکان ئاوەڵە بن و سەرمایەی پێویستم دەست کەوێت، ئەوکات دەبینی کە سەرکەوتن لە باوەشمدایە.

ئێستاش وەك ئەو ڕۆژەی کە شەرم لەگەڵ کرد قسەی دەکرد، ڕێگەی نەداری و شکستی هەروەك شکستی ئەو ڕۆژەی بۆ خۆی ئاسان دەکرد.

نەداری و هەژاری لە سەر و سیمای ژوورەکەیرا دیار بوو، بیجگە لەچەند کەلوپەلێکی سەرەتایی هیچی دیکەی نەبوو. ئەو شتانەی دیکەش کە لە ژوورەکەدا بە شایانی گرینگیپێدان دەهاتنە بەرچاو خاوەنی میوانخانەکە لەبەر خاتری من دایبوونێ.

دوانیوەڕۆی شەممە بوو، ئێمە بۆ پیاسەکردن لەنێو لەندەندا وەدەر کەوتین. شەو بە بلیتی نیوەقیمەت چووین بۆ بینینی شانۆ، بەیانیەکەیشی کە یەکشەممە بوو سەردانێکی کلێسەی "وێست مینیسێر"مان کرد، ئێوارەکەیشی لەنێو پارکەکاندا گەڕاین.

دوانیوەڕۆی دووشەممە چووین بۆ "هێمراسمیت"، ماڵی بەڕێز پاکێت و منیان لەنێو باخەکەیان بە ئاغا و خانمی پاکێت ناساند. بەڕێز پاکێت، منی ڕێنوێنی کرد بۆ بینا گەورەکە و ژووری مانەوەمی پێ نیشان دام. لە پاشان لە دەرکەکانی دوو ژوورەکەی ئەملاو ئەولای ژوورەکەی منی دا و منی بە دانیشتوانی هەردووك ژوورەکە ناساند، کە یەکێکیان ناوی "بێنتلی دراميێل" و ئەوی دیکەشیان "ستارتاپ" بوو.

بێنتلی لاوێك بوو کە بە ڕەواڵەت پیری دەنواند، باڵابەرز و ئەستوور بوو و لەو کاتەدا فیقەی لێدەدا.

ستارتاپ بەڕەواڵەت و لەڕاستیدا لە بینتلی گەنجتر بوو، کاتێك چووینە ژوورەکەی سەری بە دوودەستەکانی گرتبوو و سەرقاڵی خوێندنەوە بوو.

چەند ڕۆژێکی خایاند تا من لە ژوورەکەی خۆمدا نیشتەجێ بووم. لەماوەی ئەو چەند ڕۆژەدا چەند جارێك بۆ کرینی پێداویستییەکانم لەو تاجرەی کە بەڕێز جاگێرز پێی ناساندبووم سەردانی لەندەنم کرد، چەند ڕۆژێك لە هاتنی من بۆ ئەم شوێنە تێدەپەڕی، ڕۆژێك وتووێژێکی چڕ و پڕمان کرد، زانیارییەکانی مامۆستایەکەم سەبارەت بەمن ئەوەندە زۆر بوون کە بۆ خۆشم ئەوەندەم دەربارەی خۆم نەدەزانی، بەڕیز جاگێرز بە مامۆستاکەمی گوتبوو، ئەو کەسەی پارەکەی داوە بە من پێی خۆش نییە پیپ بچێتە نێو هیچکام لە لقەکانی دنیای تیجارەتەوە. بەڵکو پێی خۆش بوو من ڕاهێنان و بارهێنانێکی ئاغاوەتانە و نەجیبزادانەم هەبێت. ڕازی بووم، لەبەر ئەوەی بۆ خۆشم جگە لەوە ئاواتێکم نەبوو. مامۆستاکەشم بەتایبەتی پێی ڕاسپاردبووم کە هاتوچۆم بۆ زۆر شوێن لە لەندەن کەمەوە تا بتوانم زانیارییە مەبەستەکان وەربگرم و لە هەموو شوێنێك ڕێنوێنیکەرم بێت.

مامۆستاکەم بە شێوەیەکی وەستایانە و لێهاتووانە لێم نزیك بۆوە و ئەوەندەشی هاودڵی و یەك ڕەنگی لە خۆی نیشان دەدا، کە من متمانەی تەواوم پێ کردبوو. هەڵسوکەوتی مامۆستاکەم سەبارەت بەمن وەك مامۆستایەکی وشك و یاسایی نەبوو، هەر بۆیە هەڵسوکەوتی منیش بەرامبەر بەو یەکدڵ و برادەرانە بوو.

دوای ماوەیەك کە ئیشەکانم جێبەجێ بوون و سەرڕێ کەوتم و بە حەزەوە خەریکی ئیشەکەم بووم، بیرم کردەوە و گوتم، لەبەر ئەوەی شیوەی ئاکاری من زۆر لەو کۆمەڵگایە دەچێت کە هێربێرت تێیدا دەژیت، کەواتە زۆر باش دەبیت ئەگەر ماڵەکەم وەگوازم و لە لای هێربێرت لە میوانخانەکە ژوورێك بە کرێ بگرم، بەم شێوە ژیانیشم خۆشتر دەبێت.

بەڕێز پاکێت دژایەتی لە گەڵ ئەم بۆچوونە نەکرد، بەڵام گوتی پێش هەموو شتێك دەبێ ڕەزایەتی سەرپەرشتەکەت وەربگری. بابەتەکەم لای بەڕێز جاگێڕز باس کرد، ئەویش ڕازی بوو و ئەمری بە وێمیك کرد بیست لیرەم بداتێ بۆ کڕینی پێداویستییەکانی ماڵەکەم.

# (١٦)

## دیداری جۆ لە میوانخانەی بێرنارد

سەرلەبەیانیی ڕۆژی دووشەممە، نامەیەکم لەلایەن بیدییەوە پێ گەیشت کە نووسیبووی "جۆ بەیانی بۆ چاوپێکەوتنی تۆ دێتە میوانخانەی بێرنارد." لە بیستنی ئەم هەواڵە زۆر خۆشحاڵ نەبووم.

ئەگەر بم توانیبا بە زۆری پارەش بووایە، جۆم لەم سەفەرە پەشیمان دەکردەوە، بەلام وێڕای ئەوەش شوکری خوام دەکرد کە بۆ بینینی من دێتە میوانخانەی بێرنارد، ئەگەر هاتبایە ماڵی بەڕێز پاکت لە هێمیراسمیت چیم بکردایە؟ لەڕستیدا من ناڕازی نەبووم کە هێربێرت و باوکی کەهەر دووکیشیان بەلامەوە بەڕێز بوون جۆ ببینن، بەڵام حەزم نەدەکرد درامێل، کە بە هۆی تەنبەڵییەکانییەوە شەو و ڕۆژ سەرزەنیشتم دەکرد، جۆ ببینێت.

بەیانی زوو لە خەو هەستام و مێزی نانخواردنم بە جوانی لە ژووری میوان ڕازاندەوە، لەو کاتەدا گوێم لە دەنگی پێی جۆ بوو، لە قالدرمەکان سەر دەکەوت، لە دەنگی ناخۆشی پێی زانیم جۆیە، لەبەر ئەوەی تەنانەت باشترین کەوشەکانیشی بەردەوام لە لاقەکانی گەورەتر بوون. دەنگیم گوێ لێ بوو کە نووسراوەکانی سەر دەرکەکانی نهۆمی خوارەوەی دەخوێندەوە، ئینجا هاتە نهۆمی سەرەوە قامکی بە دەرکەکەیەوە نا و هاتە ژوورەوە.

ـــــ سلاو جۆ ئەحواڵت چۆنە؟

ـــــ ئەی تۆ چۆنی پیپ؟

ـــــ زۆر خۆشحاڵم بە بینینت جۆ، تکایە کلاوەکەتم بدەیە.

بەڵام جۆ کڵاوەکەی بە شێوەیەك کە دەتگوت هێلانەی باڵندەیە، هەڵگرت و، دەتگوت شتێکی زۆر بەنرخی پێیە و نەیدەویست لە خۆی دور بخاتەوە، بە نارەحەتییەوە لە کن خۆی هێشتەوە، دەتگوت، بێ ڕێزیم پێ کردووە. جۆ درێژەی بە قسەکانی دا و گوتی: "چەند گەورە بووی، چەند قەڵەو بووی، ڕەنگ و ڕووی شارت گرتووە و بووی بە پیاو، تۆ هەوێنی شانازیت بۆ وڵاتەکەت و شایەکەت!

ـــ جۆ، تۆش خۆشحاڵ دیاری.

ـــ شوکر بۆ خوا ، حاڵی خوشکت هەر وەك خۆیەتی، بیدی باشە و بەردەوام خزمەتمان دەکات، باقی برادەرانیش باشن، بەڕێز وێپسێڵ ئیشی کلێسەی بەجێ هێشتووە و بۆتە ئەکتەر.

لەو قسانەدا بووین، هێربێرت هاتە ژوورەوە، منیش لەگەڵ جۆ بە یەکترم ناساندن، هێربێرت دەستی هێنایە پێشەوە بۆ تۆقەکردن، بەڵام جۆ بەبێ ئەوەی دەستی بێنێتە پێشەوە لەکاتێکدا هێلانە باڵندەکەی بەدەستەوە بوو، گوتی:"نۆکەری تۆم بەڕێز."

جۆ درێژەی بە قسەکانی دا و گوتی، هیوادارم ئێوە لێرە باش بن، لەوانەیە بە ڕای دانیشتووانی لەندەنەوە، ئێرە شوێنێکی باش بێت بەڵام من ڕازی نابم تەنانەت بەرازەکانیشم لێرە ببەستمەوە.

بانگمان کرد بۆ سەر مێزەکە، ماوەیەك لەم لاو لەو لای دەڕوانی تا شوێنێك بۆ هەڵاوەسینی کڵاوەکەی بدۆزێتەوە، ئاخری لە تەنیشت دەرکەکە بزمارێکی دۆزییەوە، بەوێوە هەڵیواسی، بە شێوەیەك کە چەند جارێك کەوتە خوارەوە.

هێربێرت ڕووی کردە جۆ کە چاوەکانی لە سفرەکە بڕیبوو و پێی گوت: "بەڕێز گارجێری، ئیشتیاتان لە چییە؟ چا یان قاوە؟"

جۆ کە بە وشکی و ڕەپوڕاست لەسەر کورسییەك دانیشتبوو، وەڵامی دایەوە: "هەرکام بۆ تۆ ڕەحەتتر بێت."

ـــــ قاوە چۆنە؟

جۆ کە لەوە دەچوو زۆریشی حەز لە قاوە نییە، گوتی:"سپاس، ئێستا کە تۆ کەرەمت کردووە و قاوەت هەڵبژاردووە، منیش قسەیەکم نییە. باشە بە ڕای تۆ ئەو قاوەی هێناوتە خەست نییە؟"

هێربێرت لە کاتێکدا چای بۆ تێ کرد، پێی گوت: "کەواتە بفەرموو حەزت لە چایە." لەم کاتەدا کڵاوەکەی کەوتە خوارەوە، جۆ هەستا و هەڵی گرتەوە و دووبارە هەڵیاوەسیەوە. یەخەی کراسکەی و چاکەتەکەی زۆر سەیر بوون، نازانم بۆچی بۆ ئەوەی بسەلمێنێت، خۆشپۆشە و جلوبەرگی جوان لەبەر دەکات، ئەوەندە خۆی خستبووە عەزیەتەوە و جلوبەرگی ڕۆژی پشووی لەبەر کردبوو، کە ببوو بە هۆی ئازارکێشانی. لە کاتی نانخواردندا بەردەوام دەکۆخی، لەبەر ئەوەی کورسییەکەی لە مێزەکە دوورتر دانابوو، بەردەوام لەتکە نان و خواردنی دیکە بەردەبوونەوە سەر عەرز، دەتوانم بڵێم ئەوەی کەوتبووە سەر عەرز، لەوەی خوارد-بووی زیاتر بوو. ئەو ڕۆژە ئاکاری جۆ زۆر بە لامەوە سەیر و نارەحەتکەر بوو، کاتێك هێربێرت ڕۆیشتە دەرەوە بەدوای ئیشەکەیدا زۆرم پێ خۆش بوو. ئەو کاتی بیر و هەستی من ئەوەندە بەهێز نەبوو کە بم زانیبا ئەگەر من لەگەڵ جۆ تۆزێك خۆمانەتر و یەکدڵتر بایەم، ئەویش بەم شێوە ناسروشتییە نەدەجووڵایەوە و هەڵسوکەوتی لەگەڵ نەدەکردم. بەڵام من نەم توانی تەحەمولی هەڵسوکەوتەکەی بکەم، بۆیە بە تووڕەییەوە لەگەڵی جووڵامەوە.

جۆگوتی:" بەڕێز ئێستا کە بەتەنیاین.

چوومە نێو قسەکانییەوە و گوتم:"جۆ بۆ بە من دەڵێی بەڕێز؟"

بۆ ساتێك جۆرێك سەیری کردم، سەرزەنیشتکردنی لێ دەخوێندرایەوە و درێژەی پێدا: "ڕۆژێك لە قاوەخانە دانیشتبووم بەڕێز پامبێلّ هات و گوتی، خاتوو هاویشام دەیهەوێت بم بینێت، منیش ڕۆژی دوایی چووم بۆ دیداری خاتوو

هاویشام، لێی پرسیم ئاگات لە حاڵی جۆ هەیە یان نا؟ کاتێك گوتم بەڵێ، داوای لێ کردم، پێت بڵێم، ئێستێلا هاتۆتەوە و ئەگەر بێیت بۆ لای پێی خۆش دەبێت. "پاشان لە سەر کورسییەکەی هەستا و گوتی: "بەڕێز هۆی دیدارەکەی من لە گەڵ تۆ ئەوە بوو. هیوادارم لە گەیشتن بۆ پلەکانی سەرەوەتر سەرکەوتوو بی.

ـــ جۆ خۆ ناتهەوێ ئێستا بڕۆی؟

ـــ با، ئێستا دەڕۆم.

ـــ کەواتە بۆ نیوەڕۆ دێتەوە؟

ـــ نا.

چاومان لە یەکتر بڕی. دەستەکانیم خستە نێو دەستەکانمەوە و هەستم کرد، تۆزێك ناڕەحەتی لە دڵە پاك و بێ گەردەکەی کەم بۆتەوە.

ـــ پیپ، برادەری بەڕێزم، لەبەرکردنی ئەم جلوبەرگانە بۆ من لەبار و شیاو نییە، لەڕاستیدا هاتنەدەرەوەی من لە کارگەکەم و لە ماڵی خۆم و یان لانیکەم لە گوندەکەم هەڵەیە. ئەگەر من جلوبەرگی ئاسنگەریم لەبەردابێت و چەکوچێکم بەدەستەوە بێت، زۆربەی ئەو هەڵانەی کە ئەمڕۆ بینیتن، نایان بینی.

ئەگەر تۆ ڕۆژێك لە ڕۆژان ویستت من ببینی و هاتییە گوندەکەمان و جۆی ئاسنگەرت بینی بە جلوبەرگی ئیشکردنەوە و چەکوچ بە دەست خەریکی کارە کۆنەکەی خۆیەتی، هەڵەیەکی تێدا بە دی ناکەی. کەواتە خواحافیز کوڕی خۆم، خواحافیز.

بە باشی هەستم بە گەورەیی و سادەیی لە دەروونیدا کرد.

بە هێواشی نێوچاوانی ماچ کردم و ڕۆیشتە دەرەوە. ماوەیەکی خایاند تا وەخۆم هاتمەوە. بە دوایدا هەڵاتم، هەموو شەقامەکانی دەوروبەر گەڕام بەڵام ئەو ڕۆیشتبوو.

## (١٧)

## ئێستێلا دڵی نییە

دوانیوەڕۆ، سواری عەرەبانەیەك بووم و بەرەو شارەکەی خۆمان وەڕێ کەوتم. کاتێك گەیشتە ئەوێ شەو درەنگ بوو. شەوم لە میوانخانەی"ورچی شین" کردە ڕۆژ و بەیانی زوو لە جێگەکەم هاتمە دەرەوە تا بچمە ماڵی خاتوو هاویشام.

هێشتا بۆ سەردانی خاتوو هاویشام زوو بوو. ماوەیەك خەریکی پیاسەکردن بووم و لە کاتێکدا بیرم لە کەسە خێرخوازەکەم دەکردەوە کە منی بەو پلە گەیاندبوو، لەنێو مێشکمدا وێنەگەلی جوانم دەکێشانەوە لەو نەخشە و پلانانەی کە بۆ منی داڕشتووە، دەم گوت ئەو ئێستێلای وەك کچی خۆی هەڵبژاردووە و دەشی هەوێت ئێمە بە یەك بگەیەنێت.

لەوانەیە بیهەوێت وەك قارەمانە ئەفسانەییەکانی ئەشق بچمە نێو کۆشکە خەماوییەکەی و ڕووناکیی خۆر بەرمە نێو ژوورە تاریکەکانییەوە و کاتژمێرەکانی وەکار بخەمەوە و تیشکی هیوا بنێمە نێو دڵە خەمبارەکانەوە و لە گەڵ شازادەی کۆشکەکە زەماوەند بکەم.

وەها بەرنامەڕێژیم بۆ پیاسەکردنەکە کرد تا لە کاتژمێرەکەی جاران بگەمە بەر دەرکەی ماڵی هاویشام. زەنگی دەرکەکەم لێدا، ئەوەی دەرکەکەی لێ کردمەوە کەسێك بوو قەت چاوەڕێی ئەوەم نەدەکرد لە وێی ببینم. ئۆرلیك!

ـــــ سڵاو ئاغای من، ڕووداوگەلێکی زۆر لەوەی بۆ تۆ هاتۆتە پێش، ڕووی داوە. تکایە وەرە ژوورەوە. لەبەر ئەوەی ئەمریان پێ کردووم دەرکەکە داخەمەوە. چوومە ژوورەوە، ئۆرلیك دەرکەکەی داخستەوە و کلیلەکانی هەڵگرت. لێم پرسی:" تۆ چۆن هاتوویەتە ئێرە؟"

ـــــ بەلاقەکانم هاتم.

ـــــ بە نییەتێکی باش هاتووی بۆ ئێرە؟

ـــــ پێم وانییە بە نییەتێکی خراپ هاتبمە ئێرە، ئاغام.

بەڵام من دڵنیا نەبووم کە ڕاست دەکات. لە داڵانەکە تێدەپەڕیم، چاوم بە سارا پاکێت کەوت، منی بردە لای خاتوو هاویشام.

خاتوو هاویشام گوتی: "وەرە ژوورەوە پیپ."

لەسەر هەمان کورسییە کۆنەکە لە تەنیشت مێزەکەوە دانیشتبوو و جلوبەرگە کۆنەکانی لەبەردا بوون. خۆی بەسەر گۆچانەکەیدا گرتبوو. لە نزیکی ئەو خاتوونێك دانیشتبوو، من لە هەموو ژیانمدا جوانی وام نەدیتبوو.

خاتوو هاویشام دووبارەی کردەوە: "وەرە ژوورەوە پیپ، بزانم چۆنی؟"چۆکم دادایەوە و دەستیم ماچ کرد، گوتی: "خۆ من شاژن نیم، بەم شێوە دەستم ماچ دەکەی، بۆم بگێڕەوە بزانم."

ـــــ خاتوونەکەم، بە منیان گوتووە، جەنابت کەرەمت کردووە و دەتان هەوێت من ببینن. ئیتر بە زووترین کات هاتم بۆ لات.

خاتوونە جوانەکەی بە لامەوە نەناسیاو بوو سەری بەرز کردەوە و بە خۆبەزلزانییەکی زۆر لە منی ڕوانی. ئەمجار زانیم ئەو چاوانەی لە من دەڕوانن، چاوەکانی ئێستێلان. ئێستێلا ئەوەندە جوان ببوو و ئەوەندەش گەورە ببوو، من لە چاو ئەوی هەر گەورەش نەببووم، کاتێك لێم دەڕوانی لەوە دەچوو سەرلەنوێ بوومەتەوە کوڕە ڕەشۆکییەکەی جاران.

دەستی بۆ لای من درێژ کرد. بە هێواشی پێم گوت، ماوەیەکی زۆر بوو تامەزرۆی دیداری دووبارەت بووم، ماوەیەکی زۆر چاوەڕوانی ئەو ڕۆژەم دەکرد. خاتوو هاویشام لە کاتێکدا بە گۆچانەکەی ئاماژەی بە کورسییەك دەکرد بۆ دانیشتنی من چاوە زیتەڵەکانی لە چاوی من بڕی و گوتی: "بە ڕای تۆش زۆر گۆڕاوە، وانییە پیپ؟"

لە وەڵامدا گوتم: "خاتوون کاتێك هاتمە ژوورەوە، هیچ نیشانەیەکم لە ئێستێلا لەم دەموچاوەدا نەدیت، بەڵام لەناکاو بە شێوەیەکی سەرسوورهێنەر، هەمووشتێك گەڕایەوە بۆ دواوە."

خاتوو هاویشام قسەکانی بڕیم و گوتی: "چت گوت؟ دیارە مەبەستت ئەوەیە ئەو هەمان ئێستێلای ڕابردووە، کە هەڵسوکەوتەکەی خۆبەزلزانانەیە و تۆش دەت هەویت لە دەستی هەڵێی؟ لەبیرتە؟

بە هێواشی و بە منگەمنکەوە گوتم:" بەڵام ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ چەند ساڵ بەر لە ئێستا و ئەو کات من عەقڵم پێ نەدەشکا." ئێستێلا بە ئارامی تەواوەوە زەردەخەنەیەکی هات و گوتی، دادوەری من سەبارەت بە کردەوەی ئەو کاتی ڕاست و دروست بووە، لەبەر ئەوەی بەڕاستی کردەوەکانی ناخۆش و ناحەز بوون.

خاتوو هاویشام لە ئێستێلای پرسی:"ئێستێلا بەڕاستی پیپ گۆڕاوە؟"

ئێستێلا چاوێکی لە من کرد و گوتی:"زۆر"

خاتوو هاویشام لە کاتێکدا یاریی بە قژەکانی ئێستێلا دەکرد، گوتی: "کەواتە ئێستا وەك ئەوکاتی ڕەشۆکی نەماوە؟"

ئێستێلا پێکەنی و دیسان لە منی ڕوانی. هێشتا هەر وەك منداڵێك هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکردم. بڕیار بوو تا ئێوارە من لەوێ وەمێنم و ئێوارەش بگەڕێمەوە بۆ میوانخانەکە، بەیانیش بگەڕێمەوە لەندەن. دوای تۆزێك قسەکردن خاتوو هاویشام ئیزنی داین بڕۆینە باخە چۆڵەکە و پیاسە بکەین.

کاتێك گەیشتینە ئەو شوێنەی لەگەڵ کوڕە ڕەنگپەریوەکە شەڕم کردبوو. ئێستێلا ڕاوەستا و گوتی: "بەڕاستی من بوونەوەرێکی سەیربووم لەبەر ئەوەی ئەو ڕۆژە بە دزییەوە لە گۆشەیەك ڕاوەستابووم و لە سەیرکردنی شەڕی نێوان ئێوە چێژێکی زۆرم وەرگرت.

پێم گوت:"من و ئەو کوڕە ئێستا برادەرین."

ـــــ ئەریٚ بەڕاست، بیرم کەوتەوە لەوە دەچێت تۆ لەلای باوکی ئەو دەخوێنی؟ وانییە؟

بەبیٚ مەیلییەوە گوتم: "بەڵیٚ" لەبەر ئەوەی وام زانی لە منداڵێك سەبارەت بە سەعیکردنەکەی پرسیار دەکات.

گیا و ڕووەکی نێو باخەکە ئەوەندە بەرز ببوونەوە، نەمان دەتوانی بە ئاسانی پیاسە بکەین. کاتێك دوو سیٚ خوولمان بە دەوریدا لێدایەوە، هاتینە دەرەوە و چووینە حەوشەی بیرەسازییەکە، وەبیرم هێنایەوە کە لەم بەشەی بینایەکە دەهاتە دەرەوە و نان و گۆشت و بیرەت بۆ دەهێنام. گوتی لە بیرم نییە؟

ـــــ لەبیریت نییە ئەو ڕۆژە منت گریاند؟

سەری جووڵاندەوە، سەیرێکی دەوروبەری خۆی کرد و گوتی:"نا لەبیرم نییە."

کاتێك بۆم دەرکەوت ئەو لەبیری چۆتەوە منی گریاندووە و هیچ گرینگییەك بەم مەسەلەیە نادات،

دووبارە لەنێو دڵی خۆمدا گریام، بەڵام گریانی ئەم جارەم تاڵتر و ناخۆشتر بوو.

گوتی: "پێویستە تۆ بزانی من نە دڵم هەیە، نە بەزەییم هەیە و نە هەست."

گوتم: "ناتوانم بڕوا بەوە بکەم، جوانێکی وەك تۆ بیٚ دڵ بێت."

ـــــ بەڕاستیمە، ئەگەر بڕیارە من و تۆ لەمەودوا زۆرتر لە یەکتر نزیك ببینەوە، بەرژەوەندیی تۆ لەوەدایە، لەم مەسەلەیە ئاگادار بیت.

با تۆزێکی دیکەش بە دەوری باخەکەدا پیاسە بکەین و دواییش بڕۆین. وەرە، مەترسە ئەمڕۆ بەهۆی دڵڕەقی و دڵبەردیی منەوە فرمێسك نارێژی. تۆ دەبێ سەرنج بدەیتە من و پاڵپشتم بیت.

داوێنی کراسە جوانەکەی کۆ کردەوە و بەدەستێك گرتی و دەستەکەی دیکەشی بە هێواشی خستە سەرشانی من. دوو سێ جاری دیکەش بەدەوری باخە کاولەکەی خاتوو هاویشامدا گەڕاین، بەڵام باخەکە بە هەموو وێرانییەکانییەوە، ئەو ڕۆژە بەلامەوە وەك گوڵستان بوو.

ئاخرییەکەی چووینەوە بۆ لای خاتوو هاویشام، لەوێ بیستم، سەرپەرشتەکەی من بۆ بەڕێوەبردنی ئیشێك هاتۆتە دیداری خاتوو هاویشام و ڕۆیشتۆتەوە. بەڵام بۆ کاتی خواردنی نیوەڕۆ دەگەڕێتەوە. خاتوو هاویشام لەسەر کورسییە دەسکدارەکەی دانیشتبوو و چاوەڕوانی منی دەکرد.

ئێستێلاش بۆ گۆڕینی جلەکانی چووبوو بۆ ژوورەکەی خۆی. من و خاتوو هاویشام بەتەنیا بووین، ڕووی کردە من و لێی پرسیم: "ئەرێ جوان نەبووە؟ باش گەورەبووە؟ خۆشت دەوێ؟"

ـــــ هەرکەس بیبینێت ستایشی دەکات، خاتوون.

ـــــ خۆشت بوێت، خۆشت بوێت، ئەمڕۆ چۆن هەڵسوکەوتی لەگەڵ کردی؟

پێش ئەوەی وەڵامی بدەمەوە دووبارەی کردەوە: "خۆشت بوێت، بیکە بە ئەوینی خۆت، خۆشت بوێت، ئەگەر تۆی خۆش دەوێت، خۆشت بوێت، ئەگەر ئازارت دەدات هەر خۆشت بوێت، ئەگەر دڵت دەشکێنێت هەر خۆشت بوێت، خۆشت بوێت،... گوێم بۆ ڕاگرە پیپ، من ئەوم وەك کچی خۆم گەورە کردووە تا خۆشیان بوێت. ئەوم وا پەروەردە کردوە، تا خۆشیان بوێت، خۆشەویستی خۆتی پێ نیشان بدە، من دەزانم ئەوینی ڕاستە قینە چییە:"

* خۆبەختکردنی کوێرکوێرانە.

* بە تەواوی خۆ بەدەستەوەدان.
* کردنی ئەو کارانەی کە لە گەڵ عەقڵ و لۆژیك یەك ناگرنەوە.
* متمانە و سیقەی تەواو.
* بەدەستەوەدانی دڵ و ڕۆح یەك جێ لە ڕێگای عەشقدا، هەروەك من کردم...!

دوای گوتنی دوایین دێڕ لەسەر کورسییەکەی هەستا و خۆی پێدا دایەوە، لەوە دەچوو، دەی هەویێت خۆی بەدار و دیواردا بدات و ماڵئاوایی لە ژیان بکات، بەڵام زۆری نەخایاند هێور بۆوە و هاتەوە سەرخۆ. لەم کاتەدا، بەڕێز جاگێرز هاتە ژوورەوە کەمێك لە گەڵ خاتوو هاویشام قسەیکرد و لە پاشان دەستی منی گرت و بردمییە لای ئێستێلا و سارا پاکێت بۆ خواردنی نانی نیوەڕۆ. خاتوو هاویشام هەروا لە سەر کورسییەکەی مایەوە، ئەو بەردەوام بە تەنیایی نانی دەخوارد. نان و چێشتێکی باشمان خوارد و دوای نیوەڕۆش بتڵێك شەرابی باشیان لەپێش دانایین و ئێستێلا و سارا پاکێت ئێمەیان بەجێ هێشت.

لە هەموو ژیانمدا کەسم نەبینی بوو، وەك بەڕێز جاگێرز خۆپارێز بێت. لە هەموو ئەوکاتەی کە دانیشتبووین تەنیا بۆ جارێك نەبێ ئەویش لەکاتی نانخواردندا، دەنا سەری بەرز نەکردەوە و سەیری ئێستێلای نەکرد.

هەرکاتێك هەستی دەکرد دەمهەوێت پرسیارێکی لێ بکەم چاویلکەکانی (عەینەکەکانی) بەدەستییەوە دەگرت و هەڵی دەسووڕاندن، ئەوەش بەو مانایە بوو کە هەر پرسیارێکم لێ بکەی بێ کەڵکە و ناتوانم وەڵامی بدەمەوە.

لە پاشان چووینە ژوورەکەی خاتوو هاویشام و خەریکی یاریی پەڕێن بووین. لەکاتی یاریکردندا جارجار خاتوو هاویشام پارچە ئاڵتوونێك یان جەواهێرێکی لەسەر سینگ و دەست و قژی ئێستێلا دادەنا، ئەو دیمەنە ئەوەندە جوان و دڵڕفێن دەبوو کە سەرنجم دەدا و دەم دیت کە بەڕێز جاگێرزیش سەیری ئێستێلا دەکات و

جوانییەکەی ئەو کچە ئەویشی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە. تا کاتژمێر ٩ی شەو دانیشتین، بڕیارمان دا کاتێك ئێستێلا هات بۆ لەندەن پێشتر من ئاگادار بکاتەوە بۆ ئەوەی بە پێشوازییەوە بچم. لە ئاخریدا ماڵئاواییمان کرد و من گەڕامەوە بۆ میوانخانەکە.

شەو تا درەنگانێك قسەکانی خاتوو هاویشام لە گوێمدا دەنگیان دەدایەوە کە دەیگوت: "خۆشت بوێت، خۆشت بوێت... هەر خۆشت بوێت." منیش لەنێو دڵی خۆمدا سەدجار وەڵامم دەدایەوە و دەم گوت: "خۆشم دەوێت، خۆشم دەوێت..."

هەرچەند بیرم دەکردەوە کە دەستی چارەنووس ئەم کچەی بە من کە تا دوێنێ شاگردی ئاسنگەرێك بووم، پێشکەش کردووە، دڵم پڕ دەبوو لە حەقناسی و سوپاسگوزاری. هەروەها لە بیری خۆمدا دەمگوت: "کەی ئاوڕێکم لێ دەداتەوە، کەی دێت کە من بتوانم ئەو هەستە نووستوەی وە خەبەر بێنم."

ئەم خەیاڵ و بیر و ئاواتانە بە بۆچوونم بەرزەفڕانە بوون، بەڵام هیچ بیرم لەوە نەکردبۆوە کە دووری لە جۆ، کە دەم زانی ئێستێلا ئەوەندە خۆشی لێ نەدەهات کارێکی ناپەسەندە. هەر دۆێنی بوو کە وتەکانی جۆ فرمێسکیان ڕژاندبوومە خوارەوە، بەڵام خوا لێم ببورێت چ زوو ئەم فرمێسکانە وشك بوونەوە.

## (١٨)

## دەردی دڵ هەڵڕشتن لە لای هێربێرت

بەیانی کە لە خەو هەستام ڕای خۆم سەبارەت بە ئۆرلیك بە بەڕێز جاگێرز گوت، کە ئەویش وەك من لە میوانخانەی ورچی شین نیشتەجیٚ بوو، هەرچییەکم دەربارەی ئۆرلیك دەزانی بۆم درکاند ئاگادارم کردەوە کە بە هیچ شێوەیەك بۆ خزمەتکردن لە ماڵی هاویشام شیاو نییە.

لە وەڵامی مندا گوتی، هەر ئێستا دەچمە ماڵی هاویشام و لەویٚ دەری دەکەم. کاتێك گەڕامەوە لەندەن بۆ میوانخانەی بێرنارد (شوێنی نیشتەجێبوونم) هێربێرت خەریکی نانخواردن بوو پلەگۆشتێکی ساردی لەبەردەستدا بوو، تا منی دیت بەخێرهاتنی کردمەوە، کوڕە خزمەتکارەکەی میوانخانەکەم نارد بۆ منیش خواردن بێنێت. ئەو شەوە هەستم کرد دەبیٚ نهێنییەکەی نێو دڵم بە برادەرەکەم بڵێم بەم شێوە دەستم بە قسەکردن کرد: "هێربێرتی خۆشەویست، بابەتگەلێکی زۆر تایبەتم هەیە کە پێویستە پێتی بڵێم."

ـــ هێندێلی خۆشەویست، (هیربێرت پێی خۆش بوو بە من بڵێت هێندێل)، بۆ ئەوەی بە برادەری خۆشەویست ناوم دەبەی و متمانەم پیٚ دەکەی سپاست دەکەم.

ـــ ئەوەی دەمهەوێ بۆت باس بکەم بابەتێکە سەبارەت بە خۆم و کەسێکی دیکە.

هێربێرت کە لەسەر کورسییەکە دانیشتبوو لاقی درێژ کرد و چاوی لە ئاگری شۆمینە (سۆبە دیوارییە)کە بڕی. دەستم لەسەر ئەژنۆکانی دانا و گوتم: "هێربێرت من ئێستێلام خۆش دەوێت و دەیپەرەستم."

هێربێرت بە شێوەیەکی زۆر ئاسایی و بە دڵنیاییەوە وەڵامی دایەوە: "زۆر باشە پیپ، زۆر باشە."

گوتم:"هێربێرت، هەر ئەم وەڵامەم دەدەیتەوە؟"

ـــ ئەی دەتهەوێ چی بڵێم؟ من پێشتر دەمزانی.

ـــ چۆن دەتزانی؟

ـــ چۆن دەمزانی؟ وەڵامەکەی سادەیە، لەخۆتڕا.

ـــ بەڵام من هیچکات لەم بارەوە هیچم بە تۆ نەگوتووە.

ـــ بە منت نەگوتبوو، تۆ کاتێك دەچی بۆ سەرتاشخانە هیچ بە من ناڵێی، بەڵام من ئەوندەم تێگەیشتن هەیە بزانم قژەکانت کورت بوونەوە، کەواتە چووی بۆ سەرتاشخانە. لەو کاتەوە تۆم بینیوە بەردەوام بە ئێستێلا هەڵدەڵێی، هەر کە هاتی بۆ ئێرە و چەمەدانەکەت کردەوە، ئەوینی ئێستێلاشت پێ بوو، کاتێ چیرۆکی ژیانی خۆت بۆ من گێڕایەوە زۆر سادە و ئاشکرا گوتت کە لە یەکەمین ڕۆژی دیتنی ئەم کچەوە دەیپەرەستی.

ـــ زۆر باشە، هێربێرت، ئێستاش بزانە من بۆ یەك ڕۆژیش ئەوم لە یاد نەکردووە. ئێستێلا ئێستا جوانتر و سەرنجڕاکێشتر لە جاران گەڕاوەتەوە ماڵەوە و من دوێنێ ئەوم دیت. ئەگەر لە پێشتر خۆشم دەویست، ئێستا دەیپەرەستم.

ـــ خۆزگەم بە خۆت هێندێل، کە بۆ ئەو هەڵبژێردراوی و بەدەستت هێناوە! بەڵام تۆ ڕای ئێستێلات بەرامبەر بەخۆت پرسیوە یان نا؟

به نارەحەتییەوە سەرم جوولاند و گوتم: "بەداخەوە هەستی من و ئەو زۆر لە - یەك دوورن."

ـــ هیندێلی خۆشەویست، لە سەرخۆ بە، کات زۆرە، بەڵام لەوە دەچێ بتهەوێت شتێکی دیکەشم پێ بڵێی.

گوتم: "بەڵێ هێربێرت، بابەتێکی دیکەشم پێیە، بەڵام شەرم دەکەم پێتی بڵێم."

بەڵام خۆ بیرکردنەوەکەی و گوتنەکەی وەك یەك وان. تۆ من بە پیاوێکی خۆشبەخت دەزانی. لەڕاستیشدا هەر وایە، تا دوێنی من شاگردی ئاسنگەرێکی هەژار بووم، لە ژیانمدا هیچ چالاکییەکم بۆ سەرکەوتنی خۆم نەکردووە. تەنیا پارە منی سەر خستووە، هەرکات بیر لە ئێستێلا دەکەمەوە ناتوانم بڵێم کە چەندە هەست بە سستی و نارەحەتی دەکەم، لەبەر ئەوەی داهاتووی من کۆمەڵێکە لە سەدان پێشهات و ڕووداوی جۆراوجۆر.

هێربێرت، داهاتووی من و ئاواتی من تەنیا لەدەست یەك کەسدایە. پەکوو لەو داهاتووە کە چەند نامۆ و نادیارە !

پێم وایە تۆ بە منت گوت، بەڕێز جاگێرز، یەکەمین ڕۆژ بە تۆی گوتووە ئەوەی دەدرێت بە تۆ ئاواتی پووچەڵ نییە، ئەگەریش ئەم قسەی نەکردبێ، پێت وایە جاگێرز مرۆڤێکە بەبێ متمانە و زانیاریی تەواو نێوبژیی ئەم مامەڵەیە بکات؟

ـــ ئەوەی ئاماژەی پێ دەکات بەتەواوی وایە.

ـــ منیش وا بیر دەکەمەوە کە ئەو هۆیەی باسم کرد ڕازیکەر بێت، بەڵام سەبارەت بە داهاتوو، تۆ دەبێ کاتی تەواو بدەی بە سەرپەرشتەکەت و ئەویش دەبێ مەجالی تەواو بدات بەو خێرخوازە کە بەم زووانە ٢١ساڵیت تەواو دەبێت و لەوانەیە ئەوکات بتوانی زانیاری باشترت دەست کەوێت.

ئێستا مۆڵەتم بدەیە چەند خولەك قسە بکەم، دەشزانم پێت ناخۆش دەبێت. لای خۆم بیرم دەکردەوە نەکا خێرخۆازەکە بۆ هاوسەرگیری تۆ بۆچوونێکی تایبەتی هەبێت، بۆ وێنە، بڵێت بە مەرجێك دەتکات بە میراتگری خۆی کە تۆ دەست لە ئێستێلا هەڵگری. قەت وابووە کە جاگێرز ئاماژە بەم بابەتە بکات.

ـــ نا، قەت نەبووە.

ـــ باشە هێندێل، ئایا تۆ ناتوانی هەر ئێستا تا نەبوونە دەزگیرانی یەکتر وازی لێ بێنی؟

ـــ نا، هێربێرت بەهیچ شێوەیەك ناتوانم.

ـــ ناتوانی ڕێگا لەم بیرەت بگری.

ـــ نا برادەری خۆشەویستم، ناتوانم.

زۆر باشە، هێندێل، ئێستا کۆتایی بە قسە ناخۆشەکانم دێنم و هەوڵ دەدەم لەمەودووا قسەی دڵخوازت بۆ بڵێم.

لە پاشان سەبارەت بە بنەماڵەکەی خۆی و دەزگیرانە جوانەکەی هەندێکم بۆ دووا.

باوکی کلارا پیاوێکی کەمئەندام و زەلیل بوو، کە بەردەوام لە سووچێك دادەنیشت و بەردەوام بۆڵەبۆڵی دەکرد.

هێربێرت گوتی: "یەکەم ڕۆژ کە دەستم بە پارە دەرهێنان کرد، بیرم لە ژیانی هاوبەش لەگەڵ ئەم کچە کردۆتەوە، بەڵام دەزانی تا کاتێك مرۆڤ لە هەوڵی پارەدەرهێناندایە ناتوانێ ژن بهێنێ."

# (١٩)

## هاورێیەتی ئێستێلا تا ڕیچمۆند

ڕۆژێك لە ڕێگای پۆستەوە نامەیەکم بۆ هات، ئەگەرچی خەتی سەر پاکەتی نامەکەم نەدەناسییەوە بەڵام کاتێك خوێندمەوە دڵەخورپەیەکم گرت. دەمزانی دەبێ لە لایەن کێوە هاتبێت. نێوەرۆکەکەی ئەوە بوو: "دووبەیانی بە عەرەبانەی دوانیوەڕۆ دێم بۆ لەندەن. پێم وایە بڕیاربوو من لە گاراج ببینی. بەهەرحاڵ خاتوو هاویشام وای پێ خۆشە، منیش بۆ بەڕێوەبردنی ئەمرەکەی ئەم نامەیەم بۆ ناردی، سڵاوت بۆ دەنێرێ، ئێستێلا."

ئەگەر کاتم هەبایە دەچووم دوو قاتی نوێم دەکڕی، بەڵام لەبەر ئەوەی مەجالم نەبوو بە ناچار بە جلەکانی خۆم ڕازی بووم. ئیشتیام کوێر ببۆوە و هیچم پێ نەدەخورا، تاکاتی هاتنی ئێستێلا ئارامم لێ هەڵگیرابوو. ئەو ڕۆژەی کە بڕیار بوو ئێستێلا بیت بۆ لەندەن، بەیانی زوو لە خەو هەستام و ڕۆیشتم بۆ گاراج، ئەوەندە زوو چووبووم بۆ گاراج لەوانە بوو، هێشتا ئێستێلا لە شارەکەی خۆمان وەڕێ نەکەوتبێت. ئاخرییەکەی ئەو عەرەبانەی هەڵگری ئێستێلا بوو گەیشتە لەندەن و لە پەنجەرەی عارەبانەکەوە دەستی بۆ ڕاوەشاندم. ئێستێلام لە جلوبەرگی سەفەریدا کە لە هاوریشم بوو، زۆر جوانتر و ناسکتر لە جاران هاتە بەرچاو. هەڵسوکەوتی لەگەڵ من باشتر ببوو، بۆچوونی من وابوو کە لەوانەیە ئەم گۆڕانکاریانە لە هەڵسوکەوتی ئێستێلادا بەرهەمی دەسەڵاتداریی خاتوو هاویشام لە سەری بێت.

لە حەوشەی گاراجەکە ڕاوەستابووم و چاوەڕێی ئەوەم دەکرد تا چەمەدانەکەی خۆی جوێ بکاتەوە و بڕۆین.

دوای بەڕێوەبردنی ئیشەکان، تازە زانیم ئەوەندە مەحوی جوانیی ئێستێلا بووم، هەموو شتێکم جگە لەو لەبیر چووەتەوە. وێڕای ئەوەش هێشتا نەمدەزانی دەبێ بەرەو کوێوە بڕۆین تا بۆ خۆی گوتی: "من دەچمە ڕیچمۆند کە لە ١٠ مایلیی لەندەن هەڵکەوتووە. دەبێ بە عەرەبانەیەکی دیکە بە زۆوترین کات وەڕێ کەوین. دەبێ تۆش لەگەڵم بێیت، ها ئەوە پارە، خەرجی ڕێگای لێ هەڵگرە، ئیختیاری من و تۆ بەدەست خۆمان نییە، ئەرکی سەر شانمانە ئەو ئەمرانەی پێمان دەکەن بەجێیان بگەیەنین!

ــــ دەبێ بە دووای عەرەبانەیەکدا بنێرم، ئێستێلا، تۆ لێرە چاوەڕێ دەبیت؟

ــــ بەڵێ، من تۆزێك دەحاوێمەوە، تۆش دەبێ لەو ماوەیەدا ئاگات لە من بێت.

دەستی خستە قۆڵی منەوە. پێشکارێك لەوێ ڕاوەستابوو و وەها چاوی بریبووە عارەبانەکە و دەتگوت قەت عەرەبانەی نەدیووە، پێم گوت، زووبە ژوورێکی تایبەتمان پێ نیشان بدە لە نهۆمی خوارەوە. ڕێنوێنیی کردین بۆ ژوورێك، داوای چام کرد بۆ ئێستێلا و لێم پرسی: "لە ڕیچمۆند دەچی بۆ لای کێ؟"

ــــ من لەوێ لە گەڵ خاتوونێکی جێکەوتوو دەژیم. ئەم خاتوونە بە وەرگرتنی بڕە پارەیەکی زۆر ڕازی بووە، کە من بباتە نێو کۆمەڵگای ئەعیانی و شانشینەکان و ببێتە هۆی ناساندنی من بە کەسایەتییە دەسەڵاتدارەکان.

ــــ پێم وایە لەوێ بەو سەرگەرمییانەی دەتبن و بەو ستایشانەی لێت دەکرێن کاتی خۆش بەسەر دەبەی.

ــــ منیش وا هەست دەکەم. باشە ئەی تۆ لە ژیان لەگەڵ بەڕێز پاکێت ڕازی یان نا؟

ــــ بەتەواوی ڕازی و خۆشحاڵم، هەرچەند لە تۆ دوورم، بەڵام ڕازیم.

ئێستێلا بە شێوەیەکی ئارام و لەسەرخۆ گوتی:"بێتام چۆن دەوێری ئەم قسە قۆڕا-نە بکەی؟ پێم وایە بەڕێز ماتیۆ بۆ خۆی لە هەموو ئەندامانی بنەماڵەکەی باشترە.

ــــ بەڕاستی باشترە.

ـــ بیستوومە ئەو پیاوێکی ژیر و تێگەیشتووە و لە بەرچاوتەنگی بەدوورە.

ـــ بەڵێ. منیش بەڵگەگەلێکی زۆرم هەیە بۆ سەلماندنی ئەم وتەیەت.

ـــ بەڵام لە قازانجی ئەندامانی دیکەی بنەماڵەکە لەم بەڵگانەت نییە. لەبەر ئەوەی ئەوان بەردەوام باسی خراپەی تۆ لای خاتوو هاویشام دەکەن، لەوانەشە تۆ تا ئێستا هەستت بەو نەفرەتە نەکردبێ کە لەتۆیان هەیە.

ـــ بەڵام هیوادارم هیچ زەرەر و زیانێکیان بەمن نەگەیاندبێت.

ئێستێلا لە جیاتی وەڵامدانەوە دەستی کرد بە قاقا و پێکەنین. گوتم:"هیوادارم ئەوان هیچ زیانێکیان بە من نەگەیاندبێت و ئەم مەسەلەش نەبووبێتە هۆی گاڵتە و پێکەنینی تۆ."

ـــ لەم بارەوە دڵنیا بە. پێکەنینەکەی منیش بۆ سەرنەکەوتنیانە، بەڕاستی ئەم خەڵکە ئازارێکی زۆریان لەلایەن خاتوو هاویشامەوە پێ دەگات.

سەرلەنوێ دەستی کرد بە پێکەنین، پێکەنینێك کە بۆ مەسەلەیەکی ئاوا بچووك زۆر بوو. بەشێوەیەك کە بیرم دەکردەوە، دەبێ بابەتێکی گرینگتر و زۆرتر لەوەی من دەیزانم لە ئارادا بێت.

پاشان درێژەی پێ دا: "خەیاڵی خۆت تێك مەدە، ئەم کەسایەتیانە نە ئێستا و نە تا سەد ساڵی دیکەش ناتوانن ئاستی تۆ لای خاتوو هاویشام لاواز بکەن. وێڕای ئەوەش بوونی تۆ لەو نێوەدا ئەوانی سەرقاڵ کردووە و من لە زمانی ئەوان لە ئەمان دام و لێرەدا من منەتباری تۆم و دەستی برادەریت بۆ درێژ دەکەم."

تا دەستی بۆ لای من درێژ کرد، گرتم و ماچم کرد.

ـــ هەی کەرە پیاو، تۆ عاقڵ نابی؟ باشە ئەمڕۆ دەستی منت بەو هەستەوە ماچ کرد کە جاری ڕابردوو کوڵمت ماچ کردم؟

ـــ بۆچی مەگەر جاری پێشوو بە چ هەستێکەوە ماچم کردی؟

ــــ ڕاوەستە باتۆزێك بیر بکەمەوە، وەك هەستی کەسێك بەرامبەر بە نەجیبزادەیەك.

ــــ ئەگەر بڵێم ئەمڕۆش بەو هەستەوە ماچت دەکەم، جارێکی دیکەش ئیزنم دەدەی ماچت بکەم؟

ــــ پێش ئەوەی دەستیشم ماچ بکەی دەبوو ئیزنم لێ وەرگری، بەڵام قەیناکە ئەگەر حەزت لێیە ماچم بکە.

دەم و چاوی ئارام وەك پەیکەرێك وابوو، گوتی: "لەبیرت نەچێتەوە بڕیار بوو لێرە چایەك وەخۆین و بەیەکەوە بڕۆین بۆ ڕیچموند."

زەنگەکەمان لێدا و چایان بۆ هێناین پارەکەمان دا و پاشان سواری عەرەبانە بووین و بەرەو ڕیچمۆند وەڕێ کەوتین. کاتێك لە سەرڕێگا بە "هێمیراسمیت"دا تێپەڕین ماڵی بەڕێز "ماتیوپاکێت"م نیشان دا و گوتم: "هێمیراسمیت لە ڕیچمۆند دوور نییە، ئەگەر ئیزنم بدەی جارجار سەردانێکت دەکەم." لە وەڵامدا گوتی: "باشە منیش پێم خۆشە، هەرکاتێك بە باشت زانی سەردانم بکە. دەبێ تۆ بەم بنەماڵە بناسێنم، هەرچەند ئەوان ناوی تۆیان بیستووە."

زوو گەیشتینە ڕیچمۆند. شوێنی دیاریکراومان ماڵێکی کۆن و ئابڕوومەندانە بوو. لە گەڵ ئەوەی لە زەنگی دەرکەکەم دا، دوو نۆکەر بۆ بردنە ژوورەوەی ئێستێلا هاتنە دەرەوە. ئێستێلا تۆقەیەکی لەگەڵ من کرد و زەردەخەنەیەکی هات و خواحافیزی لێ کردم و چوو بۆ نێو ماڵەکە.

دوای ڕۆیشتنی ئێستێلا بۆ ماوەیەك لەپشت دەرکەکە ڕاوەستام و بیرم دەکردەوە و لەنێو دڵی خۆمدا دەمگوت: "چەند بەختەوەر دەبووم ئەگەر بمتوا-نیبایە لەگەڵ ئێستێلا لەم ماڵەدا بژیم، هەرچەند دەشمزانی هیچ کاتێك لەگەڵ ئێستێلا بەختەوەر نابم.

## (٢٠)

### شپرزەیی ئیشەکان

دوای ئەوەی کە وردە وردە لەگەڵ ژیانی نوێ ڕاهاتم، هەستم بە کاریگەرییەکانی ئەم ژیانە بەسەر خۆم و دەوروبەرەکەمدا کرد. لەو ڕەفتارەی کە بەرامبەر بە جۆم نیشان دابوو بەردەوام ناڕەحەت بووم، لەبابەت بیدیشەوە ویژدانم ئاسوودە نەبوو. نیوەشەوان لە خەو ڕادەپەڕیم و هەستم بە ماندوویییەکی زۆر لە ڕۆحمدا دەکرد. بیرم دەکردەوە کە چەند خۆش دەبوو هەر ماڵی خاتوو هاویشامم نەدیتبا و وەك شەریکێك لە کارگەکەی جۆدا سەرقاڵی ئاسنگری ببایەم.

پێگە نوێیەکەی من لەسەر هێربێرتیش کاریگەری باشی نەبوو. دەستبڵاوی و هەڵەخەرجیی من ئەویشی تووشی خەرجێکی زۆر کردبوو کە لە توانای ئەودا نە-بوو. من ژیانە ئارام و سادەکەی ئەویشم تێك دابوو. وردەوردە تووشی قەرزداری بووم، هێربێرتیش پەیڕەویی لە من دەکرد. بەوپەڕی خۆشحاڵییەوە ئامادە بووم خەرجی ئەویش بە ئەستۆ بگرم، بەڵام ئەو گەنجێکی ڕۆحزل بوو و ڕازی نەدەبوو. بەم شێوەیە کێشە و گرفتێکی زۆری بۆ ساز بوو و بۆ باشتربوونی ژیانی ناچار بوو زیاتر هەوڵ بدات.

هەموو ڕۆژێك بەیانیان دەچوو بۆ شار و منیش زۆر جار ئەوم لە نووسینگەکەی دەدیت، بەڵام هیچ کات بە بیرم نایەت بۆ جارێکیش بووبێت، ئەوم سەرقاڵی ئیشێك بینیبێت. جگە لەوە کە بێکار دادەنیشت و چاوی لە دەوروبەری

خۆی دەکرد. جاری وا بوو پێم دەگوت: "هێربێرتی خۆشەویست بەڕاستی ڕۆژگاری ئێمە بە ناخۆشی تێدەپەڕێت."

ئەویش وەڵامی دەدامەوە: "هێندێلی خۆشەویست، بڕوام پێ بکە منیش ئێستا دەمهەویست ئەم قسەیە بکەم."

لەپاشان هەردووکمان هەوڵمان دەدا بۆ سارێژکردنی ئەم نارەزایەتییانە ئیشێکی نوێ بکەین، بۆ وێنە دەچووین بۆ چێشتخانەیەکی باش و خواردن و شەرابی گرانمان داوا دەکرد، بۆ ئەوەی بە شێوەی کاتیش بووبێت ئارام ببینەوە. کاتێك خواردنەکەمان تەوا دەکرد هەریەکە و پێنووس و کاغەزمان دەر دێنا و خەریکی نووسینی قەرزەکانمان دەبووین. من دەمنوسی:"لیستی قەرزەکانی پیپ" ئەویش دەینووسی: "لیستی قەرزەکانی هێربێرت" دواتر هەریەکە و کوتە کاغەزێکمان لە گیرفانمان دەردەهێنا کە کۆمەڵێك ژمارەی لەسەر نووسرابوو، دوای ماوەیەك نووسین لێم دەپرسی هێربێرت بەسەرهاتی قەرزەکان چۆنە؟ لە وەڵامدا دەیگوت:"هێندێل قەرزەکان زۆر بوون، بە گیانی خۆم ڕۆژبەڕۆژ زۆرتر دەبن.

ــــ ورەت بەرز بێت، لەهەمانکاتیشدا ئاگات لە ئیشەکانت بێت.

وتەکانی من کاریگەریی دەخستە سەر هێربێرت و دووبارە خەریکی ئیش و چالاکی دەبۆوە. دوای ماوەیەك هێربێرت بە بیانووی ونبوونی یەکێك لە لیستی قەرزەکانی دەستی لە ئیشکردن دەکێشایەوە. پێم دەگوت: "هێربێرت ئەوەندە بیری خۆت ئاڵۆز مەکە، بەراوردێکی بکەوە و ژمارەیەك بنووسە و لە جێگەی ئەوەی پێشوی دابنێوە."هێربێرت بە ستایشەوە وەڵامی دەدامەوە:" هەی ئافەرین هێندێل، تۆ چەند هوشیاری! بەڕاستی هۆشی تیجاریی تۆ بەرچاوە و شایانی ڕێزە!

لە لای خۆم بیرم دەکردەوە و دەمگوت لەبەر ئەوەی من مرۆڤێکی لەسەرخۆ و خاوەن بڕیارم و هەروەها لە هۆش و زیرەکی بێ بەهرە نییم، ئەگەر بچمە نێو دنیای تیجارەتەوە، تاجرێکی باشم لێ دێتە دەرەوە.

یەکێك لە زەوقە ئابوورییەکانم ئەوە بوو کە لە کاتی ژمێریاریدا ژمارە وردەکانم خشت دەکردەوە، بۆ وێنە, کاتێك قەرزەکانم دەگەیشتە ١٦٤ لیرە و دوو پێنس پێشنیارم دەکرد ٢٠٠ لیرەم بۆ بنووسن تا لە کاتی حسێب و کتێبدا شتێکم بۆ بگەڕێتەوە، بەڵام ئێستا دانی پێدا دەنێم کە تەنیا خۆم فریو دەدا!

ڕۆژێك زۆر سەرخۆش بوومك نامەیەکم لە لایەن بیدییەوە بەدەست گەیشت، کە هەواڵی مردنی خوشکمی بۆ ناردبووم و لێی ویستبووم بۆ ڕۆژی دووشەممە بگەڕێمەوە بۆ گوندەکەی خۆمان بۆ ئەوەی لە مەڕاسیمی بەخاکسپاردنی خوشکمدا بەشاری بکەم.

زۆر بەدژواری دەمتوانی بە خۆشەویستییەوە یادی خوشکم بکەم، بەڵام وێڕای ئەوەش بە بیستنی ئەم هەواڵە داخێکی زۆرم خوارد و ئەم داخە بوو بە هۆی ئەوەی لەنێو دڵمدا هەست بە تووڕەیی و بێزارییەکی زۆر بەرامبەر بەو کەسە بکەم کە هێرشی کردۆتە سەر و ببوو بە هۆی ئەوەی ئازارێکی زۆر بچێشێت.

ئۆرلیك یان هەرکەسێکی دیکە کە ئەم جینایەتەی کردبوو، هەستی تۆڵەیەکی بەهێز، لەنێو دەروونمدا هەڵچوو بوو.

نامەیەکم بۆ جۆ نووسی و سەرەخۆشی خۆم دەربڕی و ڕۆژی بەخاکسپاردنەکەش عەرەبانەیەکم بە کرێ گرت و چوومەوە بۆ گوندەکەی خۆمان. دوای ڕێورەسمی بە خاکسپاردنەکە ، بیدی و من و جۆ نانی نیوەڕۆمان لە کەشوهەوایەکی سارد و خەماویدا خوارد، ئیزنم لەجۆ وەرگرت بۆ ئەوەی شەو لەوێ وەمێنم و، بە یادی جاران لە ژوورەکەی خۆم بخەوم. زۆری پێ خۆش بوو. کاتێك تاریکی سێبەری خۆی بەسەر دنیادا کێشا، مەجالێکم دەست کەوت تا لە

گەڵ بیدی پیاسەیەك بکەم. پێم گوت: "بیدی! خۆشەویستم، بە باشی دەزانم کە ئیدی مانەوەی تۆ لەم ماڵە دژوارە."

ئەویش بە شێوەیەك کە داخی لێ دەباری، گوتی: "وایە، بەڕێز پیپ ئیتر ناتوانم لێرە بمێنمەوە. پێشتر لەگەڵ خاتوو هابێڵ لەم بارەوە قسەمان کردووە و بەڵێنە بچمە لای ئەو. هیوادارم ئێمە تا ئەو کاتە بەرێز گارجێری هێوەر دەبێتەوە و ژیانی ئاسایی بەدەست دەهێنێتەوە، بتوانین ئاگادری لێ بکەین."

ـــ باشە ئەی تۆ ژیانت چۆن بەڕێوە دەبەیت؟ ئەگەر پێویستیت بەپارە هەیە...

ـــ چۆن ژیانی خۆم بەڕێوە دەبەم؟ ئێستا پێت دەڵێم. من بەڵێنە بەم زووانە سەرپەرشتی قوتابخانەیەك کە بەم زووانە لێرە دەکرێتەوە بگرمە ئەستۆ. من زۆر شت لە تۆ فێر بووم و لەو کاتەشەوە مەجالی تەواوم هەبووە بۆ ئەوەی زانیارییەکانم زۆر بکەم.

ـــ بیدی من لەسەر ئەو باوەڕەم کە تۆ بەردەوام لە هەر ئاستێکدا بی دەتوانی ڕێگەی پێشکەوتنی خۆت ساف بکەی.

پاشان چۆنیەتی مردنی خوشکمی بەم شێوە بۆ گێڕامەوە: "ماوەی چوار ڕۆژ بوو تەندروستیی باش نەبوو، دوانیوەڕۆی ڕۆژی چوارەم تۆزێك باش بۆوە و بەدەنگێکی زووڵاڵ جۆی بانگ کرد، کاتێك جۆ هات بۆ لای ئاماژەی پێ کرد لە تەنیشتی دابنیشێت، دەستی خستە سەرشانی جۆ ماوەیەك بەم شێوە مایەوە و ڕازی بوون لە ڕوخساری دەباری، دوو جار ناوی جۆی و جارێك ناوی لێبوردن و جارێکیش ناوی نۆی هێنا. ماوەی یەك کاتژمێر بەم شێوە مایەوە لە پاشان کۆچی دوایی کرد."

پرسیارم لە بیدی کرد:"هیچ نیشانەیەك لەم جەنایەتە دەر نەکەوت؟"

ـــ نا، هیچ شتێك.

ــــ ئەی نازانی ئۆرلیك چی لێهات؟
ــــ وەك لە ڕەنگی جلۆبەرگەکانیڕا دیاربوو دەبێ لە کانگا ئیش بکات.
لە پاشان بیدی گوتی، ئێستاش ئۆرلیك داوای دەکات، بە بیستنی ئەم دێڕە زۆر تووڕ بووم.
بریارم دا بەیانی زوو وەڕێ کەوم، بەیانی زوو لە خەو هەستام و لە ماڵەوە ها-تمە دەر بەبێ ئەوەی کەس ببینێت، لە یەکێك لە پەنجەرەکانی کارگەکە سەیری جۆم کرد کە بەبێ ڕاوەستان ئیشی دەکرد، سەلامەتی و بەهێزی لە ڕوخساری دە-باری.
ــــ گوتم خواحافیز جۆی خۆشەویستم، تووخوا دەستەکانت پاك مەکەوە هەر ئەو دەستە ڕەشانەتم بدەیە. دووبارە دەگەڕێمەوە لات زوو زوو دێمەوە.
لە وەڵامدا گوتی:"نا بەڕێز پیپ نە زوو زوو وەرە و نە زۆر."

# (٢١)

## گەورە بووم

دۆخی من و هێربێرت بەو قەرزە بەردەوامانە ڕۆژبەڕۆژ بەرەو خراپی دەڕۆیشت، ماوەیەك تێپەڕی و من گەیشتمە تەمەنی یاسایی، ڕۆژێك پێش ئەوەی تەمەنم بگاتە ٢٠ ساڵ نامەیەکم لە لایەن بەڕێز وێمیك جێگرەکەی بەڕێز جاگێرز بەدەست گەیشت کە بانگهێشتیان کردبووم بۆ ئەوەی بەیانی کاتّمێر پێنج بچمە دیداری بەڕێز جاگێرز.

کاتێك گەیشتمە نووسینگەکەی بەڕێز جاگێرز، وێمیك بە نیشانەی ڕێزگرتن سەری بۆ دانەواندم و پیرۆزبایی پێ گوتم و ڕێنوێنیی کردم بۆ ژوورەکەی بەڕێز جاگێرز. بەڕێزجاگێرز ئەو ڕۆژە منی بە ناوی خۆم بانگ کرد و دەستی خستە نێو دەستم، لە دۆخی ژیانی پرسیم، پرسیارێك کە نەمدەتوانی وەڵامی بدەمەوە. لێم پرسی: "ئەریّ ئەم ڕۆ دەتوانم ناوی ئەو کەسە خێرخوازە کە منی گەیاندۆتە ئێرە بپرسم؟ وەڵامەکەی نەرێنی بوو، لە پاشان گوتی دەزانم قەرزداری و چەکێکی ٥٠٠ لیرەیی دامیّ، ئینجا درێژەی پێدا و گوتی:" لەمەودوا تا ئەو ڕۆژەی ناوی کەسە خێرخوازەکە دەزانی ئەوەندەت مووچە هەیە، دەم هەویست سپاسگوزاری لە خێرخوازەکەم بکەم کە بەڕێز جاگێرز قسکەمی بڕی و گوتی:"پیپ، من بۆ گە-یاندنی وتەکانی تۆ بە کەسانی دیکە هیچ پارەیەکم وەرنەگرتووە."

هەولّم دەدا بزانم کەی ناوی خێرخوازەکەم بۆ دەردەکەوێت و هەروەها بزانم دێت بۆ لەندەن یان نا؟ بەلاّم هەولّەکەم بێ ئاکام بوو، تەنیا ئەوەندەم دەست کەوت کە گوتی: "هەرکات ئەو کەسەت ناسی کاری من تەواو دەبێت." هەروەها ئەوەشم بۆ دەرکەوت کە خاتوو هاویشام باسی ئەوەشی نەکردووە کە ئاخۆ ئێستێلای بۆ من داناوە یان نا. ئەوەش لەبەر ئەوە بووە کە نەکا جاگێرز پێی ناخۆش بێت و تێکی بداتەوە، یان ئەوەی کە باسی ئەم مەسەلە کراوە، بەلاّم جاگێرز نایهەوێت من بزانم.

لەگەلّ پارەکەم لێ وەرگرت بیرێکم بە مێشکدا هات و پێم خۆش بوو سەبارەت بەم بیرەم لەگەلّ وێمیك ڕاوێژکاری بکەم و ڕای ئەویش سەبارەت بەم بیرەم بپرسم.

پێم گوت حەز دەکەم یارمەتیی برادەرێکم بدەم کە زۆری حەز لە تیجارەتە بەلاّم پارەی بەدەستەوە نییە، بەڕێز وێمیك گوتی:" ئەوە ئیشێکی گەمژانەیە و ڕێك لەوە دەچێت کەسێك بیهەوێت پارەکەی بخاتە نێو ڕووباری "تەیمز"وە.

کەسایەتی وێمێك لە مالّەو جیاوازییەکی زۆری لە گەلّ کەسایەتییەکەی لەنێو نووسینگەکەی جاگێرز هەبوو. لەبەر ئەوەی من چەند جارێك بۆ دیداری وێمیك سەردانی مالّەکەیانم کردبوو، لەوێ تاجرێکی گەنجمان بە ناوی کلاریکێر دۆزیبۆوە کە بەدوای شەریکێکی زیرەك و خاوەن پارەدا دەگەڕا.

لەگەلّ ئەو تاجرە بە دزییەوە سەبارەت بە هێربێرت گرێبەستێکمان بەست. نیوەی پارەکەم وەك دەستمایەی هێربێرت دا بە تاجرە لاوەکە و بەلّێنم پێ دا دوای ماوەیەك هێندێکی دیکەشی لە داهاتەکەی خۆم بدەمێ.

ئیشەکەمان وا جێبەجێ کرد، هێربێرت هیچ سووسەیەك نەکات و نەزانێ کە من ئەم مامەلّەیەم بۆ کردووە.

هەرئەو ڕۆژە دوانیوەڕۆیەکەی هێربێرت بەپەلە هاتە ماڵەوە و هەواڵێکی نوێی پێ بوو ئەویش ئەوەبوو: "تاجرێکی گەنج پێشنیاری پێ کردبوو ببێتە شەریکی بە یەکەوە ئیشی بازرگانی بکەن."

هێربێرت لەم ڕووداوە زۆر خۆشحاڵ و ڕازی بوو، هیچ کاتێك دەموچاوە گەشاوەکەی ئەو ڕۆژەی لە یاد ناکەم. ڕۆژبەرۆژ هیوای بەژیان زیاتر و ڕوخساری ڕوونتر دەبوو. تا ئیشەکانی جێبەجێ بوون، چووە نێو دنیای تیجارەتەوە. ئەو شەوە کاتێك بۆ خەوتن چوومە سەرجیگاکەی خۆم ئەوەندە خۆشحاڵ بووم فرمێسك بەچاوەکانمدا هاتنە خوارەوە. ئاخر بەسەرهاتەکانی ئەو ڕۆژەی من گەنجێکی خۆشبەخت کردبوو.

## (٢٢)

## جیاوازی بیروبۆچوون لەنێوان خاتوو هاویشام و ئێستێلا

ئەگەر ماڵی ڕیچمۆند دوای مردنی من بکەوێتە ژێر هێرشی ڕۆحەکان، بێشك هێرشبەرەکە ڕۆحی من دەبێ، ئاخ، چ شەوان و ڕۆژانێك لە کاتی نیشتەجێبوونی ئێستێلا لەو ماڵە، ڕۆحی من بە دەوری ئەو ماڵەدا تەوافی دەکرد! چ ئازارێکم لە ژوورەوە و دەرەوەی ئەم ماڵە لە لایەن ئێستێلا پێ نەگەیشت!

بیرکردنەوە لەوە کە لەجیاتی دڵداربوون تەنیا ئاشنایەکی سادەی ئەوم، شێتی دەکردم. ئەو کچە لە بوونی من بۆ ئازاردانی عاشقەکانی کە ژمارەیان زۆر بوو کەڵکی وەر دەگرت. زۆرجار لە ڕیچمۆند دەچووم بۆ دیداری ئێستێلا و جارجاریش ئەو سەردانی منی دەکرد و هەروەها بنماڵەی برێندلیم کە ئێستێلا لە لای ئەوان دەژیا بۆ شانۆ، کۆنسێرت، سەیران... بانگهێشت دەکرد.

لە هەمووی ئەو کاتانە کە لەگەڵی بووم، وەك سێبەر بەدوایدا دەڕۆیشتم، بەڵام بەداخەوە تەواوی ئەو کاتانە بۆ من پڕ لە ئازار بوون. لە لای ئەو تەنیا بۆ یەك کاتژمێریش خۆشیم نەدیت، سەرەڕای ئەوەش شەو ڕۆژ بیرم لەوە دەکردەوە چۆن بیکەم بە هاوسەری خۆم و بۆ هەتاهەتایە لە لای من وەمێنێت.

شەوێك ئێستێلا گوتی، خاتوو هاویشام لێی ویستووە کە بچێت بۆ سێتیسهاوس و ئەویش پێشنیاری بە من کرد ئەگەر حەزم لێیە بیبەم و بۆ خۆم بگەڕێمەوە بۆ لەندەن. بەوپەڕی حەزەوە پێشنیارەکەم قبووڵ کرد و دوو ڕۆژ دواتر بە یەکەوە گەڕا-

ینەوە بۆ شارەکەی خۆمان چووین بۆ ماڵی خاتوو هاویشام. هێشتا هەر لە ژوورەکەی خۆی بەو شێوەی کە ڕۆژی یەکەم بینیبووم لەسەر کورسییەکەی دا-نیشتبوو. حەز و هۆگری بە ئێستێلا بە نسبەتی ئاخرین جار زۆرتر ببوو، بەڕاستی چێژێکی تایبەتی لە ڕێکوپێکی ئەندام و شێوازی قسەکردنی ئێستێلا وەردەگرت و ئەو خواوەندە جوانییە کە هەر بۆ خۆشی دروستی کردبوو، دەیپەرەست.

دوای ئێستێلا نیگایە پڕ لە پرسیارەکەی لە من کرد و گوتی: "لەگەڵ تۆ چۆن هەڵسوکەوت دەکات؟ پیپ، لە گەڵ تۆ چۆن مامەڵە دەکات؟"

بەردەوام، تەنانەت لەلای ئێستێلاش ئەم پرسیارەی لێ دەکردم.

ئەو شەوە کاتێك لە نزیکی ئاگرەکە دانیشتبووین، بە لامەوە لە هەموو شەوێك سەیرتر بوو. دەستی ئێستێلای خستە نێو دەستی خۆیەوە و زۆری لێ دەکرد کە ناوی ئەو کەسانەی کە خستوونیەتە داوی عەشقی خۆیەوە، پێی بڵێت. کاتێك ناوەکانی بۆ خوێندەوە وەك پەیکەرێکی بێ گیان چاوی لە من بڕیبوو، ئەو شەوە بۆم دەرکەوت کە ئەرکی ئێستێلا ئەوەیە کە تۆڵەی خاتوو هاویشام لە پیاوان بستێنێتەوە و تا ئەم ئامانجەش سەر نەگرێت، ئێستێلا بۆ من نابێت. لە لای خۆم هۆی ئەوەی کە تا ئەو ڕۆژە منیان لە ئێستێلا دوور ڕاگرتووە و جارێ ناوی سەرپەرشتەکەم پێ ناڵێن، ئەوەیە کە نایانهەوێت جارێ من بزانم کە ئێستێلایان بۆ من داناوە.

ئەوشەوە خاتوو هاویشام و ئێستێلا دوو سێ جار قسەیان لێك هەڵبەزییەوە و قسەی ناخۆشیان ئاراستەی یەکتر کرد. یەکەم جار بوو کە دژایەتی ئەوانم بەچاو دەدیت، لە نزیکی ئاگرەکە دانیشتبووین و دەستی ئێستێلا لەنێو دەستی خاتوو هاویشام دابوو، کە ئێستێلا دەستی لا برد و خاتوو هاویشامیش هەستی پێ کرد و چاوێکی لە ئێستێلا کرد و گوتی: "چی ! لێم ماندووبووی؟"

ئێستێلا بە تووڕەییەوە دەستی لەنێو دەستی ڕاکێشا و ڕۆیشت بۆ گۆشەیەك و لە کاتێکدا چاوی لە ئاگرەکەبڕی بوو گوتی:" لە خۆم ماندوو بووم."

ـــ ڕاستییەکەی بڵێ هەی چەتیوە پێ نەزانە، لەمن ماندوو بووی؟

دوای وتنی ئەم دێڕە لە ڕقان گۆچانەکەی فڕێ دایە سەر عەرز.

ئێستێلا بە هێوری و لەسەرخۆیی چاوێکی لێ کرد و ڕووی کردەوە ئاگرەکە.

خاتوو هاویشام درێژەی پێ دا: "هەی ڕۆح ساردی بێبەزەیی، لە دار دروست کراوی؟ لە بەرد دروست کراوی؟"

ـــ چت گوت؟ ئەوە تۆی کە بە هۆی سارد و بێ ڕۆحبوونم لۆمەم دەکەی تۆ؟

ـــ باشە ئێستێلا ئەوە تۆی، ئەوە تۆی کە بەم شێوە قسەم لەگەڵ دەکەی؟

ـــ بەڵێ خاتوون، ئەوە ئەو کەسەیە کە دروستکراو و پەروەردەی دەستی تۆیە، ئەگەر شایانی لۆمەم یان شایانی ستایش، ئەگەر لە ژیاندا براوەم یان دۆڕا-و، هەمووی بەرهەمی کردەوەکانی تۆیە. لەبەر ئەوەی من بوونەوەرێکی بێ ئیرادەم و تەنیا ئیرادەی تۆ بەڕێوە دەبەم. کەواتە هەرچییەك داوتە بە من هانێ بۆ خۆت بێت، پێشکەشت بێت.

خاتوو هاویشام هاواری کرد: "ئۆۆۆۆ سەیری کەن، سەیری بکە بزانە چەند تووڕە و بێ ئەمەکە، بێ ئەمەکی لە شوێنێك کە لێی گەورە و پەروەردە بووە. ئاخ، کاتێك زۆر منداڵ بوو لەسەر ئەو سینگەی خۆم گەورەم کردووە! ئۆۆۆ چ ساڵانێکم لە پایدا خەسار کرد!

ـــ بەڵێ خاتوون، تۆ سەبارەت بە من زۆر دڵۆڤان و بەبەزەیی بووی، من هەرچی هەمە مەدیوونی تۆم، ، ئیتر چت دەوێت؟

ـــ خۆشەویستی.

ـــ کە ئەویش لە لای من بۆ تۆ پارێزراوە.

ـــ نا، وانییە.

ــــ خاتوون، ئێوە بەردەوام بۆ من لەجیاتیی دایکم بوون، پێم گوتی، من هەموو شتێکی خۆم لە تۆ دەزانم.

هەرچی من هەمە لەپێناو ویستی تۆدایە، واتە هەرچی هەمە دەیگەڕێنمەوە بۆ خۆت، لەوەش زیاتر بەداخەوە شتێکی دیکەم نییە پێشکەشتانی بکەم. ئەگەر شتێکت لە من دەوێ کە بۆ خۆت نەتداومیێ، دەبێ بڵێم، بەداخەوە من توانایی ئەوەم نییە.

خاتوو هاویشام ڕووی کردە من و گوتی: "ئەرێ من ئەوم خۆش نەویستووە؟ ئەرێ من دلۆڤانی و خۆشەویستییەکی ئاگرینم سەبارەت بەم کچە نەبووە کە بەم شێوە قسەم لەگەڵ دەکات؟ تووخوا لێی گەڕێن با بەشێتم بزانێ، بە شێتم بزانێ."

ئێستێلا لە وەڵامدا گوتی: "دەتهەوێ بزانی کە بۆچی لەنێو ئەو هەموو خەڵکەدا من تەنیا تۆ بە

شێت دەزانم!؟ لەبەر ئەوەی تەنیا من لە ئامانجی تۆ لەو کارە چەوت و ناڕەوایەکانت تێدەگەم و تەنیا منیش لە بیرەوەرییە تاریکەکانت ئاگادارم! بەڵێ من ساڵیانێك لە تەنیشت ئەم سۆبەیە چاوم لە دەموچاوی تۆ کە جاری وابوو زۆر ترسناك دەبوو کردووە و دەرس و وانەکانت فێر بووم!"

خاتوو هاویشام هاواری لێ بڵیند بوو و گوتی: ئاه چەند زوو لە بیری کرد، هەموو شتێکی لە بیر کرد.

ــــ نا خاتوونەکەم، لەبیرم نەچۆتەوە، هەموو شتێکم لەنێو مێشکمدا پاشەکەوت کردووە. لە کەنگێوە بۆ فێربوونی دەرسەکانت من بەشیاو نازانی؟

لە پاشان لە کاتێکدا بە دەست ئاماژەی بە سینگی خۆی دەکرد، درێژەی پێدا:"لە کەیەکەوە هەست دەکەی لەنێو دڵمدا ڕێگایەك بۆ ئەو شتانەی تۆ ناتهەوێت پەیدا بووە؟ خاتوون، ئینسافت هەبێ.

خاتوو هاویشام دووبارە ناڵاندییەوە: "ئاخخخخ چەندە ڕۆحزلە چەندە."

ــــ کێ وانەی خۆ بەزلزانینی فێر کردووم؟ کێ بوو کاتێك ئەو وانانە کە فێری کردبووم، بۆم دەگوتەوە، ئافرینی پێ دەگوتم ؟

ــــ ئاخ چەندە تووڕە و ڕق ئەستوورە.

ــــ پێم بڵێ کێ وانەی تووڕەیی دادام؟ کێ فێری ڕقئەستووریی کردم؟ کێ بوو کاتێك فەرمانەکانیم بەڕێوە دەبرد ستایشی دەکردم؟

خاتوو هاویشام بەوپەڕی تووڕەییەوە بەدەنگێکی بەرزەوە گوتی:"من فێرم کردووی بەرامبەر بە من ڕۆحزل و تووڕە بی؟ بەرامبەر بەمن، ئێستێلا ؟"

ئێستێلا بە هێواشی و سەرسووڕمانەوە سەیرێکی خاتوو هاویشامی کرد و دیسان چاوی بڕییەوە ئاگرەکە، خاتوو هاویشامیش تۆزێك هێوەر ببۆوە، منیش بیرم کردەوە و گوتم ئەگەر بڕۆمە دەرەوە باشترە.

لە دەرەوە ماوەی یەك کاتژمێر پیاسەم کرد و چاوم لە ئەستێرەکان دەکرد، دوای ئەوماوەیە وێرام بچمەوە ژوورەوە، دیتم ئێستێلا وەك جاران لە پەنای خاتوو هاویشام لەسەر زەوی دانیشتووە، بۆ ماوەیەکی کەم من و ئێستێلاش یاریمان کرد.

بەم شێوە شەومان ڕابوورد و من بۆ خەوتن چوومە ژوورێك.

بەیانی، پێش ئەوەی وەڕێ بکەوین بەرەو لەندەن، کەس باسی شەڕەکەی نەکرد و هیچکاتیش لە کەسیانم نەبیستەوە.

***

پێش ئەوەی ئەم لاپەڕەیە لە ژیانم هەڵدەمەوە، ناتوانم لە دڕکاندنی ناوی "بێنتلی دڕامێل" خۆ بپارێزم. هەرچەند ئەگەر بمتوانیبا ناوی نەهێنم، خۆشحاڵ دەبووم. شەوێك من و هێربێرت و چەند برادەری دیکە لە کلووب دانیشتبووین، سەرنجم دا و بۆم دەرکەوت کە بێنتلی بە شێوەیەکی سووك دەڕوانێتە من، لەگەڵ

ئەوەی چاوی لێ بوو و زانی من سەیری دەکەم پێکێکی بەرز کردەوە و گوتی:"ئەم پێکەی دەخۆمەوە بە خۆشی ئێستێلا."

پرسیارم لێ کرد:"کام ئێستێلا؟"

ـــ تۆ ئیشت نەبێ.

دووبارە لێم پرسییەوە "کام ئێستێلا؟"

ـــ ئەو ئێستێلایەی کە لە ڕیچمۆند دەژیت و لە جوانیشدا هاوتای نییە.

هێربێرت خۆی هاویشتە نێو قسەکانمانەوە و گوتی:"من دەیناسم."

درامێل ڕووی تێ کرد و گوتی: "دەیناسی؟"

بە دەموچاوێکی سوورهەڵگەڕاوەوە گوتم: "منیش دەیناسم."

بە شێوەیەکی گاڵتەجاڕانە گوتی: "کەواتە ئێوەش دەیناسن؟ ئەی خواگیان!"

شێواز و ئاهەنگی قسەکردنی، منی زۆر تووڕە کرد، بە هۆی ئەوەی کە ئەو ئیزنەی بە خۆی دابوو کچێك کە بەباشی نایناسێت، لەنێو کۆمەڵێکدا باسی بکات، بەبێ ئەدەبم دانا و داوای دۆئێلم لێ کرد، دەوروبەرەکانمان کەوتنە نێوانمان، ئاخرییەکەی بەڵێنمان دا، درامێل بەڵگەیەك بهێنێت و پێمان بسەلمێنێت لەگەڵ ئێستێلا نێوانی خۆشە و منیش لەگەڵ هێنانی بەڵگەکە، وەك جوامێرێك داوای لێبوردنی لێ بکەم. ڕۆژی دوایی درامێل نووسراوەیەکی بە خەتی ئێستێلا هێنا کە تێدا نووسرابوو: "لەگەڵ درامێل ئاشنایەتیم هەیە و چەند جارێکیش بە یەکەوە سەمایان کردووە."

بێجگە لە داوای لێبوردن چارەیەکی دیکەم نەبوو، بەڵام ناتوانم باسی بکەم کە هەستم بە چ ئازارێك کرد کاتێك زانیم ئێستێلا لە گەڵ پیاوێکی ئاوا ڕەزیل نیوانی خۆشە.

لە یەکەمین هەل کە لە میوانیی سەماکردن لە ڕیچمۆند بە دەستم هێنا بابەتەکەم لە لای ئێستێلا باس کرد، درامێلیش لەوێ بوو.

ـــ ئێستێلا بڕوانە ئەو پیاوە لەو گۆشە ڕاوەستاوە سەیری ئێمە دەکات.

ـــ بۆچی سەیری بکەم، چ گرینگییەکی هەیە کە پێویستە سەیری بکەم؟

ـــ لەم بارەوە دەمهەوێت پرسیارێکت لێ بکەم. لە سەرەتای شەوەوە تا ئێستا بەردەوام ئاگای لە تۆیە.

ئێستێلا بە سیلەی چاو لێی ڕوانی و گوتی: "دەعبا کوێرەکان و مێشووله ناشیرینەکان، بەردەوام لە دەوری مۆم دەهالێن، ئەرێ مۆم دەتوانێت بەرگرییان لێ بکات؟"

ـــ نا ئێستێلا، بەڵام بیرکردنەوە لەوە کە تۆ ئیزنی کەسێکی بێ ئەخلاق وەك ئەو پیاوە بدەی داوای خۆشەویستیت لێ بکات، شێتم دەکات. بە چاوی خۆم دیتم کە هەر ئەمشەو سەیری یەکتریتان دەکرد و پێ دەکەنین، بەڵام لەگەڵ من تا ئێستا ڕووی خۆشت نیشان نەداوە.

ـــ باشە پیپ بۆچی پێت خۆشە من بتخەمە داوەوە و هەڵتفریوێنم؟

ـــ کەواتە ئەو کوڕەت خستۆتە داوەوە و هەڵتخەڵەتاندووە؟

ـــ بەڵێ، ئەویش و زۆر کەسی دیکەش، هەموو کەس بێجگە لە تۆ. ئەوا خاتوو برێندلی هات، من چی تر قسە ناکەم.

# (٢٣)

## میوانێکی نەناسراو

٢٣ ساڵ لە ژیانم تێدەپەڕی، ماوەیەك بوو میوانخانەکەی بێرناردم بە جێ هێشتبوو و لەگەڵ هێربێرت ڕۆیشتبووین بۆ شوێنێکی دیکە، ئەو ژوورەی بەکرێمان گرتبوو لەسەر لیواری ڕووباری تەیمز هەڵکەوتبوو و بەسەر باخێکدا دەیڕوانی. چەند ڕۆژێك بوو هێربێرت بۆ بەڕێوەبردنی چەند ئیشێکی بازرگانی سەردانی شاری مارسێلیا (مارسێی) لە وڵاتی فەڕانسا کردبوو و منیش لەماڵەوە بەتەنیا بووم.

نەبوونی هێربێرت ئازاری دەدام و لەبەر ئەوەش شەوانە تا کاتژمێر ١١ کتێبم دەخوێندەوە، شەوێکیان کە تازە لە کتێبخوێندنەوە ببوومەوە، دەنگی پێی کەسێکم گوێ لێ بوو لە قالدرمەکان سەر دەکەوت.

چرایەکەم هەڵگرت و لە سەرەوەڕا ڕوانیمە خوارەوە و گوتم:"کەسی لێیە؟"

لەنێو دڵی تاریکییەوە کەسێك وەڵامی دایەوە:"بەڵێ."

ـــ چ نهۆمێکت دەوێ؟

ـــ نهۆمی سەرەوە، بەڕێز پیپ.

ـــ فەرموو، من پیپم.

پیاوەکە هاتە سەرەوە، لەبەر ڕووناکی چراکە دەموچاوی نەناسراوێکم بینی. بە تامەزرۆییەکی زۆرەوە لە نووکی پێمەوە تا تەپڵی سەرمی هەڵسەنگاند. بەرەو

ژوورەکەی من وەڕێ کەوتین. لە جلوبەرگەکانیڕا دیار بوو لە ڕێگەی دەریاوە هاتووە.

قژی درێژ و خۆڵەمێشی، تەمەنیشی ٦٠ ساڵ دەبوو، شان و ملێکی پان و دەست و پیلیشی زۆر بەهێز دیار بوون، پێستیشی ڕەش داگیرسابوو. لە قاڵدرمەکان سەرکەوت و دەستی بۆ لای من درێژ کرد.

ـــ ئیشەکەت چییە؟

ـــ ئیشم چییە؟ زۆر باشە، دوایی پێت دەڵێم.

ـــ دەتهەوێت بێی بۆ ژوورەکەی من؟

ـــ بەڵێ بەڕێز دەمهەوێ بێمە ژوورەکەی تۆ.

بردمە ژوورەکەی خۆم و لێم ویست سەبارەت بە ئیشەکەی (هاتنە نێومالّەکەم) ڕوونم بکاتەوە. بە تامەزرۆییەوە سەیرێکی دەورووبەری کرد، دەتگوت بەشی بەم ماڵەوەیە، ئینجا چاکەتەکەی داکەند و کڵاوەکەشی لەسەر سەری لابرد و سەرلەنوێ هەردوو دەستی بۆ لای من درێژ کردەوە. وامزانی تێك چووە. گوتم:"بەڕێز، مەبەستت چییە؟"

لەسەر کورسییەك لە تەنیشت ئاگرەکە، دانیشت و بە دەستەکانی دەموچاوی کە بە تیشکی خۆر سووتابوو، داپۆشین و لەپاشان چاوێکی لە پشت سەری خۆی کرد و گوتی:" کەسی لێ نییە؟"

گوتم: "بە چ هۆیەك نەناسراوێك نیوەشەو دێتە ماڵەکەی من و ئەم پرسیارەم لێ دەکات؟" لە کاتێکدا سەری بە شێوەیەك کە خۆشەویستی لێ دەباری جووڵاندەوە، گوتی: "تۆ گەنجێکی نەترسی و گەورەش بووی، هیوادارم نەبییە هۆی گرفتاربوونی من، ئەگینا پەشیمان دەبیتەوە."

دیارە من نەمدەویست ئیشێکی وا بکەم لەبەر ئەوەی ئەو کابرایەم ناسی بۆوە!

تاوانبارە ناسیاوەکەی خۆم دەناسییەوە، چی تر پێویست نەبوو برمەندێك دەرهێنیت یان پەڕۆیەك لەنێو چاوانی ببەستێت، پێش ئەوەی بۆ ناساندنەوەی خۆی کەڵك لەم شتانە وەرگرێت، من ناسیبوومەوە.

سەرلەنوێ گەڕایەوە ئەو جێگەی منی لێ ڕاوەستابووم، دەستەکانی بۆ لای من درێژ کردن، نەمدەزانی چی بکەم. بێ ئیختیار دەستەکانم خستە نێو دەستییەوە.

لە قووڵایی دڵییەوە دەستەکانی گوشیم و ماچی کردن و گوتی: "کوڕی خۆم پیپی نەجیب، کردەوەی ئەو ڕۆژەت جوامێرانە بوو، من هیچ کاتێك لە بیری ناکەم.

ویستی لە باوەشم بگرێت، بەڵام لە خۆمم دوور کردەوە و گوتم: "بڕۆ دوواوە، ئەگەر تۆ بۆ ئەو چاکەی کە لە سەردەمی منداڵیدا لە گەڵم کردووی سپاسم لێ دەکەی، هیوای من ئەوەیە سپاس و پێزانینەکەت گۆڕانی ڕێگای ژیانت بێت. ئێستاش جلەکانت تەڕن و بۆخۆشت ماندووی، پێش ئەوەی بڕۆی پێت خۆشە خواردنێکت بۆ بێنم ؟"

گوتی: "بەڵێ" خواردنەوەیەکی گەرمم بۆ هێنا، کاتێك بۆم هێنا بەوپەڕی سەرسووڕمانەوە بینیم کە چاوەکانی پڕن لە ئەسرین. بە بینینی ئەم دیمەنە دڵم وەڕەحم هات و پەرداخێکیشم بۆ خۆم تێکرد و گوتم:"داوای لێبوردنم هەیە کە بەتوندی قسەم لە گەڵ کردی، هیوادارم باش بیت، باشە ئێستا ئیشت چییە و بژێوی ژیانت لە کوێرا بەدەست دەهێنی؟"

ــــ لە ئەمریکا سەرقاڵی جوتیاری و بەخێوکردنی ماڵاتم.

ــــ هیوادارم کاسبیی باشت کردبێت.

ــــ زۆرباش.

ــــ خۆشحاڵم.

ــــ دەکرێت ئەم ورەیە بە خۆم بدەم و لێت بپرسم، ژیانی تۆ لەو کاتەوە کە لەنێو زەلکاوەکە یەکترمان بینی تا ئەمڕۆ چۆن تێپەڕیوە؟

هەموو گیانم کەوتە لەرزین، بەڵام ناچار بووم وەڵامی پرسیارەکەی بدەمەوە و بڵێم کە نوێنەری (کاندیدی) وەرگرتنی سەروەتێکم.

ـــ دەکرێت لێت بپرسم، چ سەروەتێك و لە لایەن کێوە؟

ـــ بۆ خۆشم نازانم.

ـــ با من هەڵی بێنم. ئایا بڕی دەسکەوتەکەی تۆ لەو کاتەوە بە تەمەنی یاسایی گەیشتووی ٥٠٠ لیر نییە؟ سەرپەرشتەکەشت پارێزەرێك نییە بە ناوی بەڕێز جاگێرز؟ لە پاشان لەنێو ئەوپەڕی سەرسوورمانەوە گوتی، ئەو پیاوە خێرخوازە بۆ خۆیەتی و ئێستاش بۆ بینینی من لە ئەمریکاوە هاتۆتە بەندەری "پۆرت مۆت" و ناونیشانی منی لە وێمیك وەرگرتووە. بەڵێ ئەو بوو کە منی وەك نەجیبزادەیەك گەورە کردبوو! بە دژواری ژیابوو، بۆ ئەوەی من لەنێو خۆشیدا بژیم.

بەوپەڕی ڕەنج و نارەحەتی ئیشی کردبوو، بۆ ئەوەی من پێویستم بە ئیشکردن نەبێت.

بەرامبەر بە من کەوتە سەرچۆك و منی بە "کوڕی خۆم" بانگ کرد و گوتی، سەرەتا وەك شوانێکی ئاسایی ئیشی کردووە و سوێندی خواردووە، هەر پارەیەك دەری بێنێت بۆ منی دانێت.

دوای ماوەیەك خاوەنکارەکەی مردووە و هەندێك پارەی بۆ بەجێ هێشتووە، ئەویش ئەم سەرمایەی خستۆتە نێو مامەڵەوە و سەروەت و سامانێکی پێکەوە ناوە و لە پیپی بچکۆڵە، گەنجێکی خوێندەوار و نەجیبی دروست کردووە.

دەستی خستە سەرشانم. لەناکاو بیرێکم بە مێشکدا هات و بێئیختیار لەرزیم، بەو شتانەی کە لە ژیانی ئەوم دەزانی گوتم، ناکا دەستی بە خوێنی کەسەوە سوور بووبێت.

ـــ کوڕم لە کوێ جێگەم بۆ دابین دەکەی؟ خۆ دەبێ لە جێگەیەك نیشتەجێ بم.

ـــ بۆ خەوتن؟

ـــ بەڵێ، بۆ خەوێکی خۆش و قووڵ! لەبەر ئەوەی چەند مانگێکە لە دەریاکاندا دەگەڕێم.

ــــ برادەرەکەی من لە سەفەرە و تۆ دەتوانی جارێ لە ژوورەکەی ئەودا بخەوی.

ــــ خۆ تا بەیانی نایەتەوە؟ لەبەر ئەوەی خۆپارێزی پێویستە. بۆخۆشت باش دەزانی.

ــــ مەبەستت لە خۆپارێزی چییە؟


ــــ خۆپارێزیی بۆ ژیان، دەزانی کە من مەحکووم بەوەم تا ئەبەد لە تاراوگە بژیم. ئەگەر بزانن گەڕاومەتەوە، سزاکەم مەرگە.

سەرەتا پێویست بوو، پەردەکان دادەمەوە بۆ ئەوەی کەس نەمانبینێت، لە پاشان دەرکەکانم بە قایمی داخستن و چەند بەتانییەکی خاوێنم دایە و ناردم بۆ ژوورەکەی دیکە بخەوێت.

ئینجا بۆخۆم لە لای ئاگرەکە دانیشتم، دەترسام بخەوم. تا یەك دوو کاتژمێر ئەوەندە سەرسووڕماو بووم، هێزی بیرکردنەوەشم نەبوو. دوای ئەوەی تۆزێك هاتمەوە سەرخۆم، تازە زانیم چارەنووسێکی چەندە ڕەشم هەیە و چۆن هەموو ئاواتەکانم بە بادا ڕۆیشتن.

ئەو خەیاڵانەی سەبارەت بە پلانەکەی خاتوو هاویشام کردبوومن هەمووی خەون بوون، ئێستێلا بۆ من دانەندرابوو.

ئەو دژواریانەی لەو ماڵە (ماڵی خاتوو هاویشام) بە سەرمدا هاتبوون تەنیا بۆ تێربوونی حەزی ئەوان بوو، دیارە ئەوانە سەرەتاییترین ئازار بوون کە دوای ناسینی خێرخوازەکەم بە سەرم هاتبوون. بەڵام قووڵترین برینی من لە لایەن خێرخوازەکەمەوە بوو، کەسێك کە بە یەقینەوە دەمزانی تاوانبارە، بەبێ ئەوەی بزانم چ تاوانێکی بە ئەستۆوەیە. تاوانبارێك کە شایانی لە سێدارەدانە و منیش لەبەر ئەو جۆ و بیدیم بەجێ هێشتبوو.



# (٢٤)

## پراویس و کۆمپی سێن

بەوپەڕی بێقەراری و ناڕەحەتییەوە شەوم لە پەنای ئاگرەکەدا بە ڕۆژ گەیاند، کاتژمێر شەشی سەرلەبەیانی لە خەو هەستام، دووبارە بەخەودا چوومەوە، تا تیشکی خۆر لە خەوی هەستاندمەوە. دەموچاوم شت و جلوبەرگم لە بەر کرد و لە تەنیشت ئاگرەکە دانیشتم و چاوەڕوان بووم بێتە دەرەوە و نانی بەیانی بخۆین. لەم کاتەدا دەرگای ژوورەکەی کردەوە هاتە ژوورەوە، هەرچییم کرد تاقەتی دیتنی قەیافەکەیم نەبوو. لەوە دەچوو بە ڕۆژ زۆر ناشیرینترە، گوتی لەنێو کەشتییەکەدا ناوی خوازیاری "پراویس"ی بۆخۆی هەڵبژاردووە، بەڵام لەڕاستیدا ناوی "ئیبێل میگۆییچ"ە، دوای ئەوەی بە ئیشتیایەکی زۆر نانی بەیانی خوارد، دەستی کرد بە سەبیلەکێشان، لە پاشان دەفتەرچەیەکی بچووکی لە گیرفانی دەرهێنا و هەڵیدایە سەرمێزەکە و گوتی: "کوڕم، لەم دەفتەرەدا شتێکی تێدایە کە بەنرخە و بۆ تۆیە، من هەرچیم بەدەست هێناوە هەموویم بۆ تۆ کۆ کردۆتەوە."

گوتم:"دەمهەوێ قسەت لەگەڵ بکەم، دەمهەوێت بزانم دەبێ چ بکەین، پێویستە بزانم بەسەرهاتەکەت چۆنە، بۆ ئەوەی بتوانم یارمەتیت بدەم و لە مەترسی بتپارێزم."

ـــ زۆر باشە کوڕم، ئەوەی من لە مەترسی داوێت زۆر گرینگ نییە، مەگەر کەسێك لە گەڕانەوەم ئاگادار بێت.

ـــ تاکەی دەتهەوێ لێرە بمێنییەوە.

ـــ تاکەی؟ من ئیتر نامهەوێت بگەڕێمەوە. هاتووم تا لێرە بمێنمەوە.

ـــ دەتهەوێ لە کوێ نیشتەجێ بی؟ کوێ بۆ تۆ ئەمنە؟

ـــ کوڕی خۆم، لەنێو ئەم جیهانەدا چ زۆرە ڕەنگی قژی سەر، چاویلکەش هەیە و چاکەت و پانتۆڵی ڕەشیش، دەکرێ لە هەمووی ئەوانە کەڵك وەردەگرین بۆ گۆڕینی قەیافەی من، بەڵام سەبارەت بەوەی کە لە کوێ نیشتەجێ ببم، ڕای تۆ چییە؟

بیرم کردەوە و بۆم دەرکەوت کە باشترین ڕێگە ئەوەیە کە لە نزیك ماڵەکەی خۆم ژوورێکی بۆ بگرم بۆ ئەوەی کاتێك هێربێرت، کە چاوەڕوان بووم بەم زووانە بگەڕێتەوە، هاتەوە لە ژوورەکەی خۆی نەیبینێت. بەڵام هەر دەبوو ئەم نهێنییە لای هێربێرت باس بکەم. ئاخرییەکەی وا ساغ بووینەوە کە پراویس جلوبەرگی جوتیارە دەوڵەمەندەکان لە بەر کات و ڕەنگی قژەکانی بگۆڕێت

تۆزێکیش کورتیان بکاتەوە، بڕیار درا تا ئەو ئیشانە نەکات، خۆی بە خزمەتکارەکانی من نیشان نەدات.

خۆشبەختانە، لە نهۆمی دووهەمی ماڵێك لە نزیکی ماڵەکەی خۆم ژوورێکم بۆ گرت و جلوبەرگە دیاریکراوەکانیشم بۆ کڕی تا ڕۆژی دوایی لە بەریان بکات. هەرچییەکی لە بەر دەکرد لە جلوبەرگەکانی خۆی، کە لە کاتی هاتندا لە بەریدا بوون، باشتر بوو. بە ڕای من شتێك لەنێو ئەو پیاوەدا بوو، کە هیوای نەناسراوهێشتنەوەی پووچەڵ دەکردەوە، ئەویش ئەوە بوو کە لە کاتی ڕۆیشتندا یەکێك لەلاقەکانی تۆزێك بەدوای خۆیدا ڕادەکێشا، دەتگوت هێشتا شتێکی قورسی پێوەیە.

وێڕای ئەوەش ژیانی ڕابردووی ئەو پیاوە ئەوەندە ئازاراوی و پڕ لە ناخۆشی بوو و زبرییەکی وای پێ بەخشیبوو، بە هیچ جلوبەرگێك نەدەشاردرایەوە. هەروەها لە

دانیشتن و هەستانیدا و لە شێوازی قسەكردن و خواردنیدا كەسایەتیی بەندكراوە تاوانبارەكەی بە جوانی دیار بوو.

لە هەر چركەیەكدا چاوەڕوانی هاتنەوەی هێربێرتم دەكرد، نەمدەوێرا لە ماڵەوە بچمە دەرەوە، تەنیا كاتێك هەوا تاریك دەبوو بۆ چەند خولەك پراویسم دەبردە دەرەوە تا پیاسەیەك بكات و حاڵ و هەوایەك بگۆڕێت.

ئاخرەكەی شەوێك دەنگی پێی هێربێرتی خۆشەویستم گوێ لێ بوو كە لە قاڵدرمەكانەوە سەر دەكەوت. دەركەكەی كردەوە و خۆی هەڵدایە نێوەڕاستی ژوورەوە. سەفەری فەڕەنسا بە تەواوی بە كەیف و زیندووی كردبۆوە.

ـــ هێندێلی خۆشەویست، حاڵت چۆنە؟ پێم بڵێ برای خۆشەویستم چۆنی؟

دەڵێی ساڵێكە لێت دوورم، هەر بەڕاست دەڵێی ئەم سەفەرە ساڵێكی خایاندووە، لە بەر ئەوەی زۆر زەعیف بووی و ڕەنگت زەرد هەڵگەڕاوە، هێندێڵ...

لەم قسانانەدا بوو، چاوی بە پراویس كەوت و گوتی: " ئۆۆۆ، ببوورن، سڵاو بەڕێز."

دەركەكەم داخست و گوتم: "هێربێرت برادەری بەڕێزم، كاتێك تۆ لێرە نەبووی ڕووداوێكی تازە و سەرسووڕهێنەر ڕووی داوە. ئەم بەڕێزە میوانی منە."

پراویس لەكاتێكدا "ئینجیل"ێكی بچووكی لە گیرفانی دەرهێنا، هاتە پێشەوە و گوتی:"كوڕی باش، دەستت لەسەر ئەم كتێبە پیرۆزە دانێ و سوێند بخۆ نهێنی ئێمە نەدركێنی. ئەگەر ڕۆژێك لە ڕۆژان بتهەوێت، من ڕیسوا بكەی هەر ئەو كاتە خوا دەتكوژێت، ئەم كتێبە ماچ بكە و سوێند بخۆ"

بە هێربێرتم گوت، هەرچی دەڵێ بە قسەی بكە.

هێربێرت لەكاتێكدا بە ناڕەحەتی و سەرسووڕماویەوە سەیری دەكردم، دەستوورەكەی بەڕێوە بردم، ئینجا هەرسێكمان لە دەوری ئاگرەكە دانیشتین و من بەسەرهاتەكەم بە وردی بۆ هێربێرت گێڕایەوە. تا نیوەی شەو خەریكی قسەكردن

بووین، ئینجا هەستاین و من پراویسم گەیاندەوە ژوورەکەی خۆی. کاتێك دەرکەکەی داخست بۆ یەکەمین جار دوای هاتنی ئەو هەستم بە ئارامی کرد. دوای ئەوەی هاتمەوە بۆ ژوورەکەی خۆمان لە گەڵ هێربێرت سەبارەت بەوەی کە دەبێ چ بکەین، ڕاوێژمان کرد. گوتم: "هێربێرت دواجار دەبێ کارێك بکەین. ئەو پێداگرە کە کۆمەڵێك شتی گرانم بۆ بکڕێت، وەك عەرەبانە. بە هەرحاڵ بە هە-رشێوەیەك بووبێت دەبێ لەم کارە پەشیمانی بکەینەوە."

ـــ مەبەستت ئەوەیە ناتوانی لێی قبووڵ بکەی؟

قسەکەم پێ بڕی و گوتم: "من چۆن دەتوانم سەبارەت بەوە هەر بیریش بکەمەوە؟ ئاخر تۆ بیر بکەوە بزانە چۆن ژیاوە؟"

ترس و لەرزێکمان بە سەردا هات و درێژەم پێ دا: "وێڕای ئەوش، هەرچەند هەقیقەت تاڵ بێت ئەم مەسەلەیە پێوەندیی بە منەوە هەیە و زۆر بە توندیش. سەیر کە بزانە کەس چارەنووسێکی ئاوای هەبووە؟ بزانە من ئەمڕۆ چەندە قەرزداری ئەو پیاوەم، ئەویش قەرزێکی گەورە، قەرزێکی وەها گەورە کە بەڕاستی بۆ من کە هیچ هیوایەکم بە داهاتوو نییە و بۆ هیچ کارێکیش پەروەردە نەکراوم زۆر قورسە. تەنیا ڕێگەم ئەوەیە کە بە شێوەی خۆویست بچمە نێو هێزی سەربازییەوە."

ـــ پیپ سەربازی هیچ دەردێك دەرمان ناکات، تۆ بە سەربازی ناتوانی قە-رزەکەت بدەیتەوە بەم پیاوە. لەوانەیە ئیشکردن لە دووکانەکەی "کلاریکێر"، ئەگەرچی بچووکیشە، بۆ تۆ باشتر بێت، تۆ دەزانی کە من لەگەڵی شەریکم.

بێچارە هێربێرت، نەیدەزانی بە پارەی من ئیش دەکات؟

هێربێرت درێژەی پێ دا: "بەڵام، یەکەمین و گرینگترین کار ئەوەیە کە دەبێ لە بەریتانیا بیبەینە دەرەوە، بۆ ئەوەی ڕازی ببێت دەبێ تۆش لەگەڵی بڕۆی."

بەیانی ڕۆژی دواتر کاتێك بۆ نانی بەیانی هات بۆ لامان، داوامان لێ کرد، سەبارەت بە خۆی و تاوانبارەکەی دیکە کە لەنێو زەلکاوەکەدا شەڕیان دەکرد ڕوونکردنەوەی زیاتر بدات. دوای ئەوەی کە سوێندەکەی وەبیری هێربێرت هێنایەوە، ڕازی بوو تۆزێکمان بۆ بگێڕێتەوە.

ئەمەش کوورتکراوەیەك لە وتەکانی ئەو ڕۆژەی پراویسە: "زانیارییەکانی من سەبارەت بەوە کە لە کوێ لەدایك بووم لەئێوە زیاتر نییە، یەکەمین شوێن کە لە بیرمە "ئیسکێس" بوو، کە لەوێ لەبەر ئەوەی لە برسان نەمرم توورم دەدزی بۆ خواردن. ئەوکات هەرکەس منی بە سکی برسی و جلوبەرگی دڕاوەوە دەدیت یان بە نەفرەتەوە لە خۆیان دوور دەکردمەوە یان دەیانگرتم و دەیاندامە دەست پۆلیس. ئەوەندە خرابوومە بەندیخانەوە، بەندیخانە بۆ من شتێکی ئاسایی بوو. شوێن و پێگەی من زۆرتر بەندیخانە بوو. سەردەمی مندالّیم بەم شێوەیە بە دزی و سوا-لّکردن و جارجاریش ئیشکردن، ئەویش لەو ئیشانەی ئەزیەتی زۆر و پارەی کەمیان تێدا بوو، بەسەرچوو، تا گەیشتمە تەمەنی گەنجی. زیاتر لە ٢٠ سالّ پێش ئێستا لە "ئێپسۆم"پیاوێکم ناسی، کە ئەگەر ئێستا دەستم کەوێت بەم شیشە مێشکی دەردێنم، ناوە ڕاستییەکەی "کۆمپیسێن" بوو. پیپی خۆشە-ویست، ئەوە ئەو پیاوە بوو کە ئەو ڕۆژە لەنێو زەلکاوەکە شەڕم لەگەلّ دەکرد، ئەو پیاوە لەگەلّ ئەوەی خوێندەوارییەکی ئەوتۆی نەبوو و لە قوتابخانەی شەوانە دەرسی خوێندبوو، بەلاّم جوان و ڕەوان قسەی دەکرد و وای خۆ دەنواند کە ئاغازادە و نەجیبزادەیە، بەلاّم بە قسە هەموو کەسی هەلّدەفریواند و بەردەوامیش پۆشتە و پەرداخ بوو و جلوبەرگی جوانی لەبەر دەکرد. منیشی هەلّفریواند بۆ ئەوەی ببمە شەریکی و پێکەوە خەریکی هەلّفریواندنی خەلّك بۆ دروستکردنی بەلّگەنامەی تەزویر بین.

ئیشی کۆمپیسێن ئەوە بوو، پلان و گەلاڵەی داڕشت، بەڵام بۆ بەڕێوەبردنی پلانەکانی لە کەسێکی دیکە کەڵکی وەردەگرت و بۆ خۆی دەکشایە دواوە، ئەگەر سەرکەوتبانایە، ئەوە پارەیەکی زۆری دەست دەکەوت، ئەگەریش حکوومەت پێی بزانیبا لەبەر ئەوەی ئەو هیچی نەدەکرد، هیچ بەڵگەیەك دژی ئەو نەدەبوو.

دڵی لە ئاسن ڕەقتر بوو، هیچ سۆز و هەستێکی نەدەناسی، بە پێچەوانە لە بێ ڕەحمی و پیسزاتیدا دەستی شەیتانی لە دوواوە بەستبوو.

بە یەکەوە دەستمان بە ئیشکردن کرد و زۆر زوو داوێکی وای بۆ نامەوە کە بە ناچار وەك نۆکەرێك ئەمر و فەرمانەکانیم بەجێ دەگەیاند. بەردەوام پێی قەرزدار بووم و وەك مێو لەنێو دەستی خۆیدا هەڵیدەگوشیم. ئیشم بۆ دەکرد، خۆم بۆی دەخستە مەترسییەوە.

ئاخرییەکەی بە تاوانی بڵاوکردنەوەی پارەی تەزویر هەردووکمان دەستبەسەر کراین. دیارە وێڕای ئەو تۆمەتە، تاوانگەلێکی دیکەشمان هەبوون. لە مەحکەمە حوکمیان بۆ بڕینەوە.

کۆمپیسێن لە جەوهەردا پیاوێکی باش بوو! بەڵام داوی لە داوی برادەری خراپ کەوتبوو، هەروەها زانیاریگەلێکیشی سەبارەت بە ڕابردووی من تەسلیمی ئەوان کردبوو، حوکمیان بۆ دابەزاند و ٧ساڵیان بۆ بڕییەوە، بۆ منیشیان ١٤ ساڵ دانا. لە پاشان هەردووکیان بۆ ئیشکردن ناردینە نێو کەشتییەکەوە. ئاگری تۆڵە لەنێو دڵمدا گڕی هەڵدابوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تا ماوەیەك هەوڵدانەکەم بێ ئاکام بوو تا ڕۆژێك لە پشت سەرییەوە بانگم کرد، کە ئاوڕی دایەوە بە هەموو هێزی خۆم کۆڵەمستێکم لە دەمی دا، بەڵام بەداخەوە زوو گرتیانم. ئاخرییەکەی ڕۆژێك مەجالێك هەڵکەوت، خۆم دەرباز کرد و لەو گۆڕستانەی کە بۆ یەکەم جار تۆم بینی، خۆم حەشاردا. هەر لەوێش بوو کە لە ڕێگەی تۆوە زانیم کۆمپی سێنیش ڕای کردووە و لەو دەوروبەرەدا خۆی حەشار داوە. باوەڕی من ئەوەیە کە

ئەم پیاوە لە ترسی من لە کەشتییەکە هەڵاتبوو و خۆی حەشار دابوو، بەڵام نەیدەزانی کە دەستی چارەنووس تووشی منی دەکاتەوە. دواجار ئەو ڕۆژە دۆزیمەوە و تیری دڵم لێم دا، چون دەمزانی بەندیخانە لە هەموو ئازارێك بۆ ئەوی بە ئێشترە، ئەوە بوو کە گەڕاندمەوە بۆ بەندیخانە، ئەوکاتی من بیرم لە خۆم نەدەکردەوە و ئەوم بە ڕاکێش ڕاکێش هێنایەوە و تەحویلی سەربازەکانم دا و هەردووکیان قۆڵبەست کردینەوە. دووبارە زنجیریان لە لاقەکانم بەست و بۆ ئەبەد ناردیانمە تاراوگە، بەڵام من نەمتوانی بۆ هەتاهەتایە بەم دووزەخە ڕازی بم، ئەوە بوو کە بە دزییەوە گەڕامەوە بۆ ئێرە، ئێستاش کوڕی خۆشەویستم برادەرە کۆنەکەت بەرامبەر بە تۆ دانیشتووە".

دوای ماوەیەك بێدەنگی لێم پرسی:" ئێستا ئەو مردووە؟"

ـــ ئەگەر زیندوو بێت، دڵنیات دەکەم ئارەزووی ئەوە دەکات من مردبێتم، بەڵام لەو کاتەوە هیچم سەبارەت بە ئەو نەبیستووە.

هێربێرت لە بەرگی کتێبەکە شتێکی نووسی و نیشانی منی دا، لەو کاتەدا پراویس بە پێوە بوو و چاوی لە ئاگرەکە بڕیبوو خەریکی سەبیلەکێشان بوو، منیش سەیری نووسراوەکەی هێربێرتم کرد کە نووسی بووی: "کۆمپی سێن ئەو کەسەیە، کە خۆی بە ئاشق و شێتی خاتوو هاویشام دەزانێ."

کتێبەکەم پێکەوە نا و سەرێکم جووڵاندەوە. هیچ کامێکمان هیچمان نەگوت. چاومان لە پراویس دەکرد کە بە بێدەنگی ڕاوەستا بوو و خەریکی بیرکردنەوە بوو.

## (٢٥)

## تۆڵەی خاتوو هاویشام

بڕیارم دا پێش ئەوەی لە گەڵ پراویس بڕۆم، سەردانێکی خاتوو هاویشام و ئێستێلا بکەم. بۆ بەیانییەکەی چوومە ڕیچمۆند بۆ بینینی ئێستێلا، بەڵام نۆکەرەکەیان گوتی، چۆتە ستیس هاوس بۆ لای خاتوو هاویشام. بەیانی زوو بەرەو شارەکەی خۆمان وەڕێ کەوتم، کاتێك عارەبانەکەم گەیشتە میوانخانەی "ورچی شین"، درامێلم بینی کە لەوێ دەهاتە دەرەوە. بەدیتنی ئەو لە شاری خۆمان خوێنم وەجۆش هات و زەختم سەر کەوت، بە باشی دەمزانی بۆچی هاتۆتە ئێرە. هەردووکمان چووینە سالۆنی میوانخانەکە، ئەو شوێنەی کە ئەو تازە خواردنی لێ خواردبوو، منیش داوای خواردنم کرد، دیدارێکی زۆر ناخۆش بوو.

لە پاشان درامێل خزمەتکاری میوانخانەکەی بە دەنگێکی بەرز بانگ کرد و گوتی:"ئەسپەکەم ئامادەیە؟"

ــــ بەڵێ بەڕێز لەبەر دەرکەکە چاوەڕێتە.

ــــ گویچکەتم بۆ ڕادێرە بزانە دەڵێم چی، خاتوون ئەمڕۆ ئەسپسواری ناکات لەبەر ئەوەی کەشوهەوا باش نییە.

ــــ زۆر باشە بەڕێز.

ــــ من بۆ نیوەڕۆ ناگەڕێمەوە، لەبەر ئەوەی نانی نیوەڕۆ لە خزمەت خاتوونەکاندا دەخۆم.

ـــ زۆر باشە بەڕێز.

لە پاشان درامێل چاوێکی لێ کردم کە تیشکی سەرکەوتنی لێ دەباری و کاریگەری دانایە سەر قولایی دڵم. ڕۆیشتنی ئەو لە میوانخانەکە بۆ من وەك خەڵاتێك وابوو.

دەموچاوم شت و جلوبەرگم گۆڕی و چوومە ماڵی خاتوو هاویشام.

خاتوو هاویشام وەك جاران لە تەنیشت ئاگرەکە دانیشتبوو و تۆزێك لە خوارەوەتر ئێستێلا خەریکی چنینی شتێك بوو.

بە خاتوو هاویشامم گوت:"من خێرخوازەکەی خۆمم ناسی، بەڵام جێگەی خۆیەتی شتێك بە تۆ بڵێم، پێم بڵێ بزانم بۆچی ئەو کاتانە کە من بە هەڵە وامدەزانی تۆ خێرخوازەکەی منی، تۆ لە جیاتی گوتنی ڕاستی هیچت پێ نەدە-گوتم و دەتهێشت لەنێو ئەو هەڵەیەمدا بمێنمەوە، ئایا ئەم کردەوەی تۆ بەجێ بوو؟"

خاتوو هاویشام تووڕە بوو، گۆچانەکەی بە هەموو هێزی خۆی لە عەرزەکە کوتا و گوتی: "تۆخوا پێم بڵێن بۆ دەبێ من باش و میهرەبان بم؟"

رووم کردە ئێستێلا و گوتم:"ئێستێلا تۆ خۆت باش دەزانی کە ماوەیەکە لە قوولایی دڵمەوە خۆشم دەوێی."

ئێستێلا کە هێشتا هەر خەریکی چنین بوو، چاوە جوانەکانی لە سەر کاردەستییەکە هەڵگرت و بۆ ماوەیەك بە بێجووڵە سەیرێکی کردم، گوتم: "ئێستێلا هەرچەند دەبوو ئەمەم زۆر زووتر پێ گوتبای، بەڵام لەبەر ئەوەی وام بیر دەکردەوە کە خاتوو هاویشام ئێمەی بۆ یەك داناوە و هەروەها ئەمەشم دەزانی کە تۆ هیچ شتێکت بەدەستی خۆت نییە، بۆیە لە وتنی خۆم پاراست، بەڵام ئێستا گوتنی ئەم بابەتە پێویستە."

ئێستێلا بەبێ ئەوەی دەست لە چنینەکەی و چاویش لەمن هەڵگرێت، سەرێکی جووڵاند.

لە وەڵامی ئەو سەر جووڵاندنەیدا گوتم: "دەزانم ئێستێلا، دڵنیام کە تۆ هیچکات نابیتە هی من ، بەڵام من هەر خۆشم دەوێی، من تۆم لەو ڕۆژەوە کە بۆ یەکەم جار هاتمە ئەم ماڵە خۆش ویستووە."

هەر بەو شێو بەبێ ئەوەی دەست لە چنین هەڵگرێت سەری دەجووڵاندەوە و چاوی لەمن بڕیبوو، بە هێواشی گوتی: "لەوە دەچێت هەستگەلێك هەیە کە من ناتوانم هەستیان پێ بکەم، کاتێك تۆ دەڵێیت خۆشم دەوێی لە مانای قسەکانت تێدەگەم، بەڵام ناتوانم هەستیان پێ بکەم، لەوە دەچێت ئەو ئەندامەی کە وتەکانی تۆ لەسەری کاریگەر دەبێت لەنێو سینەی من دا نەبێت، ئەو قسانەی تۆ دەیانڵێیت بۆ من گرینگ نین، پێشتریش تۆم لەو کەموکوڕییە ئاگادار کردبۆوە، وانییە؟"

بێچارە و دەستەوەستان گوتم: "بۆچی، ئێستێلا."

ـــ بەڵام تۆ بڕوات بە قسەکانی من نەکرد، واتدەزانی گاڵتەت لەگەڵ دەکەم.

ـــ ئاخر تۆ بەو تەمەنە گەنجەتەوە چۆن دەتوانی ئاوها بی؟

ـــ سروشتی من وایە، ئاوایان پەروەردە کردووم.

پرسیارم لێ کرد ڕاستە ئیزنی بە درامێل داوە سوارکاریی لەگەڵ بکات و لێرەش نانی نیوەڕۆ لە گەڵ ئەو بخوات؟

لەو زانیاریانەی من سەری سووڕمابوو، وەڵامی دامەوە:"بەتەواوی وایە."

ـــ ئۆۆۆ، ئێستێلا تۆ ناتوانی ئەوت خۆش بوێت.

ـــ باشە من ئەو هەمووەم باسی خۆم بۆ کردی، بەڵام تۆ ئێستاش وا هەست دەکەی سەبارەت بە خۆم و دڵم گاڵتەم لەگەڵ کردووی؟

ـــ تۆ هیچ کات زەماوەندی لە گەڵ ناکەی. ئێستێلا...

سەیرێکی خاتوو هاویشامی کرد و بۆ ساتێك بیری کردەوە ئینجا گوتی: "بۆچی ڕاستییەکەت پێ نەڵێم؟ بەڵێ من دەمهەوێ زەماوەندی لەگەڵ بکەم.

دەموچاوم بە دەستەکانی خۆم داپۆشی، بەڵام زۆر زووتر لەوەی کە بۆخۆم بیرم دەکردەوە، توانیم بەسەر هەستەکانی خۆمدا سەرکەوم.

ـــ ئێستێلا، ئێستێلای خۆشەویست مەهێڵە خاتوو هاویشام تۆ ناچار بەم کارە هەڵەیە بکات. منت نەوێت، بەڵام لانیکەم کەسێك هەڵبژێرە کە زیاتر لە درامێل شایانی هاوسەرینیی تۆ بێت.

ئێستێلا، خاتوو هاویشام دەیهەوێت تۆ بدات بە درامێل تا بەم کارەی سووکایەتی بەو کەسایەتییە نەجیبانە بکات کە تۆیان خۆش دەوێت و دەتپەرەستن.

بە دەنگێکی کز و ئارام گوتی: "من لە گەڵ ئەو زەماوەند دەکەم، دەستپێکی زەماوەندەکەمان ئامادە بووە و بەمزووانە ڕێورەسمی زەماوەندەکەمان بەڕێوە دەچێت، بۆچی لەخۆڕا ناوی دایکی من دەکێشییە نێو مەسەلەکەوە؟ من بۆخۆم ئەم کارەم کردووە.

ـــ کاری خۆتە ئێستێلا؟ تۆ دەتهەوێت خۆت بە داوێنی پیاوێکی سووك و نانەجیبی وەك درامێل هەڵاوەسی؟

ـــ پیپ، وامەزانە کە من بۆ درامێل وەك نیعمەتێکی ئاسمانیم، نا وانییە، وەرە و دەستم بگووشە با لە یەك جیا بینەوە، هەی خەیاڵچن!

فرمێسکی تاڵ وەك لافاو لە چاوەکانم دەڕژانە خوارەوە و دەکەوتنە سەر دەستەکانی ئێستێلا، گوتم: "ئێستێلا، چۆن دەتوانم تۆ بە هاوسەری درامێل ببینم؟"

ـــ ئەوانە هەمووی قسەی قۆڕن، قسەی قۆڕ! بە زووترین کات هەموو شتێك تێدەپەڕێت.

ـــ نا ئێستێلا هیچ کات!

ـــ لە ماوەی یەك حەوتوودا لە بیرت دەچمەوە.

ـــ تۆم لە بیرەوە چێت؟ تۆ لە من جیا نیت، ئاخخخخ، ئێستێلا هیوادارم خوا ئاگادارت بێت.

ئیتر هەموو شتێك بۆ من تەواو ببوو، کاتێك لەو ماڵە هاتمە دەرەوە ئاسمان ڕەنگێکی دیکەی گرتبوو، ڕەنگێك کە لە گەڵ کاتی هاتنم بۆ ئەو ماڵە جیاوازییەکی زۆری هەبوو.

هەموو ڕێگاکەم تا لەندەن بە پێیان بڕی، لەبەر ئەوەی توانای ئەوەم نەبوو بگەڕێمەوە بۆ میوانخانەکە و چاوم بە چاوی درامێل بکەوێتەوە. نەمدەتوانی لەوێ دانیشم و گوێم لە قسە ناخۆشەکانی درامێل بێت. کاتژمێر لە نیوەی شەو تێدەپەڕی کە گەیشتمە سەر پردەکەی لەندەن، کاتێك گەیشتمە ماڵەکەی خۆم دەرکەوانەکە نووسراوەیەکی دامێ و گوتی:"هێنەری ئەم نامەیە تکای لێ کردی پێش ئەوەی بچییە ژوورەوە بیخوێنیتەوە. لەکاتێکدا بە بیسنتی ئەم داواکارییە سەرم سووڕمابوو نووسراوەکەم کردەوە، بە خەتی وێمیك نووسرابوو، تەنیا دوو وشە نووسرابوو: "مەچۆ ژوورەوە."

## (٢٦)

## جێبەجێکردنی ئیشی پراویس

عەرەبانەیەکم بە کرێ گرت و چووم بۆ ئوتێل " کاونت گاردێن". شەوم بە ڕۆژ گەیاند. بەیانی زوو لە خەو هەستام و بۆ دیتنی وێمیك سەردانی ماڵەوەیانم کرد. گوتی، لە زیندانی "نیو گێت" بیستوویەتی شکیان کردۆتە سەر پراویس و ژوورەکەی منیش لەژێر چاودێری دایە، وێمیك وای بە باش زانیوە من ئاگادار بکاتەوە و لە مەترسی دوورم بکاتەوە هەروەها وێمیك گوتی ئەگەر پراویس جارێ دەست لە ڕۆیشتن هەڵگرێت و لە لەندەن وەمێنێت، باشترە. ئەو ڕۆژە وێمیك کاتێك منی نەدۆزیبۆوە سەردانی تیجارەتخانەکەی کلاریکێری کردبوو و لە گەڵ هێربێرت پلانێکی کاتییان بۆ پاراستنی پراویس داڕشتبوو. بردبوویان بۆ ماڵی دەزگیرانەکەی هێربێرت کە ناوی "کلارا" بوو و ماڵەکەیان لە لێواری ڕووبارەکە هەڵکەوتبوو و لە لەگەڵ باوکی کە نەخۆش بوو دەژیا. لە نهۆمی سەرەوە ژوورێکیان بۆ دابین کردبوو.

وێمیك گوتی، نیشتەجێبوونی پراویس لەم ماڵە بە سێ هۆ لەبارە:

یەکەم، ئەوەیە کە لە ماڵکەی پیپ دوورە و کەسیش بۆ دۆزینەوەی نایەت بۆ ئێرە.

دووەم، بەبێ ئەوەی من بچم بۆ لای پراویس، هێربێرت هەواڵەکانم بۆ دێنێت.

سێیەم، ئەوە بوو کە لە کاتی مەترسیدا دەتوانین بە کەڵکوەرگرتن لە بەلەم پراویس لێرە وەگوازین و هەڵکەوتنی ئەم ماڵە لە لیواری ڕووبارەکە ئەم پلانەمان بۆ ئاسان دەکاتەوە.

وتەکانی وێمیك زۆری خۆشحاڵ کردم. چەند جار سپاسم لێ کرد. ئامۆژگاریی کردم کە تا دنیا تاریك دەبێت لە ماڵەکەی ئەو بمێنمەوە، لە پاشان منی لای باوکە پیرەکەی جێ هێشت و بۆخۆی هاتە دەرەوە.

کاتێك دنیا تاریك بوو لە ماڵەکەی وێمیك هاتمە دەرەوە و یەکسەر چووم بۆ ماڵی دەزگیرانەکەی هێربێرت، ماڵەکەی لە "میل پۆند بێنك" بوو، چەند جارێك ڕێگام لێ ون بوو، تادواجار دۆزیمەوە و لەدەرکەم دا و ژنێکی بەساڵداچوو دەرکەکەی لێ کردمەوە، لەم کاتەدا هێربێرتیش هاتە دەرەوە و منی ڕێنوێنی کرد بۆ ژوورەوە و گوتی: "هێندڵ هەموو ئیشەکان بە باشی بەڕێوە چوون، تەنیا پراویس بۆ دیتنی تۆ بێتاقەت بووە، بەڵام لە مانەوەی لێرە ڕازییە. دەزگیرانەکەشم لە ژوورەکەی باوکییەتی (گوێم لە دەنگی باوکی بوو کە بەردەوام بۆڵەبۆڵی دەکرد) ئەگەر لێرە ڕاوەستی بانگی دەکەم و بە یەکترتان دەناسێنم و پاشان پێکەوە دەچینە نهۆمی سەرەوە بۆ دیتنی پراویس.

ئێمە هەروا بە هێواشی خەریکی قسەکردن بووین، لەناکاو دەرکەکە کرایەوە و کچێکی زۆر جوانی قەد باریك و چاوڕەش، کە تەمەنی لە بیست ساڵ زیاتر نەبوو، سەوەتێك بەدەستەوە، هاتە ژوورەوە.

هێربێرت بە میهرەبانییەوە بەرەو پیلی چوو و سەوەتەکەی لێ وەرگرت و بە-منی ناساند و گوتی، ناوی کلارایە.

هێربێرت گوتی: "بڕوانە هێندێل ئەمە خواردنی ئەم شەوی کلارایە، باوکی سوورە کە دەبێ خواردنەکە هەمووی لای ئەو بێت و هەر شەوە بە قەدرای پێویست خواردن دەدات بە کلارا."

پراویس لە یەکێك لە ژوورەکانی نهۆمی سەرەوە دانیشتبوو، وای نەدەنواند کە ترسابێت، پێم گوت، وێمیك لە زیندانی نیوگێت بیستوویەتی کە شکیان کردۆتە سەر تۆ و لە ژێر چاوەدێری دای و تەنانەت ماڵەکەی منیش لە لایەن پۆلیسەوە ئاگاداری و چاودێری لێ دەکرێت. هەروەها پێم گوت، وێمیك پێشنیار دەکات بۆ ماوەیەك خۆت بشارەوە، منیش کەمتر تۆ ببینم. ئەوەشم پێ گوت، ئەگەر کاتی ڕۆیشتن هات، منیش لەگەڵ تۆ یان بە دووای تۆدا دێم و دەڕۆین بۆ دەرەوەی وڵات، جا هەر ڕێگەیەك ئەمنتر بێت بەوێدا دەڕۆین.

پاشان هێربێرت پێشنیارێکی باشی کرد و گوتی: "هێندێل ئێمە هەردووکمان بەلەموانێکی لێهاتووین و دەتوانین ئەگەر پێویست بێت تا شوێنی بەیەکگەیشتنی ڕووبار و دەریا بەلەموانی بکەین، وابیر ناکەیەوە باشتر بێت بە زووترین کات بەلەمێك بکڕی و تا ڕۆژی دەرچوون لێرە جارجار بەلەموانی بکەی تا کاتی خۆی ئەگەر بەلەموانیت کرد، سەرنجی کەس بۆ لای تۆ ڕانەکێشرێت؟"

من و پراویس هەردووکمان پلانەکەی هێربێرتمان بەدڵ بوو، بریارمان دا، پراویس لە پەنجەرەی ژوورەکەیەوە ئاگاداری ڕووبارەکە بێت و هەرکات ئێمە نزیبك بووینەوە بزانێت کە هەموو شتێك ئامادەیە، خواحافیزیمان کرد و هاتینە دەرەوە. کاتێك لە نهۆمی خوارەوە ماڵئاواییمان لە کلارا و پیرەژنە میهرەبانەکە کرد کەوتمە یادی ئێستێلا و بەسەرهاتی جیابوونەوەمان، زۆر ناڕەحەت و خەمبار گەڕامەوە ماڵەوە.

ڕۆژی دوایی بەلەمێکم کڕی و لە لێواری ڕووبارەکە لە شوێنێکی وام بەستەوە کە بە دوو خوولەك بتوانم خۆم بگەیەنمە ئەوێ.

ئەوجار نێوبەنێو بە تەنیا یان لەگەڵ هێربێرت بەلەموانیمان دەکرد و دوای چەند جارێك ئیتر کەس سەرنجی خۆی نەدەدایە، من و بەلەمەکەم و بەلەموانی ئێمە بوو بە شتێکی ئاساییی، سەرەتا زۆر دوور نەدەکەوتینەوە. بەڵام وردەوردە

زۆرتر دەڕۆیشتم تا خۆم لە"پۆند بێنك" شوێنی نیشتەجێبوونی پراویس نزیك کردەوە، هێربێرت هەفتەی سێ جار دەچوو بۆ لای پراویس و هیچ کاتێکیش هەواڵی ناخۆشی بۆ نەدەهێنامەوە. بەڵام من هەر دڵنیا نەبووم کە مەترسی نەمابێت و هۆگەلێك بۆ ترسان مابوون.

لەبەر ئەوەی لە ژێر چاودێری دابووم بیرم ئاڵۆز بوو، لەگەڵ ئەوەش هیچم بۆ نەدەکرا، جگە لە وەی چاوەڕێی ئاماژەی وێمیك بمێنمەوە.

## (٢٧)

### دایکی ئێستێلا

ڕۆژێك پێش نیوەڕۆ، بۆ پیاسەکردن لە ماڵ چوومە دەرەوە. لەنێو بازار بەڕێز جاگێرزم بینی، بانگهێشتی کردم بۆ نانی نیوەڕۆ بۆ ماڵەکەی لە"جێرارد ئیستریت". دەمهەویست داوای لێبووردنی لێ بکەم و بڵێم نایەم، گوتی وێمیکیش دێت.

بانگهێشتەکەیم قبووڵ کرد و بەیەکەوە چووین بۆ نووسینگەکەی. ئیشی ڕۆژا-نەی تەواو کرد و لە پاشان عەرەبانەیەکمان بەکرێ گرت و هاوڕێ لەگەڵ وێمێك ڕۆیشتین بۆ ماڵەکەی.

لەگەڵ گەیشتنمان بۆ ئەوێ خواردنیان لە پێش داناین، بەڵام لە هەموو ئەو کاتەی خەریکی خواردن بووین، سەرنجی من لە سەر کابانی ماڵەکە بوو، کە خا-نمێکی تەمەن چل ساڵانە بوو و پێشتریش ئەوم لە ماڵی بەڕێز جاگێرز دیتبوو، ئەم ئافرەتە باڵای بەرز و ڕوخساریشی زۆر زەرد بوو و چاوەکانی گەورە و قژێکی زۆریشی هەبوو. لەم کاتەدا قاپێکی پڕ لە خواردنی لە پێش بەڕێز جاگێرز دانا. جاگێرز پێی گوت: "بۆوا بە هێواشی ئیش دەکەی؟" جووڵانەوەی قامکەکانی سەرنجیان ڕاکێشام. لەوە دەچوو شتێك دەهۆنێتەوە (دەچنێت). لەم کاتەدا لەبەر ئەوەی نەیدەزانی دەبێ بڕوا یان جاگێرز ئیشی پێیەتی، ماوەیەك بەرامبەر بە جاگێرز ڕاوەستا.

شێوەی نیگاکردنی زۆر بە لامەوە ئاشنا بوو. بە دڵنیاییەوە من لە ڕابردوویەکی نزیکدا شێوەی ئەم نیگایە و جووڵانەوەی قامکەکانیم بینی بوو. ئاخرییەکەی جاگێرز ئیزنی دا لە ژوورەکە دەرکەوێت. بەبێ ئەوەی قەیافە و سیماکەی لە پێش چاوم دوور بێتەوە، دەتگوت، هەر لەوێ ڕاوەستاوە.

مات و گێژی ئەو دەست و چاو و قژانەی بووم، ئەوانم لەگەڵ دەست و چاو و قژی کەسێك بەراورد کرد کە بە باشی دەمناسین، بەڵام بەو جیاوازییە کە ئەمیان لەوانەیە بیست ساڵ لە تەمەنی خۆی لەگەڵ مێردێکی تووڕە و تۆسن بەسەر برد-بێت، دڵنیا بووم کە ئەوە دایکی ئێستێلایە.

دوای نانخواردن لە گەڵ وێمیك لە ماڵی بەڕێز جاگێرز دەرکەوتین و لە ڕێگەدا لێم ویست کە هەرچی سەبارەت بەم ژنە دەیزانێت بۆم باس بکات. گوتی: "بیست ساڵ بەر لە ئێستا ئەم ژنە بە تاوانی کوشتنی کەسێك دادگایی کرا و تاوانەکەی لەسەر لاچوو. ژنێکی زۆر جوان بوو، من وابیر دەکەمەوە کە خوێنی "قەرەج" لە دەمارەکانیدایە. لە کاتی گەنجێتیدا لە گەڵ پیاوێکی خوێڕی زەماوەندی کرد، بەڕێز جاگێرز پارێزەریی ئەم ژنەی بە ئەستۆ گرت بوو، حوکمی دادگا بە پێچەوانەی چاوەڕوانیی گشتی و سەرسوورهێنەر بوو، کوژراوەکە ژنێك بوو کە ١٠ ساڵ لە تۆمەتبارەکە بەتەمەنتر بوو و هەروەها بەهێزتریش بوو. لەوە دەچوو "بەخیلی"یەکی ژنانە بووبێت. تەرمی کوژراوەکە لە ئەنبارێك (مەخزەنێك)دا دۆزرایەوە، بە ڕواڵەت لەوە دەچوو شەڕێکی قورس لەنێوان بکوژ و کوژراوەکەدا لە گۆڕێدا بووە.

لەبەر ئەوەی جێ برینێکی زۆر بە دەموچاوی کوژراوەکەوە دیار بوو. لە کۆتاییی، بکووژەکە قوڕگی کووژراوەکەی گوشیبوو تا خنکابوو. تۆمەتبارەکە تەنیا دوو برینی بچووکی بە پشتە دەستییەوە بوو، پرسیار ئەوە بوو: ئەرێ ئەو برینانەی پشتەدەستی بکوژەکە ئی نینۆکن؟

داکۆکییەکەی بەڕێز جاگێرز لە سەر ئەو بنەمایە بوو کە دەیگوت، ئەم برینانە جێ برینی دار و چیلکەیە و هێشتا تۆز وخۆڵیان پێوە ماوە. بەڵام گرینگترین بابەت کە بەڕێز جاگێرز کاریگەریەکی باشی لێ وەرگرت، ئەوە بوو کە تاوانبار لە کاتی شەڕەکە لەوێ نەبووە و بۆ تۆڵەسەندن لە مێردەکەی ڕۆیشتبوو تا کچە بچکۆلەکەی خۆی بێسەروشوێن بکات. بەڕێز جاگێرز بە زیرەکییەکی بێوێنە ئەم مەسەلەی کێشایە پێشەوە و بە دادگای گوت: "بۆچی ئەم ژنە بە هۆی بێسەروشوێنکردنی کچەکەی تاوانبار ناکرێ؟ بەڵام لەبەر ئەو شەڕە کە لەوێش نەبووە، خەریکە تاوانەکەی بەسەردا دەسەپێنن؟"

قسەکانی ئەو ڕۆژەی بەڕێز جاگێرز کاریگەریی خۆیان لەسەر حاکم دانا و تاوانەکەیان لەسەر ژنەکە لابرد.

پرسیم: "ئەی باشە ئەم ژنە لەو کاتەوە تا ئێستا لەو ماڵە ئیش دەکات؟"

وێمێك وەڵامی دایەوە: "بەڵێ."

ـــ لەبیرت ماوە ئاخۆ منداڵەکەی ئەم ژنە کچ بوو یان کوڕ؟

ـــ هەروەك باسم کرد کچ بوو.

ماڵئاواییمان لە یەکتری کرد و من لە کاتێکدا مێشکم بە شتێکی دیکەوە سەرقاڵ ببوو، گەڕامەوە ماڵەوە.

***

نووسراوەیەکم لە خاتوو هاویشام بەدەست گەیشت کە تێیدا نووسرا-بوو:"سەبارەت بە ئیشێك کە پێشتر قسەمان لێ کردووە وەرە بۆ ئێرە."

ڕۆژی دوایی چووم بۆ "ستیس هاوس." دەقی وتووێژەکەمان هێربێرت بوو، پێشتر پێم گوتبوو، برادەرێکم هەیە کە یارمەتیم داوە، بەڵام بەداخەوە ئێستا توا-نای ئەوەم نییە یارمەتی بدەم. ئەو ڕۆژە منی بانگهێشت کردبوو تا لێم بپرسێت

چەندەم پارە پێویستە بۆ ئەم مەبەستە. گوتم: " ٩٠٠ لیرە". لێی پرسیم: "ئەگەر من ئەم بڕە پارەیەت بدەمێ، خەیاڵت ئاسوودە دەبێت؟"

ـــ زۆر.

نووسراوەیەکی دامێ کە بۆ بەڕێز جاگێرز نووسرابوو و داوای لێ کردبوو ئەم بڕە پارەیەم بداتێ. لەو ناخۆشی و نەهامەتییانەی کە بۆ منی دروست کردبوو زۆر پەشیمان ببۆوە. دەستی منی لە دەستیدا گوشی و چەند فرمێسکێکی هەڵڕشت و بە ئاهەنگێکی خەماوییەوە گوتی: "ئۆۆۆی، خوایە چم کرد."

گوتم: "خاتوون، ئەگەر مەبەستت لەو ئازارانەیە کە بۆ منت بەدیهێناوە، دەبێ بڵێم، بەشی تۆ لەو ئازارانەدا زۆر گرینگ نییە، هەر چۆنێك بایە من ئێستێلام خۆش دەویست. ئێستا پێم بڵێ بزانم زەماوەندیان کردووە یان نا؟"

ـــ بەڵێ.

پرسیارێکی خۆڕایی بوو کە کردم، لەبەر ئەوەی ماڵە کپ و خەماوییەکەی خاتوو هاویشام خەمبارییەکی نوێی پێوە دیار بوو، کە خۆی لە خۆیدا باسی لە ڕۆیشتنی ئێستێلا دەکرد.

ـــ پیپ ئەگەر چیرۆکی ژیانی منت بزانیبایە، ڕەحمێکی زۆرترت بۆ من دەبوو و منت باشتر دەناسی.

وەڵامم دایەوە: "خاتوون، من چیرۆکی ژیانی تۆ بە باشی دەزانم و پێویستە بڵێم ئەو بەسەرهاتە پڕ ئێش و ئازارەی تۆ کاریگەریی لەسەر منیش داناوە. ئیزنم دەدەی سەبارەت بە ژیانی منالّی ئێستێلا پرسیارێکت لێ بکەم؟"

سەری جووڵاندەوە، لیّم پرسی: " زانیاریت هەیە؟"

دووبارە سەرێکی بۆ جووڵاندمەوە.

ـــ بەڵام وەك بزانم بەڕێز جاگێرز ئەوی هێنا بۆ لای تۆ؟

ـــ وایە، ئەو ئێستێلای بۆ هێنام.

ـــ دەکرێت پێم بڵێی ئەوکات تەمەنی چەند ساڵ دەبوو؟

ـــ دوو یان سێ ساڵ. بۆخۆی سەبارەت بەم مەسەلەیە هیچ نازانێت. کچێکی هەتیوو بوو کە من سەرپەرشتیی ئەوم بە ئەستۆ گرت.

ئەوەندە دڵنیا بووم کە ئەو ژنە دایکی ئێستێلایە کە بۆ سەلماندنی ئەم وتەیەم هیچ بەڵگەیەکی دیکەم پێویست نەبوو.

ئیتر پێویست نەبوو لەوە زیاتر لەلای خاتوو هاویشام بمێنمەوە ئەوەی ئەو داواکارییەکەی منی سەبارەت بە هێربێرت جێبەجێ کردبوو و هەروەها زانیارییەکانی خۆی لە بارەی ئێستێلاوە خسبووە بەردەستم. کەواتەماڵئاوایم لێ کرد و هاتمە دەرەوە.

## (٢٨)

## بەدەستهێنانی زانیاریی زیاتر سەبارەت بە پراویس

هێربێرت چەند جارێك سەردانی ئەو ماڵەی کردبوو کە کلارا و باوکی و پراویس لەوێ دەژیان. ڕۆژێك بە منی گوت: "هێندێل، دوێنێ شەو من و پراویس دوو کاتژمێر بە یەکەوە قسەمان کرد، ئەو چیرۆکی ژیانی خۆی بە وردی بۆ گێڕامەوە. باسی لە ژنێك دەکرد کە ئازارێکی زۆری پێ گەیاندووە. ژنێکی زۆر جوان، بەخیل، ڕق ئەستوور و تۆڵەئەستێن. بەڵێ هێندێل زۆر تۆڵەئەستێن.

ــــ مەبەستت لە زۆر تۆڵەئستێن چییە؟

ــــ مەبەستم ئەوەیە کە بۆ تۆڵەئەستاندنەوە لە ژنێك، کوشتوویەتی.

ــــ کێی کوشتووە؟

ــــ لەنێو کادانێکدا، ژنێکی کە زۆریش لەخۆی بەهێزتر بووە، کوشتووە، لەوێ شەڕێکی قورس لە نێوانیاندا ڕوو دەدا، کە دووای ماوەیەك تەرمی خنکاوی کوژراوەکە دەدۆزرێتەوە. بەڕێز جاگێرز پاریزەری ئەم ژنەی بە ئەستۆ گرتووە و دوای ماوەیەك بێتاوانیی ئەم ژنەی سەلماندووە کە بەم هۆیە ناوبانگێکی باش بۆ خۆی بەدەست دەهێنێت و پراویسیش لەوەڕا ناوبانگی بیستووە.

ــــ باشە، ژنەکە بە تاوانبار ناسراوە یان نا؟

ــــ نا، حاکم حوکمی بێ تاوانیی بۆ بڕیوەتەوە، پراویس منداڵێکی لەم ژنە هەبووە کە زۆری خۆش ویستووە. ئێوارەیەك پێش ئەوەی ئەم ڕووداوە ڕوو بدات،

ژنەکەی پراویس دەچێت بۆ لای و سوێند دەخوات کە منداڵەکەیان لەنێو دەبات و بۆ هەتاهەتایە لە دیتنی منداڵەکەی بێ بەشی دەکات.

ـــ ئەی ژنەکە سوێندەکەی خۆی بردە سەر؟

ـــ بەڵێ بردییە سەر.

ـــ واتە پڕاویسیش لەو باوەڕە دایە کە ژنەکەی ئەم کارەی کردووە؟

ـــ وادیارە کردوویەتی.

پراویس هەموو شتێکی گوت و ڕوونی کردەوە کە ئەم ژنە چوار- پێنج ساڵ هاوبەشی ژیانی دژواری بووە و تەنانەت بە نیسبەت ئەوەوە هەست بە بەزەیی دەکات هەربۆیە لە کاتی دادگاییکردنی ژنەکەدا، پراویس خۆی شاردۆتەوە لەبەر ئەوەی ترساوە و نەبوونی منداڵەکەی بهاویژێتە ئەستۆی ئەو. لە دادگا تەنیا وەك پیاوێك کە شەڕەکە لەسەر ئەو بووە ناوی براوە. دوای کۆتایی دادگاکە و دەرکردنی بڕیاری بێتاوانبوونی ژنەکە، بە تەواوی خۆی ون دەکات و ئیتر پراویس نەیتوانیوە شوێنی ئەو منداڵە ونبووەی بگرێ. کۆمپی سێن ئەو برادەرە فێڵاوییەی پراویس لەم ترسەی پراویس سوود وەردەگرێت و دەیکات بە ئامرازێك بۆ بەڕێوەبردنی پلانەکانی.

ـــ باشە پێی نەگوتی، ئەم ڕووداوانە بۆ کەی دەگەڕێنەوە؟

ـــ نزیك بیست ساڵ بەر لە ئێستا.

ـــ هێربێرت، سەیرم بکە، دەستم بگرە، بزانە"تا"م نییە؟

ـــ نا خۆشەویستم، تەنیا مێشکت ماندوو بووە، بەڵام حاڵت باشە.

ـــ بەڵێ هێربێرت، دەزانم کە هۆشم لەسەر جێی خۆیەتی، بەڵام... ئەو زەلامەی لە ماڵی کلارا شاردوومانەتەوە، باوکی ئێستێلایە.

## (٢٩)

### فریوم خوارد

بەیانییەك کاتێك من و هێربێرت خەریکی خواردنی نانی بەیانی بووین، نامەیەکم لە لایەن وێمیکەوە بەدەست گەیشت، کە نێوەرۆکەکەی ئەوە بوو: "لەدووای خوێندنەوەی نامەکە بیسووتێنە، لەم هەفتەیەدا، ئەگەر پێت باش بوو چوارشەممە، ئەو ئیشەی بۆ خۆمان دەیزانین بیکە." برات وێمیك.

نامەکەم نیشانی هێربێرت دا و پاشان سووتاندم. ئینجا کەوتینە بیرکردنەوە چ بکەین. هێربێرت گوتی: "من زۆرم بیر کردەوە، بە ڕای من باشتر وایە لە جیاتیی بەکرێگرتنی بەلەموان، ئێستار تاپ، کە کوڕێکی باش و بەهێزە بانگ بکەین، وێڕای ئەوەش ئەو ئێمەی خۆش دەوێت و چاوەڕوانی ئەوەیە ڕۆژێك بتوانێت خزمەتێکمان پێ بکات. تۆش لەگەڵ پراویس دەڕۆی، وا نییە؟"

ـــ بێ شك وایە.

ـــ دەچنە کوێ؟

ـــ گرینگ نییە بۆ کوێ دەچین، گرینگ ئەوەیە پراویس لە بەریتانیا بچێتە دەرەوە. ئەگەر کەشتییەك لە سەرڕێگە هەڵمانگرێت و لە سنووری بەریتانیا دەربازمان بکات زۆر باش دەبێت. پلانەکەمان وا داڕشت کە ڕۆژێك پێش ئەوەی کەشتی لە بەندەرەکانی بەریتانیاوە وەڕێ کەوێت ئێمە بە بەلەمەکە وەڕێ کەوین و لە شوێنێکی چۆڵ چاوەڕوانی کەشتییەکە بکەین سوارمان بکات. هێربێرت

گەڵاڵەکەی پێ باش بوو، دوای خواردنی نانی بەیانی لە ماڵەوە دەرکەوتین تا کاتی دەرچوونی کەشتییەکان بزانین. بە پێی ئەو زانیاریانەی دەستمان کەوتن کەشتییەك بەرەو هامبۆرگ دەڕۆیشت کە بۆ مەبەستی ئێمە لە هەموویان باشتر بوو. ئێستارتاپ زۆری پێ خۆش بوو کە یارمەتیمان بدات، بریارمان دا هێربێرت و ئێستارتاپ سەوڵ لێ بدەن و منیش سووکانی بەلەمەکە بەدەستەوە بگرم و، هەروەها وامان دانا ڕۆژی چوارشەممە لە کاتژمێری دیاری کراودا بەلەمەکە بەرینە نزیك ماڵی پراویس، ئەویش لە حەشارگەکەی بێتە دەرەوە و بۆی دەرچین.

پاشان چوومەوە ماڵەوە، کاتێك گەیشتمە بەردەرکەی خۆمان لەنێو سندووقی پۆستەکەمدا نامەیەکم بۆ هاتبوو: "ئەگەر ناترسی ئەم شەو یان سبەی شەو کاتژمێر نۆ وەرە بۆ ئەو ماڵەی کە لە پەنای کوورەی ئاهەکسازییەکە لە نزیك زەلکاوەکەی گوندەکەی خۆمان هەڵکەوتووە، قازانجی تۆ لەوەدایە بێیت بۆ ئێرە. ئەگەر دەتهەوێ زانیاریگەلێکی بەنرخت دەست بکەوێ بەتەنیا وەرە."

ئەو شەوە پێش ئەوەی نامەکەم بەدەست بگات مێشکم زۆر ماندووبوو هەربۆیەش لەوکاتەدا مێشکم بەباشی کاری نەدەکرد، سەرم خوولی دەخواردەوە و گێژ ببووم و نەمدەزانی چ بکەم.

ئاخرییەکەی نووسراوەیەکم بۆ هێربێرت دانا و پێم ڕاگەیاند، بۆ دیدارێکی کورت لەگەڵ خاتوو هاویشام چوومە دەرەوە. پاشان عەرەبانەیەکم بەکرێ گرت و بەرەو شارەکەی خۆمان وەڕێ کەوتم.

کاتێك گەیشتمە شارەکەی خۆمان دنیا تاریك ببوو. لەبەر ئەوەی پێم خۆش نەبوو کەس ببینێت

نەچووم بۆ میوانخانەی ورچی شین، لە قاوەخانەیەکی بچووك خواردنێکم خوارد و بەبێ ڕاوەستان چاکەتەکەم لەبەر کرد و یەك ڕاست بەرەو زەلکاوەکانی گوندە-کەی خۆمان وەڕێ کەوتم.

شەوێکی تاریك بوو. ڕەشەبایەکی توند هەڵیکردبوو. زەلکاوەکان لەبەر چاوم زۆر ترسناك و شووم ببوون، تۆزێك بە ڕێگادا ڕۆیشتم، لە دوورەوە ڕووناکییەکم بینی کە لە پەنجەرەی ماڵەکەی پەنا کورەی ئاهەکسازییەکە دەهاتە دەرەوە. چوومە پێشەوە لە دەرکەم دا، بەڵام وەڵامێك نەبوو، دووبارە لە دەرکەم دا، سەرلەنوێ وەڵامێك نەبوو. پاڵم بە دەرکەکەوە نا، لێم کرایەوە، لە ژوورەکەم ڕوانی مۆمێك لەسەر مێزەکە داگیرسابوو و کورسییەکی لێ بوو لەگەڵ قەرەوێڵەیەکی خەو. هاوارم کرد:"کەسی لێ نییە؟"

بەڵام هیچ وەڵامێك نەبوو. دووبارە هاوارم کردەوە، لەبەر ئەوەی دیسان وەڵام نەبوو، چوومە دەرەوە. نەمدەزانی چ بکەم. بارانیش نم نم دەباری، گەڕامەوە نێو ژوورەکە و لەنێوان چوارچێوەی دەرکەکە ڕاوەستام. لەناکاو مۆمەکە کوژایەوە و هەر ئەوەندەم زانی کە بە تەنافێك دەستەکانم بەستران، لەپاشان نەناسراوێك چەند جنێوێکی پێدام و گوتی: "ئەهااااا هاتییەوە بەردەستی خۆم."

لەکاتێکدا هەوڵم دەدا، خۆم ڕزگار بکەم هاوارم کرد و گوتم: "کێی و چت لێم دەوێت؟ فریام کەون، فریام کەون..."

دەستێکی بەهێز دەمی گرتم و هاوارەکانی لەنێو قوڕگمدا خنکاند، بەتوندی بە پەیژەیەکی بەستمەوە و گوتی:" ئەم جار هاوار بکە با بە زووترین کات بتکوژم."

پاشان شقارتەیەکی هەڵکرد و مۆمێکی داگیرساند، بەوپەڕی سەرسووڕمانەوە دیتم ئۆرلیکە (کرێکارە ڕەش پێستەکەی جۆ). چەند خولەك لە یەکتریمان ڕوانی. پاشان گوتی: "ئاخری بەگیرم هێنای."

ـــ دەستەکانم بکەوە، با بڕۆم.

ـــ بێڵم بڕۆی؟ پەلە مەکە دەڕۆی، بەڵام بۆ ئاسمان، بۆ لای ئەستێرەکان، بۆ لای مانگ دەچی و لەکاتێکی باشیشدا دەڕۆی.

دانیشتبوو و سوری دەجوولاندەوە، لەم کاتەدا دەستی خستە گیرفانییەوە و دەمانچەیەکی هێنایە دەروە، بەرەو منی ڕاگرت و گوتی:"ئەم دەمانچەیە دەناسییەوە؟ دەزانی پێشتر کەی و لە کوێ بینیوتە؟ قسە بکە هەی ڕێوی !"

وەڵامم دایەوە:"بەڵێ، پێشتر، کاتێك لە ستیس هاوس (ماڵی هاویشام) نیگابانی دەرکە بووی، لە ژوورەکەی بینیبووم."

ـــ تۆ بوویە هۆی ئەوەی من لەوێ دەرکەن؟ وایە یان نا؟ قسە بکە.

ـــ بێجگە لەوە دەمتوانی چ بکەم؟

ـــ کەواتە کاری تۆ بوو؟ ئەوەندەم بەسە. بەڵام ئەوەم پێ بڵێ چۆن توانیت جودایی بهاویتە نێو من و ئەو ژنەی خۆشم دەویست؟

ـــ کێ؟

ـــ کێ؟ تۆ بووی کە باوکە ئۆرلیکت لە لای ئەو بەدناو کرد.

ـــ تۆ بۆخۆت ناوی خراپت کرییەوە، ئێستا دەتهەوێ چیم لێ بکەی؟

ـــ دەم هەوێت بتکووژم، یەك پارچەشت ناهێڵمەوە و تەرمەکەشت هەر لەم کوورەدا دەسووتێنم.

ئەوەندە سەرخۆش بوو، چاوەکانی سوور ببوونەوە. هێشتا بتڵێکی مەشرووب بەدەستەوە بوو، هەڵیدا و قومێکی دیکەی خواردەوە و گوتی:"ڕێوی دەمهەوێ شتێکت پێ بڵێم، تۆ بۆخۆت بووی بە هۆی ئەوەی ئەو بەڵایە بەسەر خوشکەکەت بێت."

ـــ کەواتە تۆ بووی هەی بێقیمەت.

ـــ خەتای تۆ بوو، تۆ خۆشەویست بووی و باوکە ئۆرلیکیش دزێو. ئێستاش سزاکەت دەبینییەوە. قومێکی دیکەی خواردەوە و دەموچاوی ترسناکتر بوو. لە پاشان مۆمەکەی هەڵگرت و ئەوەندە نزیکی کردەوە کە بۆ خۆپاراستن لە سووتان ڕووم هەڵگەڕاندەوە. ڕاوەستا قومێکی دیکەی خواردەوە، نووشتایەوە و چەکوشێکی گەورەی هەڵگرت، بەبێ ئەوەی ترس لەخۆم نیشان بدەم هاوارم دەکرد و هەوڵم دەدا خۆم ڕزگار

بکەم. لەو کاتەدا دەنگەدەنگێکم گوێ لێ بوو، دەرکەکە کرایەوە و تیشکێکی ڕووناکی دایە ڕوخسارم و چەند ڕووخسارێکم بینی دوو زەلام هاتنە ژوورەوە، لەگەڵ ئۆرلیك لێك هاڵان و پاشان ئۆرلیك هەڵات و لەنێو تاریکی دا بزر بوو.

ئیتر نەمزانی چیم لێهات و بێهۆش کەوتم، کاتێك وەهۆش خۆم هاتمەوە، سەرم لەسەر لاقی یەکێك بوو و یەکێکیش سەری هێنابووە پێشەوە و چاوی لێ دەکردم لەسەر ڕۆفی ژوورەکە کەوتبووم. دەست و لاقمیان کردبووەوە. ئەو دووکەسە، هێربێرت و ئێستارتاپ بوون.

دەستەکانم بە تەنافەکە بریندار ببوون ئەویش لەبەر خاتری ئەوە بوو کە هەوڵم دابوو خۆم ڕزگاربکەم. برینەکانیان بۆ بەستم و بەبێ ڕاوەستان وەڕێ کەوتین. هێربێرت بۆی گێڕامەوە چۆن بوو بۆ یارمەتیدانم هاتوون. گوتی کاتێك بەپەلە لە ژوورەکەی خۆم دەرچووبووم نامەکەم لێکەوتبوو، ئەوانیش کاتێك لە گەڕانەوە بۆ ماڵەوە نامەکەیان دۆزیوەتەوە و خوێندوویانەتەوە هەستیان بە مەترسی کردووە. بەتایبەت کە نێوەرۆکی نامەکە لەگەڵ ئەو نامەیەی من بۆ هێربێرتم نووسیبوو زۆر جیاواز بوون، کەواتە بە زووترین کات هێربێرت و ئێستارتاپ بە یارمەتی ڕێنوێنێك ئەم شوێنەیان دۆزیوەتەوە و هاوارکردنەکەی منیان گوێ لێ بووە و بۆ ڕزگارکردنم هاتوونە ژوورەوە و ...

ڕۆژی چوارشەممە، واتە ڕۆژی دابەزاندی پلانەکەمان زۆر نزیك بوو، هەربۆیە بە زووترین کات بەرەو لەندەن وەڕێ کەوتین. بۆ بەیانی گەیشتیینەوە لەندەن من یەکسەر بەرەو جێگەکەی خۆم چووم و سەرانسەری ڕۆژ لە وێ ڕاکشام، هێربێرت و ئێستارتاپ بەردەوام چاوەدێریان دەکردم هەوڵیان دەدا ئاسوودە بم و شەرابی ساردیان بە گەروومدا دەکرد و برینەکانیان بۆ هەڵدەبەستم، لەگەڵ ئەوەی خەوم لێ دەکەوت ڕادەپەڕیمەوە، ترسێکم لێ نیشتبوو، لەبەر ئەوەی هەستم دەکرد درەنگ بووە و مەجالی ئەوەمان نییە پراویس ڕزگار بکەین.

## (٣٠)

# پلانی ڕزگارکردن

ڕۆژی چوارشەممە بوو و یەکێك لە گەرمترین ڕۆژەکانی دووەم مانگی بەهار. وێڕای ئەوەی خۆرەتاو بوو بایەکی ساردیش دەهات. هەموومان چاکەتی کورتی بەلەموانیمان لەبەر کردبوو، من جانتایەکی بچووکم پێ بوو. بۆ کوێ دەچووم؟ کەی دەگەڕامەوە؟ ئەوە و دەیان پرسیاری دیکە بە مێشکمدا دەهاتن و دەچوون بەڵام وەڵامەکانیان نادیار بوون. بە هێواشی بە قاڵدرمەکانی لێواری ڕووبارەکەدا کە بەلەمەکە لە وێ بەسترابۆوە، هاتینە خوارەوە و سواری بەلەمەکە بووین. هێربێرت و ئێستارتاپ سەوڵیان لێ دەدا ومنیش سوکانەکەم بەدەستەوە بوو.

پلانی ئێمە بەم شێوەبوو تا دنیا تاریك دەبێت بە ڕووبارەکەدا بڕۆینە پێشەوە، لەم کاتەدا گەیشتینە بەشێك لە ڕووبارەکە کە زۆر پانوبەرین بوو و لە هەمان کاتدا چۆڵ و بێدەنگ بوو، تەنیا چەند ماڵێك لەسەر لێواری ڕووبارەکە دەبیندران کە چەند کەسێکیان تێدا نیشتەجێ بوو. ئێمە دەمانتوانی یەکێك لەم ماڵانە بۆ مانەوەی خۆمان بەکرێ بگرین و شەو تا بەیانی لەوێ بمێنینەوە. ئەو کەشتییەی بەڵێن بوو بەرەو هامبۆرگ بڕوات سەرلەبەیانی ڕۆژی پێنجشەممە کاتژمێر ٩ وەڕێ دەکەوت، ئێمە دەبایە حسێبی ئەوە بکەین کەشتییەکە چەندی پێ دەچێت تا دەگاتە ئێرە و ئێمەش کەی دەتوانین خۆمان بگەیەنینە کەشتیەکە بۆ ئەوەی بەجێ نەمێنین. کەشوهەوا، وشك و خۆرەتاو بوو و جووڵانەوەی شەپۆلەکانی ڕووبارەکە، هیوایەکی نوێی لە دڵمدا زیندوو دەکردەوە. زوو

لەژێر پردەکەی لەندەن تێپەڕین و من توانیم ماڵی پراویس و قالدرمەکانی ببینم. هێربێرت گوتی: "ئەرێ پرِوایس دەبینی؟ ئامادەیە؟"

ــــ هێشتا نا، با، با، ئێستا دەیبینم. سەوڵەکان لە ئاوەکە دەربێنە. هێربێرت بێ ڕاوەستان سەوڵەکانی دەرهێنان بۆ ماوەیەك لە لێواری ڕووبارەکە ڕاوەستاین، پراویس سوار بوو و بە زووترین کات دوور کەوتینەوە. پراویس باڵاپۆشێکی تایبەتی لەبەر کردبوو و جانتایەکی بەدەستەوە بوو، ئەو جۆرەی من حەزم دەکرد ڕێك وەك دەریاوانەکان جلوبەرگی پۆشی بوو. لەسەر لێواری بەلەمەکە دانیشت و دەستی خستە سەرشانی من و گوتی:"کوڕەکەم، کوڕە وەفادارەکەم، سپاست دەکەم، هەموو ئیشەکان ڕوو و لە کاتی خۆیدا بەڕێوە چوون."

ئەو لە هەمووومان هێدیتر و لەسەرەخۆتر بوو. دیارە هۆیەکەشی ئەوە بوو، کە هیچ گرینگییەکی بە بابەتەکە نەدەدا، لەبەر ئەوەی چەند جارێك بە منی گوتبوو: "هیوادارم ئەوەندە بمێنێتەوە تا ببینێ بوومەتە پیاوێکی لێهاتوو و بەناوبانگ. بەڵام وا بیر دەکەمەوە هۆی بێخەیاڵی و ئارامی پراویس لەوکاتە تایبەتەدا، ئەوە بوو کە نەیدەویست پێش ئەوەی هیچ شتێك ڕوو بدات، بترسێت و دڵەڕاوکێی هەبێت.

بە درێژایی ئەو ڕۆژە بەسەر ڕووبارەکەدا بەرەو پێشەوە ڕۆیشتین، تەنیا کاتی نیوەڕۆ بۆ یەك کاتژمێر لەنێو شاخەکانی تەنیشت ڕووبارەکە دانیشتین و خواردنێکمان خوارد. شەو داهات و ئێمەش ناچار بووین لە هەردوو لای ڕووبارەکە بەشوێن جێگەیەکدا بگەڕێین تا شەو بە ڕۆژ بگەیەنین. لە دوورەوە تیشکی لاوازی چرایەك سەرنجی ڕاکێشاین. هاتینە لێواری ڕووبارەکە و بەلەمەکەمان لە شوێنێکی باش بەستەوە، قاوەخانەیەکی زۆر پیس بوو، بەڵام ئاگرێکی خۆش لە مەتبەخەکە دایسا، چەند هێلکە و گۆشتی ڕان و چەندجۆرێکیشی شەرابی لێ بوو. ویڕای ئەوە، دوو قەرەوێڵەی خەوی دووکەسی لە دوو ژووری جیاوازدا بوون، کە ئێمە توانیمان دووکەسی لەسەریان بخەوین. خواردنێکی تێر و تەسەلمان خوارد

و خەوتین. نیوەشەو لەناکاو خەبرم بۆوە و چوومە پێش پەنجەرەکە و سەیرێکی دەرەوەم کرد. دیتم دوو کەس ڕاوەستاون و بە وردی سەرنجیان داوەتە بەلەمەکەی ئێمە و لێی دەڕوانن، پاشان بە پێش پەنجەرەکەی ئێمەدا تێپەڕین، بەڵام لەبەر تاریکی نەمتوانی بەباشی بیانبینیم، دووبارە چوومەوە سەر جێگەکەی خۆم. بەیانی زوو لەخەو هەستاین و ئەوەی شەوێ دیتبووم بۆ برادەرەکانم گێڕایەوە، بریارمان دا لەبەر ئەمنییەتی خۆمان، من و پراویس تۆزێك پیاسە بکەین و لە خوارەوەتری ڕووبارەکە سواری بەلەمەکە بینەوە.

هەروەك بڕیارمان دابوو تۆزێك لە خوارەوەتر برادەرەکانم ئێمەیان سواری بەلەمەکە کرد، ئینجا بەلەمەکەمان بەرەو ئەو شوێنەی کەشتییەکەی پێدادەهات لێخوڕی. یەك کاتژمێر لە نیوەڕۆ تێپەڕیبوو، لە دوورەوە ڕۆژینگ (دووکەڵ کێش)ی کەشتییەکمان بینی. زۆر بەخێرایی دەڕۆیشت. من و پراویس ئەشیاکانمان هەڵگرتن و ماڵئاواییمان لە هێربێرت و ئێستارتاپ کرد.

لە هەمان کاتدا سەرنجم دا، دیتم کە بەلەمێك لەلێواری ڕووبارەکەوە بەرەو ئێمە دێت. تۆزێکی پێ چوو لێمان نزیك بۆوە و بەتەنیشت ئێمەدا تێپەڕی و پێش ئێمە کەوتەوە. جگە لە سەوڵوانەکان دوو پیاوی دیکەشی تێدا بوو، یەکێکیان ئەفسەرێکی پۆلیس بوو ئەوی تریش وەك پراویس باڵاپۆشێکی لەبەردا بوو و جارجار شتێکی بە پۆلیسەکە دەگوت و سەیرێکی ئێمەشی دەکرد.

ئێستارتاپ لە هەموومان زووتر، کەشتییەکەی ناسییەوە و ڕووی لە من کرد و گوتی: "کەشتییەکەی هامبۆرگە."

کەشتییەکە بەخێراییەکی زۆر بەرەو ئێمە دەهات و دەنگی مەکێنەکەی چرکە بە چرکە زۆرتر دەبوو. ئاخرییەکەی هەستمان بە سێبەری کەشتییەکە بەسەر بەلەمەکەی خۆمانەوە کرد. لەناکاو ئەفسەرە پۆلیسەکە لەنێو بەلەمەکەی دیکەوە هاواری کرد و گوتی:" تاوانبارێکی هەڵاتوو لەگەڵ ئێوەیە، ئەو پیاوە کە خۆی

بەو باڵاپۆشە داپۆشیوە "ئیل میگۆویچ"ە، کە بە پراویس بانگی دەکەن دەبێ خۆی تەسلیمی ئێمە بکات و ئێوەش دەبێ یارمەتیمان بدەن."

لە پاشان بەلەمی ئەوان هاتە پێش بەلەمەکەی ئێمە، پێش ئەوەی بتوانین هیچ کارێك بکەین سەوڵوانەکان بەلەمەکەی ئێمەیان گرت. ئەم ڕووداوە لەنێو کەشتییەکەدا هاتوهاوارێکی زۆری دروست کرد. گوێم لە یەکێك بوو هاواری کرد مەکینەکان بکوژێننەوە.

کەشتییەکە تا ڕادایەك بە سەرسەرمانەوە وەستا بوو. لەهەمان کاتدا پۆلیسەکە دەستی لەسەر شانی پراویس دانا، بەڵام پراویس لە جێگەکەی خۆی هەستا و باڵاپۆشەکەی لەو پیاوە کە لەسەر بەلەمەکەی دیکە بوو کردەوە. هەمان تاوانبار بوو کە من ساڵانێك بەر لە ئێستا لە زەلکاوەکانی کەنار گوندەکەی خۆمان دیتبووم کە لەگەڵ پراویس شەڕیان دەکرد.

دەموچاوێکی ترسناکی هەبوو، بەیەك کۆڵەمستی پراویس کەوتە نێو ئاوەکەوە، دەنگی هاتوهاوارێك لە کەشتییەکەوە بە گوێم گەیشت. هەستم کرد کەسێك بەلەمەکەی لەژێر لاقم ڕاکێشا، منیش کەوتمە نێو ئاوەکەوە. دەستێکی بەهێز لەنێو بەلەمەکەی ئەوانەوە دەستی گرتم و هێنامییەوە دەرەوە، بەڵام نە پراویس و نە کابرایەکەی دیکە هیچیان دیار نەبوون. لەناکاو شتێکی ڕەش لە ژێر ئاوەکەوە دەرکەوت، کاتێك هاتە دەرەوە دیتمان پراویسە و بە مەلەکردن خۆی گەیاندە بەلەمی پۆلیسەکە، گرتیان و زنجیریان لەلاقەکانی بەست، چاوەڕوانی تاوانبارەکەی دیکە بووین، بەڵام بۆمان دەر کەوت خنکاوە، سەوڵەکان وەکار کەوتن و هەموومان بەرەو ئەو قاوەخانە بچووکەکەی چەند کاتژمێر لەوە پێش لەوێ بووین وەڕێ کەوتین. پراویس چەند برینێکی قووڵی پێوە بوون، برینێکی مەترسیدار لەسەر سینگی و یەکێکیش بە سەرییەوە بوو. لە قاوەخانەکە مەجالی ئەوەم دەست کەوت کە برینەکانی ببەستم و تۆزێك ئاسوودەی بکەم.

گـوتی کاتێك کۆڵەمستەکەی لە کۆمپی سێن داوە، هەردووکیان بەیەکەوە کەوتوونە نێو ئاوەکــەوە،

ماوەیەك لەنێو ئاوەکە شەڕیان کردووە و ئاخرییەکەی ئەو خنکاوە و پراویسیش خۆی ڕزگار کردووە. ئەو برینە سەریشی لەوەڕایە کە سەری وە ژێری کەشتییەکە کەوتووە.

داوام لە پۆلیسەکە کرد ئیزنی ئەوەم بدات قاتێك جلوبەرگ لە بازاری گشتی بۆ پراویس بکڕم، لەبەر ئەوەی جلەکانی خۆی تەڕ ببوون. ڕازی بوو، بەڵام بە مەرجێك جلە کۆنەکان لەگەڵ خۆی ببات.

بەم شێوە هەموو جلەکانی بەتایبەت دەفتەرە بچووکەکەی زەمانێك بە من بوو کەوتنە دەستی پۆلیسەوە. تا کاتی هەستانی ئاوی دەریا لەوێ ماینەوە، ئینجا پراویسیان سوارکردەوە و بڕیارمان دا هێربێرت و ئێستارتاپ لە وشکانییەوە بگەڕێنەوە لەندەن. بەڵام من هەستم کرد تا ئەو کاتەی پراویس زیندووە جێگەی من لە تەنیشت ئەوە. هەرچی بێت ئەو لەجیاتیی باوکمە. ئەو کەسێك بوو کە خۆشەویستی و چاکەی بۆ من بە کۆتایی گەیاندبوو.

لە ڕێگەدا داخ و ناڕەحەتی خۆم لەوە دەربڕی کە لەبەر من گەڕاوەتەوە و تووشی ئەو ڕووداوە ناخۆشە بووە. وەڵامی دامەوە: "کوڕی خۆشەویستم بەپێچەوانەوە، من زۆر خۆشحاڵم کە ئەم دەرفەتەم بۆ ڕەخساوە و کەڵکم لێ وەرگرت و هاتم تۆی خۆشەویستم بینی و زانیم کە تۆ بەبێ منیش دەتوانی بە سەربەرزییەوە ژیان بەرییە سەر."

پێویست نەبوو بزانێت کە هەموو ئاواتەکانی بۆ دەوڵەمەندکردنی من بە فیڕۆ ڕۆیشتوون. لەبەر ئەوەی بەپێی یاسا هەموو سەروەت و سامانی تاوانباران لە لایەن حکومەتەوە دەستیان بە سەردا دەگیرا.

# (٣١)

## مردنی پراویس

ئێوارەی یەکێك لەو ڕۆژانەی، کە لە خەمناکترین ڕۆژەکانی ژیانم بوو، هێربێرت هات و پێی گوتم بەم زووانە. بەجێم دیڵێت، ئەو بۆ ئیشی بازرگانی دەچوو بۆ قاهیرە. لێی پرسیم تا ئێستا بیرت لە داهاتووی خۆت کردۆتەوە؟ کاتێك وەڵامەکەم "نا" بوو، گوتی: "لقی تیجارەتخانەی ئێمە لە قاهیرە پێویستی بەیەك..."

هەستم پێ کرد بۆ ناوبردنی ئەو ئیشەی کە بۆی دۆزیبوومەوە، شکی هەیە کەواتە من دێڕەکەم بۆ تەواو کرد و گوتم: "... پێویستی بە سکرتێرێك هەیە."

ـــ بەڵێ، جارێ سکرتێرمان دەوێت، بەڵام ئەو ئیمکانەش هەیە ئەو سکرتێرە لە داهاتوودا ببێتە یەکێك لە بەشدارەکان. ئێستا پێم بڵێ، بزانم پێت خۆشە لەگەڵ من بێیت؟

سپاسێکی برایانەم لێ کرد و پێم گوت، بەداخەوە هێشتا ناتوانم بەباشی وەڵامی پێشنیارە دۆستانەکەت بدەمەوە. منی هیوادار کرد تا یەك ساڵیش هەرکات بڕیارم دا و چووم، ئەم شوێنە بۆ من پارێزراوە.

کاتێك ئەم بڕیارەمان دا زۆری پێ خۆش بوو، دەستمی گوشی و گوتی، ئیتر بە خەیاڵێکی ئاسوودەوە تا کۆتایی حەوتوو، لەندەن بەرەو قاهیرە بەجێ دیڵێت. ڕۆژی شەممە هێربێرت ماڵئاوایی لێ کردم. دڵی پڕ لە هیوا و ئاوات بوو، بەڵام

کاتێك منی جێ دەهێشت، کوڵی گریانی لە دڵدا بوو. هێربێرت ڕۆیشت و منیش بەتەنیا گەڕامەوە ماڵەوە.

پراویس لەنێو زینداندا زۆر نەخۆش کەوتبوو و بە بێحاوانەوە چاوەڕوانی دادگاییکردنی خۆی بوو، ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ حاڵی خراپتر دەبوو و بەرەو لاوازی دەچوو.

ئاخرییەکەی ڕۆژی دادگاییکردنی ڕاگەیەندرا و پراویس لە جێگەی تۆمەتبارەکان ڕاوەستا. ئیزنی منیشیان دا لە تەنیشت ئەو دانیشم و دەستی بگرم.

ماوەی دادگاییکردنەکەی کورت و ئەنجامەکەشی ڕوون بوو. ئەو شتانەی بۆ پارێزگاری لە پراویس پێویست بوو، گوترا. پارێزەرەکەی گوتی، لە کاتی تاراوگەنشینیدا بەوپەڕی ئەمانەت و ڕاستییەوە ژیانی کردووە، بەڵام ئەو ڕا-ستییەی کە ئینکار ناکرێ ئەوەیە کە بەبێ ئیزن گەڕاوەتەوە بۆ بەریتانیا. سزا-کەشی مەرگە و دەبێ خۆی بۆ ئامادە بکات.

منیش لە قووڵایی دڵمەوە ئاواتەخوازی ئەوە بووم کە پراویس بە نەخۆشییە-کەی ماڵئاوایی لە ژیان بکات نەك لە سێدارە بدرێت.

ڕۆژەکان یەك لەدووای یەك تێدەپەڕین و من شایەدی خراپبوونی حاڵی پراویس دەبووم. ڕۆژێك لێم پرسی: "ئازارت زۆرە؟" لە وەڵامدا گوتی: "کوڕی خۆم گلەیی لە هیچ شتێك ناکەم."

ـــ تۆ هیچ کات گلەیی ناکەی.

ئیتر هیچ وەڵامێکی نەدامەوە و دوواقسەکانی ئەوانە بوون. تەنیا زەردەخەنە-یەکی کرد و دەستی منی گرت و لەسەر سینگی خۆی دانا.

بە نیگەرانییەوە گوتم: "میگۆیچی خۆشەویست. مەجالم بدە ئەو شتەی ماوە-یەکە لەنێو دڵمدایە پێتی بڵێم."

لە جیاتی وەڵام دەستی منی بە هێواشی گوشی.
ـــ تۆ منداڵێکت هەبوو کە زۆرت خۆش دەویست و پاشان لێت ون بوو؟
دەستمی توندتر گوشی.

ئەوە ئێستاش زیندووە، برادەری باش و سەرشناسی بۆ خۆی دۆزیوەتەوە، ئێستا زیندووە و خاتوونێکی ناوبەدەرەوە و جوانە و منیش خۆشم دەوێت. هەموو هێزی خۆی کۆ کردەوە و دەستی ماچ کردم لە پاشان سەری بەسەر سینگی خۆیدا شۆڕ بۆوە و کۆچی دوایی کرد.

## (٣٢)

### باشترین برادەر

ئیتر بە یەکجاری بەتەنیا مامەوە. بڕیارم دا ئەو ژوورانەی لەگەڵ هێربێرت بەکرێمان گرتبوون بەجێیان بێڵم. زۆر قەرزدار بووم و پارەیەکی واشم بەدەستەوە نەبوو، وێڕای ئەوەش زۆر بە سەختی نەخۆش کەوتبووم، یەك دوو ڕۆژ لە کاتێکدا سەر و دەست و لاقەکانم ئازاریان هەبوو، لەسەر کاناپەی تەنیشت ژوورەکە درێژ ببووم. ڕۆژی سێیەم هەوڵم دا هەستمە سەرپێ. دوای دوو ڕۆژ هاتمەوە سەرخۆ و بۆم دەرکەوت کە نابێ هەروا لە سووچێك بۆی بکەوم. تام هەبوو و ئازارێکی زۆریشم بە هۆیەوە هەبوو، ئەو چەند ڕۆژەی ڕابردوو وەك خەوێك بە سەرمدا تێپەڕیبوون، هەمووی ئەو ڕۆژانەی کە من بە نەخۆشی لە جێگەکەمدا کەوتبووم و وەك خەوێك لە بیرمە کە کەسێك بەدەور و بەرمدا دەهات و شێوەی جۆی دەدا. ئاخرییەکەی یەکەمین ڕۆژ کە توانیم قسە بکەم، گوتم: "جۆ، ئەوە تۆی؟" دەنگە خۆش و زوولاڵەکەی جۆم گوێ لێ بوو، کە لە وەڵامدا گوتی: "بەڵێ پیپی خۆشەویست، منم."

وەك دیاربوو، لە هەموو ئەو کاتەی کە من نەخۆش بووم، ئاگاداری لێ کردبووم. هەواڵی نەخۆشیی منیان بە نامەیەك پێ گەیاندبوو و بیدی داوای لێ کردبوو کە بە زووترین کات بێت بۆ لای من. پاشان پێی گوتم، نابێ زۆر قسە بکەم و دەبێ ئەمرەکانی ئەو بۆ نانخواردن بەجێ بگەیەنم و بەتەواوی خۆم بخەمە

ئیختیاری ئەوەوە تا باش ببمەوە. گوتم: "ئەمر دەکەی گەورەم" دەستیم ماچ کرد و بە بێدەنگی لە جێگەکەمدا درێژ بووم. زوو خەریکی نووسینی نامەیەك بۆ بیدی بوو. نووسینیش لە بیدی فێر ببوو.

ڕۆژی دووایی بۆی گێڕامەوە، کە خاتوو هاویشام مردووە و پێش ئەوەی بمرێت بەشێکی زۆر لە سەروەت و سامانەکەی داوە بە ئێستێلا و بڕی چوار هەزار لیرەشی بۆ من تەرخان کردووە کە لە لای بەڕێز ماتیۆ پاکێتی دایناوە.

بە بیستنی ئەم هەواڵە زۆر دڵخۆش بووم، هەروەها جۆ پێی گوتم: "شەوێك ئۆرلیك لە ماڵی بەڕێز پامبێڵ دزی کردووە و لە کاتی دزیکردندا گیراوە و ئێستا لە بەندیخانەدایە.

لەگەڵ ئەوەی وردە وردە بەرەو باشی دەڕۆیشتم و هێزی لەدەستڕۆیشتووم دەگەڕایەوە، هەڵسوکەوتی جۆ دەگۆڕا و ڕەسمیتر دەبوو تا ڕادەیەك کە دووبارە پێی دەگوتم بەڕێز، زۆر ناڕەحەت دەبووم، بەڵام هیچم لە دەست نەدەهات، لەبەر ئەوەی ئەو کردەوانەی کە من لە ڕابردوودا بەرامبەر بە جۆ کردبوومن، ئەم بەهانەیەی دابوو بە جۆ بەم شێوە لەگەڵم بدوێت. بەیانییەك کە خۆشحاڵ و سەریحاڵ لە خەو هەستام، سەرێکی ژوورەکەی جۆم دا، بەڵام بەوپەڕی سەرسووڕمانەوە لە ژوورە-کەی خۆی نەمابوو و جانتاکەشی لە گەڵ خۆی بردبوو. بەپەلە چوومە مەتبەخ، نوسراوەیەك لەسەر مێزەکە بوو، کە ئەم دێڕانەی لێ نووسرابوو: "پیپی خۆشەویست، پێم خۆش نەبوو لەوە زیاتر لە لات بمێنمەوە، وێڕای ئەوەش تۆ باش بوویتەوە و پێویستیت بە من نەماوە. من بەجێت دێڵم، لەبەر ئەوەی دەزانم بەبێ من خۆشترت بۆ دەگوزەرێ. ئەو کەسەی بەردەوام باشترین برادەری تۆیە، جۆ."

هەروەها کاغەزێکی دیکەش لە ژێر نامەکە بوو هەڵم گرتەوە و سەرنجم دا و بۆم دەرکەوت کە لیستی قەرزەکانمە، جۆ هەموو قەرزەکانی بۆ دابوومەوە!

چم لەدەست دەهات، جگە لەوەی بە دووایدا بڕۆم و پێی نیشان بدەم کە سەرشۆڕ و شەرمەزار گەڕاومەتەوە بۆ لای ئەو. بەڵێ دەبوو بۆ لای بیدیش بگەڕێمەوە و ئەو هەستە گەرموگوڕەی ڕۆژگارێك بۆ یەکترمان هەبوو وەبیری بێنمەوە و پێی بڵێم کە چۆن هەموو ئاواتەکانم بە بادا ڕۆیشتن.

دەمهەویست پێی بڵێم: "بیدی، ڕۆژگارێك تۆ منت خۆش دەویست، ئەگەر ئەمڕۆ نیوەی ئەو خۆشەویستییەت لە دڵداما بێت، ئەگەر دەتوانی بە هەموو هەڵەکانمەوە و بە ڕۆحی هیوا بڕاومەوە لێم ببووری، هیوادارم بتوانم زیاتر لەو کاتە شایانی تۆ بم."

دوای سێ ڕۆژ کە هێزی جەستەم بە تەواوی گەڕایەوە، عەرەبانەیەکم بە کرێ گرت و گەڕامەوە بۆ شارەکەی خۆمان.

لە شارەوە بە پێیان بەرەو کارگەکەی جۆ وەڕێ کەوتم، کارگەکە داخرابوو، بەڵام ماڵەکە چۆڵ نەبوو، ژوورەکان چرایان لێ داگیرسابوو، پەردەی سپی و جوان بە پەنجەرەکانەوە هەڵواسرابوون و پەنجەرەکان کراوە بوون و گوڵدانی جوانیشیان لەسەر بوون، بە هێواشی نزیك بوومەوە، دەمهەویست بە بێدەنگی لە پەنجەرەکەوە لە ژوورەکە بڕوانم کە لەناکاو جۆ و بیدی قۆڵ لە قۆڵی یەکتردا و لە بەرامبەرم دەر کەوتن. لەگەڵ ئەوەی من و بیدی چاومان بە یەکتر کەوت هەردووکمان دەستمان بە گریان کرد.

من لە خۆشی ئەوەی ئەوم ئاوا جوان و تەندروست دەبینی و ئەویش لەبەر ئەوەی منی بە ژاکاوی و لاوازی بینی!

ـــ ئاه، بیدی خۆشەویست، چەندە جوان بووی!

ـــ بەڵێ پیپی خۆشەویست.

ـــ بەڵام تۆش ڕێکوپێکی جۆ.

ـــ بەڵێ پیپ کوڕی خۆشەویستم.

بەبیٚ ڕاوەستان سەیری هەردووكیانم دەكرد و دوایی بیدی بە دەنگێك كە لە خۆشیان دەلەرزی هاواری كرد: "پیپ، ئەمڕۆ ڕۆژی زەماوەندی ئێمەیە. من بوومەتە هاوسەری جۆ."منیان بۆ مەتبەخ برد. هەردووكیان لەڕادەبەدەر دڵشاد بوون. هەم لە دیتنی من خۆشحاڵ بوون، هەم لەوەی كە بە ڕێكەوت من لەو ڕۆژەدا گەیشتبوومە ئەویٚ و شادییەكەی ئەوانم دوو ئەوەندە كردبوو.

شوكری خوام بەجیٚ هێنا لەبەر ئەوەی كە لە لای جۆ وشەیەكیش باسی ئەو نیازەم نەكردبوو كە دەمویست لە گەڵ بیدی زەماوەند بكەم. لە قووڵایی دڵمەوە پیرۆزباییم لیٚ كردن و بۆ ئەو ئەزیەتانەی بۆیان كیشابووم، سوپاسم لیٚ كردن. پیٚم گوتن، بە زووترین كات دەچمە دەرەوەی وڵات و بۆ یەك چركەش ناحاوێمەوە تا پارەكەی جۆ كە نەیهێشتبوو بكەومە بەندیخانەوە، نەگەڕێنمەوە. پاشان گوتم: "برادەرە خۆشەویستەكانم، وێڕای ئەوەی دەزانم هەردووكتان میهرەبانن، بەڵام دەمهەوێت كە پیٚم بڵێن لە قووڵایی دڵتانەوە لە من بووراون."

جۆ گوتی: "پیپ، پیپی خۆشەویستم، ئەگەر شتێك بۆ لێبووردن هەبێت، سوێند دەخۆم لێت بووراوم."

"بیدی گوتی:" خوا بۆ خۆی دەزانیٚ منیش وەك جۆ لێت بووراوم."

## (٣٣)

### بۆ ئێستێلا

هەرچییم هەبوو فرۆشتم، قەرزەکانم دانەوە و ڕۆیشتم بۆ قاهیرە بۆ لای هێربێرت. ساڵیانێك تێپەڕی و من بوومە یەکێك لە بەشدارانی تیجارەتخانەکە. ژیانم لە لای هێربێرت و هاوسەرەکەی (کلارا) بە خۆشی تێدەپەڕی، لە گەڵ بیدی و جۆ بە نامە ئاگامان لە یەکتر بوو. ١١ ساڵ بوو ئەوانم نەدیتبوو، ئەوەبوو کە ئێوارەیەك لە ڕۆژەکانی مانگی دیسامبر بۆ دیتنیان گەڕامەوە شارەکەی خۆمان. جۆ وەك جاران بەهێز و لەسەرخۆ بوو، بەڵام بەو جیاوازییەوە کە ڕەنگی قژەکانی گۆڕابوو و بەرەو خۆڵەمێشی ڕۆیشتبوون. لە نزیك ئاگرەکە دانیشتبوو و خەریکی سەبیلەکێشان بوو، لە گۆشەی مەتبەخەکە سێبەرێکی خۆمم بینی کە لەسەر کورسییەکی بچووك دانیشتبوو، پێشتر من لەسەر ئەو کورسییە دادەنیشتم.

جۆ لە دیتنی من و لەوەی کە بەرەو کوڕە بچکۆڵەکەیان ڕۆیشتم و لە لای دانیشتم، زۆر خۆشحال بوو و گوتی: "ناوی ئەویشمان ناوە پیپ، هیوادارین تا ڕادەیەك وەك تۆ پەروەردە بێت."

شەو لە ماڵەوە هاتمە دەرەوە. حەزم دەکرد بۆ دووبارەکردنەوەی بیرەوەرییەکانی ئێستێلا سەردانێکی ماڵە کۆنەکەی هاویشام بکەم. بیستبووم کە ئێستێلا ژیانێکی ناخۆشی بەسەر بردووە. مێردەکەی پیاوێکی نامیهرەبان و تووڕە بووە، ئاخرییەکەی لەیەك جیا بوونەتەوە و لە پاشان مێردەکەی مردووە.

لەماڵەکە و کارخانەی بیرەسازییەکە شوێنەوارێك نەمابوو، تەنیا چەند د-یواری ڕووخاو بەرچاو دەکەوت، نزیك بوومەوە، سێبەری ژنێك لە دوورەوە دیاربوو، هاتە پێشەوەتر، سەرم سووڕمابوو و لە جێگەی خۆم وشك ببووم، هاوارم کرد:"ئێستێلا !"

ـــ زۆر گۆڕاوم، وا نییە؟سەرم سووڕ دەمێنێ کە تۆ چۆن منت ناسییەوە؟

لەو هەموو جوانی و نیانییەکەی پێشوو هیچی پێ نەمابوو، بەڵام هەروەك ڕابردوو سەرنجڕاکێش بوو.

لەسەر کورسییەك دانیشتین، گوتم: "زۆر سەیرە کە دووای ئەو هەموو ساڵە، ئێمە دووبارە لەم شوێنە دیدار دەکەین، بەڵێ ئێستێلا لە شوێنێك کە یەکەم جار یەکتریمان بینی. باشە تۆ زۆر دێیت بۆ ئێرە؟

ـــ نا.

دووای ماوەیەك بێدەنگی درێژەی پێدا و گوتی: "خاوەنی ئەم ملکە منم. پێویستە پێت بڵێم کە ئەم ملکە دوایین سەرمایە و سامانە کە بۆم ماوەتەوە، ئەوانی تریشم وردە وردە لەدەست چوون. بەڵام ئەم یەکەیانم ڕاگرتووە."

ـــ دەتهەوێ ئەم شوێنە لە سەرەتاوە دروست بکەیتەوە؟

ـــ ئاخرییەکەی ڕۆژێك هەر دەبێ چاکسازی بکرێتەوە. ئەمڕۆش هاتووم بۆ دوایین جار ماڵئاوایی لێ بکەم. باشە تۆ ئێستاش لە دەرەوەی وڵات دەژیت؟

ـــ بەڵێ.

ـــ دیارە لە ژیانەکەشت ڕازیت؟

ـــ بەڵێ ئێستێلا، ڕازیم.

ـــ من زۆر کات بیرم دەکردی.

ـــ منیش بەردەوام جێگەی تۆم لەنێو دڵمدا ڕاگرتووە.

ماوەیەك بێدەنگ بوو و لەپاشان گوتی: "بیرم نەدەکردەوە کە ڕۆژی ماڵئاوایی لەگەڵ ئەم خانووە کۆنە لەگەڵ تۆش ماڵئاوایی دەکەم، بەڵام لەوەی کە دووبارە تۆم بینییەوە زۆر خۆشحاڵم."

گوتم: "ئێستێلا سەرلەنوێ باس لە جیابوونەوە دەکەیتەوە؟ ئەگەر بتزانیبایە ئەم جیابوونەوە بەردەوامە بۆ من چەند ئازاراوی بووە! هێشتا بیرەوەری دوا دیدارەکەمان و ئەو جیابوونەوە خەمناکەم لە بیر نەکردووە، ئێستاش بیرکردنەوە لێی بۆ من پڕە لە ئازار."

ئێستێلا لە وەڵامدا گوتی: "بەڵام پیپ، تۆ ئەو ڕۆژە بەمنت گوت لێم بووراوی. ئەگەر ئەو ڕۆژە نەتوانیوە لێم ببووری، ئەمڕۆ لێم ببوورە، ئەمڕۆ، کە دژوارییەکانی ژیان زۆر وانەیان فێر کردووم و ئێستا بەهای هەستی ئەو ڕۆژەی تۆ دەزانم.

بەڵێ پیپی خۆشەویست من زۆر گۆڕاوم" ورد بووم و تێك شکاوم و ... هیوادارم ئەم گۆڕانە بەرەو چاکە بێت. پیپ وەرە و وەك ڕابردوو لەگەڵم باش و میهرەبان بە و پێم بڵێ کە بەردەوام وەك برادەری یەکتر دەمێنینەوە.

لەجێگەی خۆم هەستام، کڕنۆشم بۆ برد و گوتم: "بەڵێ ئێستێلا، ئێمە بەردەوام برادەر دەمێنینەوە."

ئەویش لەسەر کورسییەکەی هەستا.

ـــ بەڵێ پیپ برادەر دەمێنینەوە، بەڵام جیا لە یەکتر و دوور لە یەکتر.

دەستی لەنێو دەستم نا و پێکەوە لەو شوێنە چۆڵکراو و ڕووخاوە چووینە دەرەوە. لە کەشی بەرین و ئارامی دەرەوە و لە ڕووناکایی ڕەنگپەڕیوی شەودا، ئیدی هەستم بە سێبەری جیایی لە نێوان خۆماندا نەدەکرد.

